# لەم تەنهاییەدا باوەشێك

# لەم غەوغای هیچ نەوتنەدا بارانێك

تێکستی ئەدەبی

ئەرسەلان مەحمود

دیزاینی ناوەوە: AMK

بەرگ: ئیبراهیم سالّح

چاپی یەکەم

چاپخانە:  کارۆ

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپێردراو:٢١٠٥

لێم خۆشبە دایکە!

فریا ماچ کردنی دوا هەناسەت نەکەوتم!

به

ئاسمان و ئەستێرەکانم

کەژێ / ئەلەند - وارێ

پێشکەشە

# لەم تەنهاییەدا باوەشێك
# لەم غەوغای هیچ نەوتنەدا بارانێك

تێکستی ئەدەبی

ئەرسەلان مەحمود

# پێرست


| ژماره | تێکستەکان | لاپەڕە | ژماره | تێکستەکان | لاپەڕە | ژماره | تێکستەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پەیڤێك | ٧ | ٣٠ | دەهۆڵ | ٦٨ | ٥٩ | ژەنیار | ١٦٦ |
| ٢ | ئەی ژیان | ١٢ | ٣١ | بەدگۆیی | ٧٠ | ٦٠ | خۆتبەدور بگرە | ١٦٨ |
| ٣ | بەور | ١٦ | ٣٢ | گونجان | ٧٢ | ٦١ | خەونی گەرم | ١٧١ |
| ٤ | عەشق | ١٧ | ٣٣ | رژان | ٧٥ | ٦٢ | هەیهات | ١٧٣ |
| ٥ | ئازادی | ١٩ | ٣٤ | بەرێگەوە | ٧٧ | ٦٣ | قەوان | ١٧٤ |
| ٦ | غەوغا | ٢١ | ٣٥ | پیاسە | ٧٨ | ٦٤ | کۆتاکان | ١٧٦ |
| ٧ | شکان | ٢٤ | ٣٦ | دایکم | ٨٠ | ٦٥ | گەڵا کەلام | ١٧٨ |
| ٨ | شتەکان | ٢٦ | ٣٧ | ئاوازێك | ٨٤ | ٦٦ | دابڕان | ١٨٠ |
| ٩ | نامەکان | ٢٩ | ٣٨ | رێمان | ٨٦ | ٦٧ | ئایندە | ١٨٢ |
| ١٠ | گوناهـ | ٣٣ | ٣٩ | سێڵفییەك | ٨٨ | ٦٨ | نامۆیی | ١٨٥ |
| ١١ | شەماڵ | ٣٥ | ٤٠ | هەورەکان | ٩٠ | ٦٩ | پۆزش | ١٨٦ |
| ١٢ | فەزای تاریك | ٣٦ | ٤١ | سەفەر | ٩٢ | ٧٠ | سیاسیەکان | ١٨٨ |
| ١٣ | کەژێ | ٣٨ | ٤٢ | زەمەن | ٩٤ | ٧١ | هەتاوی | ١٨٩ |
| ١٤ | سەراب | ٤٠ | ٤٣ | بێهودەیی | ٩٥ | ٧٢ | خەڵوز | ١٩١ |
| ١٥ | شارێك | ٤١ | ٤٤ | وێڵ | ٩٨ | ٧٣ | دەزانی | ١٩٣ |
| ١٦ | روبار | ٤٣ | ٤٥ | کۆدەکان | ١٠٠ | ٧٤ | کوردایەتی | ١٩٥ |
| ١٧ | خۆشمدەوێ | ٤٤ | ٤٦ | پایز | ١٠٤ | ٧٥ | گۆرانی | ١٩٧ |
| ١٨ | واقیع | ٤٥ | ٤٧ | ئێوارە | ١٠٦ | ٧٦ | گۆڕ | ١٩٨ |
| ١٩ | خۆرهەڵات | ٤٧ | ٤٨ | بارگاوی | ١٠٩ | ٧٧ | باك | ١٩٩ |
| ٢٠ | شنانەوە | ٤٩ | ٤٩ | سەرگەردانی | ١١٣ | ٧٨ | باگۆڕکێ | ٢٠٠ |
| ٢١ | هەرمان | ٥١ | ٥٠ | رۆژێکدێ | ١١٨ | ٧٩ | شەوگار | ٢٠٢ |
| ٢٢ | باوکم | ٥٢ | ٥١ | پەژارە | ١٢٦ | ٨٠ | دەنگدێ | ٢٠٣ |
| ٢٣ | ناونیشان | ٥٥ | ٥٢ | بروسکەکان | ١٣٩ | ٨١ | هاوڕێ | ٢٠٤ |
| ٢٤ | یادەوەری | ٥٧ | ٥٣ | شنەی شاد | ١٥١ | ٨٢ | باوەش | ٢٠٧ |
| ٢٥ | دوکەڵ | ٥٨ | ٥٤ | رەنگ | ١٥٢ | ٨٣ | ون | ٢٠٩ |
| ٢٦ | نەهاتی | ٦٠ | ٥٥ | خاڵدامەنێ | ١٥٥ | ٨٤ | بەیانی | ٢١٠ |
| ٢٧ | پەنهان | ٦١ | ٥٦ | گەنجێتی | ١٥٨ | ٨٥ | ئایدیای منداڵی | ٢١٢ |
| ٢٨ | رێگەکان | ٦٥ | ٥٧ | باران | ١٦٠ | ٨٦ | | |
| ٢٩ | میللەتێك | ٦٧ | ٥٨ | هەژان | ١٦٣ | ٨٧ | | |

# پەیڤێك!

ئەوەی لەپەر بەپەڕی ئەم کۆ تێکستە کەم خوێن و کەم هەناسەو کورت نەفەسانەدا دەیخوێنیتەوە، نازانم چییەو دەچێتە چخانەو ژانرێکەوە ئەدەبی، یان ماریفی یان چجۆرە فەهم و سەرواو بەرواوێکەوە لەبوارەکانی نوسیندا. ئەوەندەی هەیە خۆمم یاداشت کردوە، هزرینمم تۆمار کردوە، بینینمم هۆنیوەتەوە، تێگەیشتنمم هێناوەتە سەر زمان، وشەکانمم هێناونەتە سەر لاپەڕە، بێگومان بەم زمان و ڕیتمەی خۆم بەلامەوە دڵخوازو ئەرێیە.

لەو باوەڕەدام ناسکردن و خۆ دۆزینەوەی خود لەناسنامەو بوارێکدا، بەندە بەئاست و ویستەکانی ئەو خودە لەهزراندن و فراژاندنی ڕۆشنبیرییە تایبەت و هەمەکیەکەی بەندە بەچەسپاندن و بەرجەستەکردنی ڕەنگدانەوەو ئازادییە خودییەکانی خۆی لەخۆدا.

خودێك هێشتا جوانوی خۆی بەرەو خودکۆیلەیی خۆی لینگ بدات، هێشتا ئەسیری زیندانە سەختە ناواخنییەکەی خۆی بێت، باوك باخەوان و باخچەی لەخوێندنگەکانی نەریت بێت، بێگومان خودێکە بێماڵ و خودێکە بێخاك و خودێکە بێناسنامەو بێحاڵی هەپرون بەهەپرونکراو لەبۆتەی هزرو باوەڕە زاڵگەراو تواوەکان لەکۆیەکی مەزندا، بوونی لەکوێ بوو، باڵیش بگرێ ئەو خودە، دواجار هەر نەیتوانیووە بفڕێ!

بەدیاریکراوی، دروست لەماوەی دەیەیەی ڕابردودا، حیلەحیل و غارغارێن و تەدبیرو تەگبیری دەیان لەو چەشنە خودە خۆ بەئەدیبزان و ناونیشان

جیاوازانەمان بینین، بەڵام تا ئەوان خودانی خود کۆیلەگەریان هێنایە سەر دارِشتنەوەی ژیان لەفۆرِمێکی نوێدا، خۆیان کەوتنەوە جوینەوەی بانگەوازو خوێناکردنەوە لەعەباو چەفییەو عەگگال و عەمامەی تاران و توران عەرەبییدا، ئەدیبمان لەکوێ بوو!

خود ئەسپییەکانی خۆ لەخۆدای ئێمە، دواجار هەموویان بەرەو ئەو بێخودییە غار دەدەن، ئینجا با جۆری رِمبازی و جیاوازی لەناوەکانی خودانی غاردەر هەر وەك یەك نەبن، دواجار هەمویان لەخودێکی بێخوددا هەر دەبنەوە بەیەك، لەخودگەرایی ئێمەدا، ئەگەر نەوتریێ ئاژەڵێکی خۆ گۆرِ، ئەوە بەرِەهاییەوە هێشتا خودێك دەژییەت رِووەکی. یانی دەرِوێت، گەورە دەبێت، دواجار بەبێ ئەوەی هیچێك لەفراژۆ پێکردنی هەبوون بخاتە سەر ئەو هەبوونە، وەك ئەوەی دەبێ لەوەرزی هەڵوەریندا هەڵوەرێ و بمرێ، دەوەرێ و دەمرێت!

ئێمە داهێنەر نین، بەڵکە پێرِۆی چەند رِێسایەکی خوێناکردنەوە دەکەین، نوسەر نین، بگرە پیادەی چەند خەسڵەتێکی نوسین دەکەین، ناڵێین، بگرە هەموو ئێوارەیەك بەیادی جاران، جارانی تەژی لەدوعاو دەعبای رِەش، دەرِشێینەوە لەکات کوشتن!

لەخەیاڵدان و زیهنیەتی ئێمەدا، نەك هەر تێزو رِوانگە گەلێکی ئەدەبی فکری فەلسەفی و ئاینگەرا، هێشتا هەر نەمر ماون، دارِێژەرەکانیشیان هێشتا هەر دەژین!

پەرِینەوە لەم حەقیقەتە، بێگومان زۆر گرنگە بۆ خودێکی داهێنەر، ئەو ئەدیبەی نەتوانێ رِابردوی خۆی لەبیر بەرێتەوە، توانای هێنانە بەرچاوی

داهاتوی نابێت، وێژەی ئەدەبی ئێمە وێژەیەکی زۆر کەم وزەیە لەو بوارەدا، لەم سەردەمە دیجتاڵی و بێماڵییەدا مرۆ گەر بیەوێ ئەدیب بێت دەبێ دەریا بکاتە سەرمەشقی هزراندن و ئەفراندنی خۆی.

ئەدیب دەبێ ببێتە کودەتاچی، دەبێ هەموو ساتێك ئامادەیی هەڵگەڕانەوە لەخۆی و لەجڤاکی تیادا ڕسکاو بێت، کردەی ئەدیبی ڕاستەقینە، کردەی بێهاوتای دەریایە بێگومان وەك هەمیشە لەونکردنی ئێستادا، ئەو ئەدیبەی باوەڕی بەوەها کودەتایەك نەبێ ئەوە دواجار دەبێت دەم و دەست لەبەر قاپی ئاسمان پانبکاتەوەو بکەوێتەوە پاکانە کردن، دەبێت بۆ هەمیشە دەرگەوانی بەردەم چایخانەکانی شەعب و مەچکۆبێ و تاماوە برایم زەبۆك و هەمزە تۆڤیان تیادا بخوێنێتەوە!

وێرای ئەوەیش، لەدیدی مندا، ئەرکی بنەڕەتی ئەدیب، تەنێ هەر ئافراندن و دەربڕینی هەست و سۆزی خودی و نوسینەوەی جڤاك نییە لەفۆڕم و زمانێکی جیاوازدا، کاری ئەدیب کردەیەکی باڵاو ڕەخنەو بەرەنگاربوونەوەی جڤاك و نەریتە باوەکانیشە بێگومان بەرەو ئاڵوگۆڕپێکردن و نوێکردنەوەی هزری مرۆڤ لەفەزایەکی نوێدا. ئەدیب دەبێ دوێنێ لەبیر بکاو دژی ئێستاش بێت!

کاتێ قسە دێتە سەر خودی خۆم، هەمان تشت خۆی دوبارە دەکاتەوە، ئاخر خۆ منێکی نیوە سۆزو نیوە یاخی و نیوە ڕاستوێژو نیوە هەڵچوش، لەم ڕۆژگارە کلۆڵەدا، لەم فەزا بێمروەتەدا، لەم دۆخە وەستاوەداو لەم نیوەی ڕێیەدا، دواجار هەر هەست بەسەر گەردانی و گەمارۆ دراوی دەکات!

زۆر جاران، بۆ وتنی قسەو نوسینی تێکستێکی نەوتراو، ویستوومە بۆی دەرکەومە دەرەوەی کەوڵە نەرێتییە خودییەکەی خۆم، بەڵام دوبارە خۆدیتنەوە لەناو مینبەری مەعبەدو چاپخانە زار قەرەباڵغەکانی کۆمەڵگەدا، خۆدیتنەوە لەناو باخچە هەڵواسراوەکانی سزا، خۆدیتنەوە لەدەم دەربەندە دڕکاوییەکانی ئەم زەمەنە زلمایەیەدا، بەڕاکردن گەراندومیەتەوە دواوە!

لەمندا، ئەگەر ئەسپێك هەبێ، بیەوێ لەناو سەوزاییە بێسنورو سەروبەر نەگیراوەکاندا بژی، ئەوا چۆلەکەیەکیش هەیە حەز بەچوونەوە ناو قەفەز ناکات، لەنێوان ئەم دیارو نادیارییەی مندا، خودێکی نیوە ڕێ هەیە، دیارو نادیارێکی بریندار هەیەو بەردەوام بەشوێن دۆزینەوەی تیمارەوە لەسەفەر دایە، لەهەمان کاتدا ئەوە منێك نیم لای لایە دەکات تا بێدەنگی باڵ بەسەر بێماڵیدا بکێشێت و بیەوێ دەنگەکان خەو بیانباتەوە، نا هەرگیز، بەڵکە ئەو خودەی لەمندا دەژی، هێشتا سەوداسەری گەڕانە بەشوێن دۆزینەوەی ئەو منەی لەمندا دەژییەت، نایەوێ دواجار لەهیچ ترافیکی سونەتیدا بووەستێ و نایەوێ خۆی بەهیچ کوشنێکی نەرێتیەوە ببەستێتەوە. ئەز ماشێنی بوونێك لێدەخورم، ئاوەزێکی نوێ بخاتە سەر هەبوون، نەك ئەوەی ئەم بوونەیش داویەتی، لەناوی ببات.

با بێمەوە ئێرەو نزیکتر بدوێم، لەدیدی مندا، ئەدیبی ڕاستەقینە دواجار ئەدەب خۆیەتی، شاعیری حەقیقی سەرئەنجام شیعر خۆیەتی، ئەبەد ئیددیعای ئەدیب و شاعیر بوونم نەکردوەو نایکەم، ئەمە نەلەبەر ئەوەی بوێری

ئەوەم تیادا نیە، لەڕاستیدا شەخسییەتی ئەرسەلان مەحمود مەگەر بەخزمایەتی هزری، ئەگەرنا بەحەوت پشتیش ناچێتەوە سەر ئەم بابە.

ئەزانی حەیفە خۆت بەئەدیب بزانی و بەربادبیٚ کەسیەتیت، شەرمە خۆت بەشاعیر بزانی و دەرباربیٚ شەخسیەتت، ئەدەب و ئەدیبوون هاوتاو هاوسەنگ بوونە لەکەسێتیدا، شیعرو شاعیر بوون پابەند بوونە لەشەخسیەتێکی یەکگرتوودا، ئەز نەدەربارو نەبەربادم ئەمە نەلەهزرین و نەلەکەسێتیشدا، بەڵام وجودە سایکۆلۆژییەکەم ڕێگە نادا هاوتاو هاوسەنگ و پابەند بمێنمەوە لەم دنیا تایبەتەدا.

ئەرسەلان مەحمود ناتوانیٚ گڕوگاڵ نەکاو ناکاریٚ منداڵی جێبهێڵێت، ناتوانیٚ ڕوت نەدویٚ و لەپۆشاکێکدا بمێنێتەوە، ناتوانیٚ نەبێت بەهەورو نەگرمێنێت بەسەر زەمان و زەمەندا، هەر ئەوەشە وایکرد ئەوەی نەیتوانی بەزمانی با بیلێت، بەئاوەزی باران، لەچێوەی ئەدەب"تێکستی ئەدەبی"دا بیلێت.

ئا لێرەوەیە لەم فەهمەوە بەلای منەوە، خوێنەر ئەو پانتایی و یارگەیەی نوسەریش نامێنێت، بەڵکە ئەوە خودی ئەو سەفەرەیە دواجار دەتوانیٚ کێشت بکات بۆ ئەزمونکردنی ڕێگەیەکی نویٚ.

**ئەرسەلان مەحمود**

# ئەی ژیان

## "هەمووان ناگەن بەنەمری"

ژیان مرد!

لەبێڕەنگییەکی قوڵدا، لەبێدەنگییەکی ڕوتدا!

لەحیکایەتێکدا کۆن، لەپەنجەرەی ڕوانینێکەوە نوێ، لەنهۆمە هەزار بەهەزارە

سورەکانی دنیاوە هەڵدێرا، هەڵنەستایەوە!

ژیان مرد!

گوێ بگرە

لەهاڕەی ئەم ڕێژنە وەرینە بارانە بێ گەڵایە!

هەرێز کانیلەیەکی خنکاند! دەریاچەکان هەڵچوونەوە پەلکە گیا دیار نەمان!

ڕێسمانەکان کەوتنەوە سەرپێیان! ئاسمانەکان هەڵکشانەوە بەرەو خوار!!

باڵندەکان بەئاسۆوە فەنا بوون! هەوا باگژ، تەنگەتاو، تەریك، ڕوناکی ڕەش،

دنیا غەوغا! هیچ نەگۆڕا، هیچ ڕوی نەدا!!

هیچ نەسازا!

جامێك ژیان دەنێنم بەلێومەوە، بەتاڵە !

خەندەیەك لەژیان دەهێنم و دەبەم، پێکەنینەکە تاڵە !

خەمێك دەمهێنێت و دەمبات، ژیانی لەدەمم گرتووەتەوە بۆ خۆی !

خەون بەخەونەوە نامبینێت، ناکامانە میز بەتەختەی

خەوەکەدا دەکاو دەمشواتەوە لەژیان !

ماڵەوە تون !

دەرەوە تاریك ! شەقام، چۆڵەوانییەکە بێهودە زار قەرەباڵغ !

رەفتار بازاڕێکە بێپەروا هەرزانفرۆش ! شار زیندانێکە تەواو کراوە !

وڵات، کراسێکە تەسك، تەنگەبەر، بەبەر هەمووواندا ناچێ !

سنور، لوت !

سەردەم، هەر سەردەمی هەڕاجکردنی شتە کۆنەکانە !

باو هەر باوی سوجدەبردنی بەکۆمەڵ و بازاڕی هۆڵەداخراوەکانی ناڵەو شینە !

ئەم هەموووو تەرمە، ئەم هەمووو تارماییە چۆن بناسمەوە ! نە هاوارێکم هەیە

ببیسترێ و نە سەداو ڕەنگدانەوەی خۆشم گوێ لێیە !

وەڕەز بوم،

لەناشتنی تەرمی ئەم هەموو چرکەساتە!

ئەم هەموو ڕۆژە! ئەم هەموو مانگە ئەم هەموو

ساڵە ئەم هەموو سنەوبەرە، ئەم هەموو

شوشەیە!

بێزار بوووم،

لەچنینەوەی ئەم هەموو گوێزە پوچە!

لەچکانەوەی ئەم هەموو هەنارە هیچە، لەگەورە کردنی ئەم

هەموو نەمامە بچوکە! لەبا دەرکردنی ئەم هەموو جەنگەڵە،

ئەسپێك لینگ دەدەم ڕەش، مردوە،

مردوە ژیان!

واااااااااااااااای لەسوتانی ئەم هەموو کچە گەڵایە! داد لەخنكانی ئەم

هەموو کوڕە نارنجییە! شێتبووم بەدەست خۆمەوە لەتاسەی ئەم هەموو

وێنە بەدیوارەکانەوە لەچنگ ئەم هەموو کڕنۆشبردنە بۆ سەقفەکان!

دڵم پڕ پڕیەتی لەهیچ!

ژیان دەستی هەمووان ناگرێت نا، باوەش

بەمەرگدا دەکەم و بەخۆم دەڵێم: ئۆخەی

من چیتر تەنها نیم!

ئاااااااااای چ درۆیەکی

عەنتیکە بوویت ئەی ژیان! چیتر فریوخۆری تەماو ئیتر هاودەمی عەزابەکانت نابم، فریشتەکانت بۆ خۆت، قەرەجەکانت بۆ من، فریادڕەسەکانت بۆ خۆت، نەوڕەسەکانت بۆ من، ماسکەکانت بۆ خۆت، ئاسکەکانت بۆ من، ئاشقەکانت بۆ خۆت، دژەکانت بۆ من، کتێبەکانت بۆ خۆت، هەورەکانت بۆمن، کۆمێدیا بۆ خۆت، تراژیك بۆمن!

ئەوەی دەملاوێنێتەوە ئەی ژیاااان، تۆ نیت!

ماچکردنی تەویڵی هەناسەیەکە قوڵتر لەقوڵاییەکان!

سەر ڕێژی ڕوبارێکە لەنەهات! زیندوتر لەتۆ!

# بەور

## "ئەو جەنگاوەرانەی لەگەڵ نێرگز برینەکانی خاك سارێژ دەکەن"

موودەتێکە خەریك بەخوێندنەوەو

خەتمکردنی دەق بەدەقی نەبەردی بەورە چاو تیژەکانی

"کەرکوك تا کوبانێ و ئەڤرین"م!

ئەو جەنگاوەرانەی

بەشەو ڕۆشنایین، بەڕۆژیش لەگەڵ نێرگز، بۆنی خاك بەسرودو سەماوە

خۆش تام دەکەن!

ئەم خاکە،

دۆزەخی تارماییەکان و مەئوای بەورەکانە!

زەلیلەکان بەسواری حوشترەوە، لەلم و لیتدا نەبێ هەڵناکەن!

ئەم سەر زەمینە، لەوەڕگەی سوڵتانەکانی

بیابان نیە!

# عەشق

## "کۆڵانێکی تر، شارێکی تر، زەمینێکی تر نابینی بتگرێتەوە خۆی"

لەناو ئەم هەموو

بوونەوەرگەلە نەگۆڕو، بێگۆڕەدا!

تەنها شتێك ئەگەر مابێ بۆ بەزیندو هێشتنەوەی هەبوونت،

بۆ دڵخۆشیت، بۆ فراژۆ بوونت،

ئەوە عەشقە!

ئەوەی دواجار

هەبوونت نەیتوانی بونیادی بنێ، عەشق دەتوانێ بەمانای بکات،

دەتوانێ بیبارێنێت، بتبا بەرەو خۆت، بەرەو ئەبەدییەت، لەوو

یا لەوانی تردا!

کامڵبوونی بەرسیلەی عەشق لەهەر خودێکدا،

یانی دۆزینەوەی دورگەیەکی نوێ لەهەبووندا،

دورگەیەك خاڵیخاڵی

لەبوونەوەرگەلی گەمژەو زیندە زەردەواڵەی ژیان کوژ!

هەبوونێك نەسەربازگەی عەقڵ و نەجەنگاوەری دەبەنگ

تیایدا هەڵنەکات!

ژیانێك، شەپۆلە دڕکاوییەکانی

خەمی ئێستات، نەتوانێ ئایندەت لەکەدار بکات!

عەشق، ئەوەیە ئیزافە بخاتە سەر هەبوونت، نەك

ئەوەی هەیشە ئەتکی بکات!!

تۆ، ٣٥ بەهاری تریش بچێتەوە سەر هەبوونەکەت،

بەبێ عەشق، کۆڵانێکی تر، شارێکی تر، زەمان و زەمینەیەکی تر نابینی

بتگرێتەوە، باوەش خۆی! عەشق لەتەنهایشدا مرۆ دەکا بەئاوەدانترین

بوونەوەری دونیا، دەیکاتەوە بەخۆی، بەخۆۆت!

# ئازادی

## "کاتێ دەگاتە ئێرە، لەکوێی دابنیشێنم، لەکوێی بشارمەوە"

ئازادی چییە؟!

سودی چییە، چ کارەیە؟!

لەسەر پێیە، تا کوێ دەتوانێ بڕواو نەوەستێت، نەکەوێت ؟!

بەچی دەژییەت، ئایدیۆلۆژییەکەی چییە، چەپە، ڕاستە، شەرقییە غەربییە؟!

پاترياکە، فێمێنیستە، نێرە، مێرە، گەنمییە یان گیایی، خاکییە یان دەریایی،

مرۆ سەلارە چییە؟! تەبیعەتی مەجازییە یان میزاجی، فەردییە یا جەماعی؟

موتڵەقخوازە یان ڕەهاگەری ؟! چ دەخوات و بەچ دەژییەت، چ دەدات و چ

دەمژێت؟! چ دەچێنێ و چ دەچنێ، کاتێ دەگات، لێرە لەکوێ

دایبنیشێنم، چۆنی بشارمەوە

تا نەشلەژێ؟!

ئازادی لەمزگەوت،

وەك ئەوەی دەیەوێ بۆی نەبێت هەڵبكات!

لەزانكۆ وەك ئەوەی دەخوازێت بۆی نەبێت بخوێنێت، لەشەقامیش بەسروشت

نەتوانێ ئەزموون بكات، لەماڵەوە بخرێتە گۆشەو مەنگەنەوە، نەتوانێت بفڕێ

دەبێ چیبكات؟! چی بدەمێ تا نەمرێت!!

تا نەخورررێت!!

ئازادی، ئەوە نییە بەباڵی باڵندەیەكی كۆچەری بپێورێ و بەئەندازەی

قازێكی دەستەمۆش قسە لەفڕین بكەیت، پێشبڕكێ كردنە لەگەڵ "با" دابڕانە

لەباوەشێنكردنەوەی خەلۆزی بەردینی مێژو، نەڕوانینە بەچاوی جوگرافیاوە،

بیرنەكردنەوەیە بەهزری بیركاری، بەزوڕنای زمان و دەهۆڵی هونەر!

ئازادی، پاكبوونەوەیە لەكۆۆۆۆۆۆ!

لەجوینەوەی كاڕوش و كاوێژی كۆمەڵایەتی، لەمۆرانەی ئابوری، لەئیرشادات

و تەفسیراتی دەستی دووی دینی لەڕۆمانسیەتی نیشتمانی لەهەواو هەوەسی

كیمیاوی و فیزیكی، بارانە ئازادی!

# غەوغا

## "ئەرێ _ با _ ئەو هەموو قسەیە بۆ کێ دەکات، بۆ کوێی دەبات"

نیشتمان، چییە؟!

لەقەرەباڵغیدا ژیان و لەتەنهاییدا مردن، لەگەنجێتیدا نانی بەردو لەپیریشدا شەرابی مۆر، لەئەوجی پێکەنیندا دەردو لەنەهجی ڕاچەنینشدا خۆڵەمێشی ئاگردان، لەجوڵەدا تەیارەی باجەڕو لەڕێگەشدا قامەتی گۆچانێکە داخراو، لەدڵدا شمشێرێکی ژەنگاوی و لەدەنگدا بلدۆزەرێکی کۆنە لەم ڕۆژهەڵات و ڕەوشەدا نیشتمان!

ئیشمان چییە؟!

لەبێدەنگییەکدا بوون و لەغەوغایەکدا نەبوون!!

زمانی لەتەون و تەمەن درێژترو ئەزموونی بەنەقڵ لەعەقڵ

کورت ترە وەتەن! وڕ! با بواری نادا بیربکاتەوە لەخۆی،

نازانێ چەندی دەوێ بۆژیان، نافامێ سەعاتی

وجود ڕێکبخات!

نەبوونییم دیت !!

شیین شیین بەهەبوون پێدەکەنی!

ئەریٚ "با" ئەو هەموو قسەیە بۆ کیٚ دەکات، بۆ کوێی دەبا!؟!

ئەوەی نەیتوانی لەبا بگات، دەتوانیٚ لەخاك و لـەخۆی بگات؟!

سەیرکە دینار لەبەخەیاڵیدا نەماوە

نیشتمان، لەبەر با!

ماوەیەکی درێژە،

کار لەسەر سڕینەوەی هەر وەهمێك دەکەم، دەبێت بەتارمایی!

دەست بۆ پڕکردنەوەی هەر بۆشاییەك دەبەم دەڕژیٚ لەتاریکی، خەریکە خۆم دەدۆزمەوەو نیشتمان وندەکەم، ڕەنگە خۆم ونبکەم و نیشتمان بدۆزمەوە!!

بەدەم ئەم کۆمێدیای خۆدۆزینەوەو تراژیکی خۆونکردنەوە، ئەوەی دەمانبا، بای وادە نیە زەمەنی ناوادەیە وەك نیشتمان دەکەومە کوێی زەمەن، زەمەن دەکەوێتە کوێی منەوە دیار نییە، ئەوەی لەقوژبنێکدا وجودی بەهەدەر دابیٚ، هەبوونی لەگۆشە بەگۆشەی ئەم جیهان و ئەم گەردونەدااااااا،

وێران کردووە!!

نیشتمانی خۆرهەڵاتی،

ئەوەی تیایدا هەڵنەهات خۆر بوو ئەوەی لێیەوە ئاوانەبوو تارماییە تاریکییە !

لەکۆڵانێکدا لەدایکبوون بەشەقامێکدا ڕێکردن لەماڵێکدا پیربوون لەگەڕەکێکدا مردن، مرۆ ناکات بەهاونیشتمانی، نیشتمان وردوخاخش دەکات لەزیهنیەتدا، لەڕوانگەو ڕوانیندا !

نیشتمانی خۆرهەڵاتی

هەزار دەرگەی دەوێ بۆ کرانەوە بەڕوی خۆیدا، هەزار چاوی دەوێ تا خۆی بدۆزێتەوە لەچاوی چاوەڕوانی ئەوانی تری غەیرە خۆیدا ! لەقسەکانی نەنکم دەچێت، ئەم غەوغایەو حیکایەتی هەستان لەخەو! دەم دادەخەی، مێشکت با دەی بات، دەم دەکەیتەوە، قسەکان با دەی بات ! مەگەر هەر لەبەرخۆوە دوعابکەی بڕوخێ با !

# شکان

## "جگە لەتۆ، کۆنابمەوە، لەهیچ کەسدا"

تۆ، بۆ ژیان

پێدەکەنی و منیش بەژیان!

کێ دەڵێت پێکەنین هەررر

پێکەنینە!

○

تۆ، یەکێکت

دەوێ لێکتبداتەوە، منیش یەکێك

بمنووسێتەوە، کێ بوو گوتی یەك

هەر یەکە!

○

تۆ، دەستنوێژەکەت

شکاووو منیش دڵم، کێ بوو فەرمووی:

شکان هەر شکانە!

ئەوان

کتێبەکانیان سوتاند،

بێ ئەوەی بزانن بۆ، تۆش دڵی من!

کێ دەڵێ نەزانی هەر

نەزانینە!

○

تۆ، جگە لەمن،

دابەش دەبی بەسەر هەموو کەسدا! من بێجگە لەتۆ،

کۆنابمەوە، لەهیچ کەسدا! حەز ناکەم بڵێی: شێت!

بەڵام شێتبوونە!

○

لەدەرەوە

باران دەبارێ و تۆش لەژورەوە دەداکەی!

بارانەکە دەنگێك بەسەر گەڵامیوەکانەوە دروست دەکات،

هەرمێ ڕوتەکانی تۆش بەسەر تەختەی

خەوەکەوە!

# شتەکان

## "دو دڵۆپ فرمێسك بەسە بۆ باش بینینی شتەکان"

لەڕوناکیدا بژی،

چوزانی چ بەڵایەکی گەورەیە تاریکی! ئەو شتەی

زەوت نەکراوە لێت، بەهای لەدەستدانەکەی چوزانی چییەو چەندە!!

شتەکان ئەبەدی نین، خۆیان دەگۆڕن، عەدەمی

قوربانیەکانن!

○

گوی بگرە!

ژنەکان نەزۆك دەرچوون، پیاوکانیش هەروەها!

ئازادی بواری ژنانی نەدا، پیاوانیش خنکاندیان

لەجێدا!!

○

ئەوەی گوتی: دو دڵۆپ فرمێسك بەسە بۆ باش بینینی شتەکان!

رونینەکردەوە ئەی ڕژانی ئەم هەموو خوێنی ناحەقییە چییە؟!

ئەوەی

بەخۆیەوە خەریكی كردوین، شتەكان نین،

بێهودە خولانەوەی ڕۆژەكانە بەدەوری شتەكاندا،

تۆ، دەورانی ڕۆژەكان نا، وەرە دورییان

بگۆڕە !

○

هەندێك لەسەر ئالاّ دەخەون و هەندێكیش لەناو ئالاّ!

زۆرینەیەك لەسەر شۆستەكان دەژین و كەمینەیەكیش لەسەر پۆستەكان !

هەن بەسێدارەوە دەمرن و هەشن لەبێدار نەبوونەوەدا، خوشكانێك بەعەبای ڕەشەوە لەمەتبەخێكدا غەڕبی، خواردن ئامادە دەكەن و مەسیح لەخاچەكەی نایەتە خوارێ، برایانێك دوای لێدانەوەی قەوانێكی شەرقی لەهۆڵێكدا غەربی، دەمامكیان دادەماڵن و دەكەونەوە قون ماچكردن لەدوكەڵدا، ئاسمانیش تورە نابێ، شوێنەكان خۆیان لەڕوناكی قاچاخ حەشاردا، تارماییەكان لەكردەیەكی خۆ كوژیدا شتەكانیان لەتەپوتۆزی تەنهاییدا ونكرد، پردەكان بۆ پەڕینەوە نەمان، كۆترەكان سكالاّ دەگەیەننە سارا، بێشوێنی لەشتەكاندا نێرگەلەی توتنێك لەمەرگ دەكێشێ، شین لەڕەهەندەكانەوە ڕژا !

# جێمان

## "وەك كێشەی ژینگە لەدڵتەنگیەكانی نیشتمان دەڕوانم"

بەڕواڵەت با،

نە با، نە هەناسەو نە مەسافە،

تورێكی تەڕیان نەدەهێنا. مرۆڤ نەبا، نە دین،

نە دنیاو نەفەلسەفە، فلسیان

نەدەهێنا!

○

خەیاڵم هەر لای بارانە!

منداڵانە حەز بەلەباوەشگرتنی بوكەڵەیەك لەنیانی دەكەم!

گوێ خۆڵباران و بەغوباری بیابان نادەم، وەك كێشەی ژینگە لەدڵتەنگیەكانی نیشتمان دەڕوانم! ژیان دەقیێكە والآ بەسەر بۆشاییدا، گەنجانە بەقەسیدەی مانگدا هەڵدەگەڕێم پیرانە بەبنمیچی هەورێكەوە تەڕ دنیا تەی دەكەم، جێمان تەپكەو تەڵەی ئەوانەیە لەخەیاڵی گەیشتن بەحۆرییەكان دنیا ژێرەو ژور دەكەن!

# نامەکان

## "لەسەر یاد نیم، شتی هێندە خۆشم تام کردبێت"

قسەیەکم

لەسەر مێزی نانخواردنەکە جێهێشت،

باوکت بیدۆزێتەوە، ئەو ناوە وێـران

دەکات!

○

تارمایی دەتوانێ

بەر بەمانگ و خۆریش بگرێ،

بەڵام ناتوانێ بیاندا بەشەڕ،

لێکیان بکات!

○

ئەوە تۆیت دەباریت؟!

یان ئەوە خودی باران خۆیەتی بەتام و بۆی تۆوە،

خۆشناکاتەوە لەمندا!

تا بەچاوی

موحیببەت، دەست لەتەنهایی نەشۆیت،

ئاوەدانی نابینیتەوە، تەژی نابیتەوە لەعیبادەت، دودڵیەکانت بگرەوە هەنار،

ئەم دەستنوێژە لەئاو بشکێنە، ئەم ڕۆژووە لەبا دەرکە، با وشکایی ئەم ساتە

لەبەلوعەی ئینکاری نەرژێت، با تاڵ نەبن

هەرمێکانت!

○

پڕ بەدڵ،

حەزم لەسەفەرێکە، ئەبەدی!

حەزم لەفڕینێکە بەباڵی با، لەپیاسەك بەڵام دەزانی چۆن؟

بەساڵ لەگەڵ زەمەنی وەك تۆ

سپیدا!

○

ئەوە بارانە وەك حەقیقەت ئەبەدییە،

یا ئەوە تۆیت بەدەستوری باران بوویتە

حەقیقەت و کۆتایت نایە لـەمندا؟!

تۆ چتداوە

لەدەفژەنەکانی سەفا، سەریان پڕیەتی

لەتەم، لێگەڕێ دەی بابێداری سەریان

نەخوات!

○

حەزم

لەکەرەی سینەو مرەبای لێوەکانتە!!

بەڵام کوا خۆ تۆ ناتەوێ لەم شتانەم

تێبگەی!

○

ئەوە دەنگی

پای بارانە لەوسەری کۆڵانەکەوە، تپە تپ

بەتامێکی تەڕەوە، دەرگەی دڵم دەکوتێ، یا ئەوە ورشەو پروشەی

یادەوەرییەکانتە، فڕیوەیەتی لەتەنهایی و

بێماڵی مندا؟!

○

پایزییتم ئەوەندە لا جوانە، لەدڵی خۆدا هەردەم دەڵێم: بژی هەر بژی گەڵا!

ئەم شەرابە،

هەمان ڕەنگی سێوە کاڵەکانی تۆی هەیە !

لەسەر یادنیم ئەوەندە ئاڵ و هێندە خۆشم

تامکردبیً !

○

شەواااااانە ژێر سەرینەکەت

پڕ دەکەی لەخۆزگەو بەیانیان لەنیگاکانتەوە شەقامەکە ناز دەکەی!

خەڵکی لەچاوەکانی تۆوە بیانڕوانیبایە دنیا، ڕەشبینی لەکەسیاندا نەدەما !

وەك تۆ دەیانتوانی لەخەندەیەکەوە، نەمام و گوڵەکانی شار ئاو بدا !

گوڵبوونیش دەبوو بەخۆزگە !

○

ئەمڕۆش نەبا،

سبەی هــەر دەبوو ئەم

تاڤ سوتان و، ئەم سەنگەرە

سەنگینانەی یادەوەری،

جێبهێڵین !

# گوناه

## " فەهمم نەبا ، منیش وەك تۆ ، شەرم بەهەتاو دەفرۆشت"

تۆ نەتوانی

بەسپێدەی ئومێددا سەرکەویت،

نەزانی بزەیەك بەتامی سەفەر بگریتەوە بەلێوو،

هەڵنەکەی لەگەڵ باران، گوناهی

من چییە !

○

فەهمم نەبا،

منیش وەك تۆ، شەرم بەهەتاو دەفرۆشت ! تەباو نا تەبا

ئەزەلین، وەك خەونی گەڵا لەگەڵ درەختەکان، سوچی

من چییە ! !

○

ئەزانی ژیان کورتە، ڕوح نەتوانێ فریا بکەوێ

نزیك لەخودا ئۆقرە بگرێت، تاوانم چییە ؟ ! !

ئایینده،

بەنەفەسی با، بەهەوەسی ئاریچە،

بەگۆچانی ڕق دانایەت، سفر هەمیشە

براوەیە ! بێباك بوونیەكەی من

چییە !

○

لەسێبەری

كتێبێكدا دانیشتووی دوێنیٚ هەڵدەدەیتەوەو

بەیانی دادەخەی، ولأمی كۆتایی لای خۆتە،

روانم چییە !

○

لەبری پێكەنین

قسە دەهێنیتە سەر مەسیڕی

زەردەخەنەیەك لەناو گۆڕدا !

گرفتت چییە ! !

# شەماڵ

## " دڵم کەوتووەتە پێش پێ "

شەماڵ لەکوێیە؟!

ئەرێ ئێستا ئیشی چییە؟!

خەزانی ئەم هەموو دەردە دڵییەی داوە بەکێ؟!

ئەم خەڵکە خراپ لەسۆراغی، بێخەبەر بووە؟!

دەردێکم هەیە بێدەرمان،

لەکوێیە شەماڵ؟!

ئەوەی نەزانێ

خەمەکانی بژەنی، دەبێ چیبکا!

هێندەی باوەڕم بەفڕینیە، نا ئەوەندە بەڕێگەکان نا، بەڵام

نەباڵێکم هەیە بۆ فڕین و نەئاسمانێك شك دەبەم، لەکوێیە

شەماڵ، دڵم کەوتووەتە پێش پێ،

دەبێ چیبکەم؟!

# فەزای تاریك

## "دەم بەگۆلاوەكانی نەرێتەوە نەنیٚ، تیٚر ئاو نابیٚ"

ڕۆژنامەكە

بەدەستەكانیەوە دەگریٚ و

بەدنیا ڕادەبوێریٚ، توتییە

خوێنەرێك!

○

لەسەر پەڕەی

ڕۆژنامەكە، نان دەخواو

دەم بەگۆلاوەكانی نەرێتیشەوە نەنیٚ،

تێر ئاو نابیٚ، فەیكبابە

نووسەرێك!!

○

هەواڵەكە لەتاریكیدا گەرم دەكاتەوە،ڕۆژنامەكە دەخاتەوە ژێر

سەری و تا ڕۆژی دواتر لێی دەخەوێت، كوێرە ڕۆژنامە ناوانێك!

لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی،

کەناڵە بێموبالەتەکانی "فەزای تاریک"ـدا،

گوێم لەقەلەباچکەیەك بوو، لەیەقین و بەقێڕە قیڕێکەوە

دەیگوت: ئەوەی لەقلەقەکان دەیکەن، بەهیچ شەرعێك

ڕەوا نییە، بەپێی عورف دەبێت مافی

فڕینیان لێوەربگیرێتەوە!

○

سەری لەهەموو شتێك دەردەچێت شار نەبێ، شارچییە ڕۆشنبیرێك!

لەهەموو شتێك دەزانێت هەواڵ نەبێ، هەواڵنێرە پارچە هەواڵخۆرێك!

○

سەر لەهەموو شتێك دەردەکات سیاسەت نەبێ، چاودێرێکی سیاسی!

لەهەموو شتێك دەزانێت سیاسەت نەبێ، حزبییە بەناو سەرکردەیەك!

○

سەر بەهەر شوێندا دەکات خۆی نەبێ، هەمەکارە کاسەلێسە بەتاڵەیەك!

بەزمانی هەموو بونەوەرێك دەدوێ خۆی نەبێ، ماستاوچییە جادوبازێك!

# کەژێ

## "بۆشایش بگرمێنێ، تۆ دادەکەی، تۆ دەباری"

کێ دەڵێ
دڵنیایی لەستونی دیدارێکی تردا، لەئاسۆی ڕۆژێکی دیدا،
دەمانگەیەنێتەوە بەیەك؟! کێ دەڵێ بێدەنگی لەگۆشەی تەنگانەیەکی تردا،
لەگێژەنی زەمەنێکی دیدا، دەمانپەڕێنێتەوە لەخۆی؟!
کێ دەڵێ!

تۆ بڵێ،
بێڕەنگی لەمانشێتی حیکایەتێکی تردا،
لەتکانەوەی سەردەم و لەچکانەوەی سەرهاتێکی دیدا،
ڕەنگماندەکاتەوە بەخۆی! تۆ بڵێ دەی، لەودیوی دونیاش
دەبمەوە بەتۆ، دڵم دەڵێ: بۆشایش بگرمێنێت تۆۆۆۆ
دادەکەی کەژێ، تۆۆ دەباری، شتێك
بڵێ تۆ!!

"سوپاس

بۆ ئەو کەسەی گووتی"

هەموو کەوتنێك كۆتایی نییە، ئەوەتا

کەوتنی باران جوانترین

سەرەتایە"

دەزانم،

ڕەنگت لەڕەنگی گوڵەکان و

دەنگت لەنمە نمی باران جیا

نابنەوە !

گوێ بەئەهریمەن مەدە، بڵێ دەی:

شەوی من هەزار هێندەی دی تاریك بێ، گومانم لەهاتنەوەی هەتاو نیە ! !

دەی بڵێ: ئەوانەی ئەستێرەیان لەئاسمان و ئاسمانیان لـەڕوناکی دەرهێنا،

دەبێت بەدوای تاریکییەوە وێڵبن!

# سەراب

## "لەگەڵ دەرکەوتنی هەر جارەی هەتاودا، دەبێت بەخەونێکی نەزۆك"

باخێك هـەیە،

پڕیەتی لەلیمۆی کاڵ، لەسێوە سورەی ماچ!

ڕۆژ دەربەدەرو شەویش ماڵی دەکات بەچاوو،

هەتاو دەبات!

○

دارستانێك

تەژی لەهەڵاڵەی کوێستان، لەگەڵ دەرکەوتنی

هەر جارەی هەتاودا، دەبێت بەخەونێکی نەزۆك،

دەبێت بەجەنگەڵێکی سامناك، دەبێت بەسەرا،

بەسەراب!

○

تابلۆ هەیە وەستاو، گیانیش بکەیتە بەری، لەجێگەی خۆی ناجوڵێ!

هەشە دەڕوا، دنیا تەیبکەی بەدوایدا، نایگەیتێ! سەرابی گڕگرتـوو!

# شارێك

## "لەناو ناشتنی تەرمی ژمارەی ساڵژمێرەكاندا، دۆشداماوە"

ئەوەی

بیەوێ عیشق خەتم بكا،

بەبێدەنگی دەكوژرێ، بەبێدەنگی

دەنێژرێت، وەك ئەم

شـارە!

لەناو ناشتنی تەرمی

ژمارەی ساڵ ژمێرە ڕەشەكانی دۆشداماوە!!

تۆ بڵێی ئاوەدانی بەچرای دەستییەوە، بگاتە

كوێی ئەم شارە؟!

تۆ بلێی

لەناو دەریاچەیەك خەمی

پەنگخواردودا، خەونی بوژانەوە،

بە ڕیتمی کیسەڵ، بگاتە

کوێی؟!

کێ هەیە

دەیانجار شەهید بکرێ،

بەڵام نەکەوێ و هەر بەپێوە مابێت! ئەی ئەوانە

کێن لەبەردەم"قەڵادزێ"دا تەنها جارێکیش چییە

نەتەرررریق دەبنەوەو

نەدەمرن!

# روبار

## "سەرگەرمی نوسینەوەی ژوانی ژێر سێبەری مانگ بووم"

ئەو دەمەی

لەدرزی دەروازەکانی خەیاڵدا، منت

ئەدواند، سەرگەرمی نوسینەوەی ژوانی ژێر سێبەری مانگ و

هەڵگرتنەوەی سێوەکانت بووم لەبەر

بۆشایی !!

○

بەئاونگیت بێ،

شتێك نەماوە بتوانێ خۆی بەداکردنی

نیوەشەوانی تۆوە خەریك بكات، دنیا

دەكەی بەڕوبار!

○

ئەو دیمەنەی بەرچاوم بەرنادات، پڕانی هەناریتە

وەك كشانی گوڵە ئەستێرەكان لە نیوە شەودا!

# خۆشمەدەوی

## "ئەوەی دەوێرێ بەرد بگرێتە بەردەکان"

بەدەستخۆم نیە،

خۆشمدەوێ، ئەو کەسەی

لەهەر دۆخێکدا، دەتوانێ وەك خۆی بدوێ و دەکارێ

وەك خۆی وڵام بداتەوەو،

خۆی بێت!

خۆشمدەوێ ئەوەی

لەهەر تەنگانەیەکدا، دەسازێ سەما بکات،

گۆرانی بڵێت، پێبکەنێت، وێنە بکێشێت! ئەوەی هیچ پەیڤێك لەدەمی ناپژێ

بەژەهر، نابێت بەرەشەبا، نارژێ بەدارو بەردا، ئەوەی هیچ وشەیەکی لەدڵدا

نابێ بەتەم نابێ بەدرۆ نابێ بەدڕك لەقورگیدا، ئەوەی دەوێرێ خۆشەویستی

بکات، بەرد بگرێتە بەردەکان و مەعبەدەکان

بڕوخێنێ، ئازاد بژی!

# واقیع

## "نیشتمانی بچوك هیچ نیە"

پایزە،

چی دەوەرزێ، چی با دەی با،

چی ئاوڕ لەچی ناداتەوە، کێ سترانی سیپاڵ دەچڕێ،

هەموو شتێك رۆشنـە، بەرەنگار بوونەوەی بایە کەس

نیە کەس، رێگەکە لەئاسمانەوە

داخراوە !

○

زستانە،

چی دەبارێ، کوێ رەق هەڵدێ،

لەم هەواو مەوسیمی چڵپاوەدا، کێ روانینی لەپەنجەرەیەکەوە

بەماڵنابێتەوە مەسەلەیەك نیە، دنیا تەمە، شەقام پان و پۆڕ،

شار ساردو سڕ، بێ دەنگییە،

کڕڕڕە !

نیشتمانی بچوك هیچ نیە !

جگە لەسیاسیەکان، جێ ژیانی

کەسی تری تیادا نابێتەوە !

○

واقیع

بەواقیع نەبێ، نا

گۆڕێ !

○

نیشتمانی بچوك،

لەنێو پەرتووکوکاندا جێگەی نابێتەوە، ون دەبێت

بەچیاکانییەوە !

○

چیاکان هاوخۆێن و هاوخۆڵەمێشن،

هاوسێن، دەرگەیان بەدەرگەی یەکترەوەیە، گەمارۆ نادرێن !

هەر خۆیان سەرچاوەی هەرەسن !

# خۆرهەڵات

## "وەك غوبارێك لەخورافیات، وەك روبارێك لەسەرچاوەی لیخن"

خۆرهەڵات، وەك غوبارێك لەخورافیات،

وەك روبارێك لەسەرچاوەی لیخن، وەك دەشتێك خورەی

كانیاو تیایدا خنكابێت، بێتام، پڕیەتی لەكاوێژو عەلەف دڵنەوایی،

لەژێر بەشنە ترین کەپری خەیاڵدا، بەباڵی شەماڵەوە ڕێ

بكەی، ناگەیتە جێ، ناگەیتە هیچ كوێ!

خۆرهەڵات، خەیاڵ ناكا، بیر ناكاتەوە،

لەخەونیشدا خەون بەجوینەوەو وێناكردنەوەو خۆ دوبارە كردنەوەی خۆیەوە

دەبینێت، گەڵای تەڕی درەختێك نادۆزیتەوە هەڵوەرین لەچارەی نەنوسرابێ،

كچەگوڵێك شكنابەی عادەتی بەژاكانەوە نەگرتبێ، كوڕە كانییەك بەدیناكەی،

وشك نەبووبێت، لەسەر نێوچەوانی خۆرهەڵات بەخەتێكی بەردین، نـووسراوە:

گوزەری فەنابوووووونی فانۆسێك!

قیامەتە ئەم خۆرهەڵاتە ! مەرگ ئاوڕشێن دەكەن، خودا باقی !

لەمێژوی نوێدا، دەكەوێتە پەڕەگرافی ژمارە هیچی پەرتوكی پوچییەوە !

لەجوگرافیای تازەدا، هێڵی هەڵوەرینی پەپولەكان بگرەو بەری مـــەدە،

بڕۆ باژۆ تابەپای تەنگانەو تەنگەبەر دەگەیتە هیچ ! قیامەتە !

هیچ، ئەو شوێنەیە،

ساڵ تیایدا هەر یەك ساڵەو باڵای تەم بەچوار هەزارو حەوسەد جار،

دەگاتەوە ئەبەدییەت ! كۆترەكانی تەقڵە بەفیل لێدەدەن، فەلسەفەی

پەروەردەی لەسەر ترە كەڵەكەو میراتگری جنۆكەو ئەفسانەیە ئەم

خۆرهەڵاتە تاریكە !

لەخۆرهەڵات دەرگەی ماڵەكەت

بكەیتەوە پڕ دەبێت لەتاریكی، چاو بكەیتەوە گیرفانت

پڕ دەبن لەنەرێت، بێمانابییەكی ئاڵۆز دەیبات بەڕێوە،

لەبێواتاییەكی قوڵدا دەژیەت !

# شنانەوە

## "دەتەوێ شەبەنگێك لەمانا، بخەیتە ڕستەی چجۆرە ئاوابوونێکەوە"

بەم هەمووو ڕەنگدانی عیشقەوە،

دەتەوێ شەبەنگێك لەمانا، بخەیتە

ڕستەی چجۆرە ئاوابوونێکە وە؟!

○

بەردەوام بۆشاییەك،

هەمیشە مەودایەك، فاسیلەیەك،

نازانم دەی دەبا شتێك هەر هەبێ لەنێواندا!

چێژی ژیانکردن لەئەزمونکردنی تاییتمەندیەکاندایە تلۆ،

هەڵەیە عاشقەکان هەردەم دەمیان لەدەمی

یەکترداو دەستیان لەناو دەست

یەکتریدا بێت!!

هەرێزی ئەم شنانەوەیە لەبا، لەکارێزێکەوە نەهاتووە،

تا بمانباتەوە سەر جۆبارێك لەڕژانە ژیان"مرۆڤ مەحکومە بەئازادی" ئەوەی

دەبێتە بکوژی ئازادی، عەشق نیە، کالێبونەوەیەتی!

○

ئەوەی

ونە لەتۆ، منت نیم، خۆتی لەخۆدا!

هەڵەی هەرە گەورەی عاشقان ئەوەیە: مەعشوق

دەخەنە زیندانە تاك و تەراااکەی

دڵیانەوە!

○

سروشتیبوونی هەر شتێك،

دەشێ بخرێتەوە یا بگەڕێندرێتەوە سەر دۆخەکەی

جارانی، بەڵام وێرانکردنی تایبەتمەندییەکان لەژێر هەر ناوێکدا،

مرۆ نغرۆ دەکات، ئەوەی لەهەر شتێکدا بونی هەیە،

لەخۆیەوە نەخولقاوە، بابژیم!

# هەرمان

## "دەبێ کیمیای وشەو فیزیای پەژارە، وەنەوشەی زمانی نەهاڕیبێت"

ئەوەی

بییەوێ بێدەنگی تۆمار بکات!

دەبێ گەرد بەگەردی تاریکی نوسیبێتەوە!

دەبێ پەڕ بەپەڕی شەوگاری هەڵدابێتەوەو لەدوتوێی

پەرتوکە پەڕپوتەکەی بوون و نەبووندا،

تڕوهاتی ڕوناکی یاداشت کرد

بێت!

دەبێ کیمیای وشەو فیزیای پەژارە،

وەنەوشەی زمانی نەهاڕیبێ، دەبێ دەرد بیکردبێتە سەرداری بێدەگی دەرد،

ئاوایە ڕەچەشکێنی، ئاوایە هەرمان!

# باوکم

## " بەم زوانە ڕێواس لێرە ناڕوێت"

باوکم،

دەست نوێژی

لەڕۆشنایی نەسیم دەشۆرد جاران!

بەردە مۆرەی ڕۆناکی دادەناو لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

بەم زوانە، ڕێواس لێرە ناڕوێت، بەم نزیکانە، کەو لێرە ناخوێنێت،

ڕۆژی نەهامەتی ئاوا نابێت، ئەوەی مانگ دەیکات،

بەهیچ شەرعێك ڕەوا نیە، نا نابێت

بەڕۆژ، بەیانی!

باوکم، هەتا توانی،

وەرزێرێك بوو سەرسەخت،

نەیدەزانی دانیشێ! گڕی گەروی دەنگی، پڕشنگی لێدەباری! تورە، ورد

لەناو دەقی دیراوەکاندا،

کاری دەکرد!

شەوان،

بەجومگەی جـۆخینەوە

دەخەوت ! ڕۆژان، بەئامێزی باوە،

خەونەکانی شەنە دەکرد ! کیلۆی پشودانی

بەعانەیەك نەدەویست، بەخامەی

وەرزان نەبا، کیڵگەکانی

نەدەکێڵا !

خۆش خوێن و،

خەت خۆشێك بوو

ڕەنگ هەناری!

دەستەکانی لەنووروو

ڕۆخساری دەتگوت دار چنارەو ڕیشۆڵەی گرتووە ! هەر بەپێوە،

هەر بەڕێوە، دڵی تەماتەو سینەی هەنجیرە ڕەشەیەکی قاااااااش

دەکردو لایلەبا ئەدا!

هەموو بەیانییەك،

گیرفانەکانی ئێمەی خاڵی دەکردەوە لەعادەت،

دەیگوت: ئاوڕ مەدەنەوە ! بخوێنن میراتگری رۆشنایی بن،

بەلاّم ئەوەی بەتوێکڵەوە گــاز لەژیــان دەگریٚ،

مرۆڤ نیە، بزنە !

باوکم، لەدەرەوەی

فوارەی فەلسەفەو زانست، بەڕیتم و

هارمۆنیای تەبیعەت، دەیچاااااااااند،

ژیانی دەچنیەوە !

بەجامی فافۆن ئاوی لەکانی

نەوت و کارێزەکانی باژێڕ دەخواردەوە، بەچنەیەك کوزەڵەی لەمێرگان

دەکردو سەرشیرەیەکی لەباڵاوان ڕادەخست، کۆلارەی خەیاڵی هەڵدەدا

بەدەم موعاناتەوە، هەر بەڕێوە جامێك دۆی وەك ئێستاش بەکولێرەو

ڕەیحانەوە نۆش دەکرد !

# ناونیشان

## "نەیدامەوە بەدایكم، ئێساشی لەگەڵدابێ"

لەگوندێكدا

هاتمە بوون، ناوی لەنووروو جەستەی

لەئاگر، ڕەنگی لـەگەنم و بـاڵای لەقوچەك! بێدرەخت،

چۆلەكە تیایدا هەر دەبو بەئاسمانەوە

بنیشێت!

لەدێهاتێكدا گەورە بووم،

هیچ كەس بەناوی خۆیەوە بانگ نەدەكرا!

ژیان تیایدا مەنجەڵە نۆكێك بوو نەكوڵەك گەورەكانی سەری دنیایان

لێهاتبۆوە یەك، لەهەڵگەڕانەوەی منداڵێكەوە بگرە تا سەرەڕۆیی ئاو

تا كەوتنە خوارەوەی بەردێك لەئاسمانەوە،

یەخەی منیان دەگرت!

ڕێك وەك ئەمڕۆ،

دڵخۆش بووم بەخواردنی پارووێك مرەبا، بابۆڵەیەك ماست!

هەڵكەندنی گرگازێك، سپیكردنی نێركە خەرتەلەو سپیتكێك!

وەشاندنی دار تووێك، لێكردنەوەی هەنجیرێك، بـۆنكردنی

ئارویَ، چاندنێك!

چاوشاركیَ!

هەڵماتێن، كەلاێن، خلیسكانیَ، شەڕە بەردی!

بەردبەردێن، مەلەبۆقە، كەروێشكە مەلە، ساپساپێن، كێلبەردێن، تۆپانیَ،

ونیكردم لەخۆداو نەیدامەوە دایە، ئێساشی

لەگەڵدابیَ!

ئەوەی دەبوو

مرۆ گەمارۆ بدا، منداڵی با

نەك پیری!!

# یادەوەری

## "ئەو ئێستا نشینگەی کۆڵانە تەنگەبەرەکانی تەنهاییە لەوێ"

لەرۆژێکی وەك ئەمڕۆدا، سەرمان لەزمانی

پرسیار بڕی، پەنجەمان بەچاوی گوماندا کردو ئەوینمان

بەمەرکانە بچوکەکانی دڵەمانەوە شکاند!

ئەو، ئێستا نشینگەی

کۆڵانە تەنگەبەرەکانی تەنهاییە لەوێ،

منیش لێرە، لەم خومخانەی خەفەتەدا، مات و بێهەست

مەیزەدەی باوەشێکردنەوەی یادە

سوتاوەکانی خۆمم!

عەجەب چبارانێکی

مۆر دەبارێتە ناو جەهەننەمی

یادەوەریمەوە!!

# دوکەڵ

## "جگەرەیەك داگیرسێنەو چەند بازنەیەك لەدوکەڵەکەی دروست بکە"

هەیە خۆی بەهەڵگری

توخمی دنیای ئەودیو دەزانێ، بەڵام دەیەوێت لەم دنیایەشدا بەر بگرێت،

زەیتوونیش نییە ! هەشە خۆی بەئاوەزو سترانبێژی مەملەکەتێك دەزانێ

کەچی بەشنە بایەکی دەرو دراوسێش دەلەرێ سەروش نییە ! هەمووان

لازە سفرێکیان کەمە !

ئێرە، دەرزییەك بەدەستیەوە،

ڕۆحت ئەشکەنجەو جەرگت کونکون و دڵت هەلا هەلاو داغان دەکات ! !

ئێرە ئەوەندە تاریك بووە، حەپەی سەگە دەم شڕەکانی ئاوایی، ئارامییان

لەژیان بڕیووە، ئێرە ئەوەندە بەرباد بووە، هەموو شتێك تیایدا لەخەونێکی

ناخۆش دەچێ ئێرە جەنگەڵێکە بەرەڵڵا بووە بەحەوشەیەکی گەورەی

تەراتێنی ترسناك و سامناکی !

قومارچی براوەم نەدیووە،

کەچی ئەمجارە دەستەکانی ئێمەیان بڕی، بینایی ئێمەیان دۆڕاندن!

قەرزاربارى پەنجا ساڵەى تریانکردین ئێمەیان کوشت بۆ هەناسەدان ماینەوە !

بابەیەکەوە نامەیەك بۆ چارەنووس بنووسین، میز بەوەها قەدەرێکدا

بکەین و ببڕێینەوە لەخۆمان!

دوێنێ سوتا،

هەمووان لەقەرزی بوون بەخەڵوز ڕزگاریان بوو!

ئەوەی پاشکەوت ناکرێ ژیانە، ئەوەی قەرەبوو ناکرێتەوە تەمەنە !

ئەوەی بەسەرمایەی هەموو دنیا ناگەڕێتەوە،

متمانەیە ! !

ها بگرە هاوڕێ،

دەی تۆش جگەرەیەك داگیرسێنەووو

چەند بازنەیەکی ڕەش لەدوکەڵەکەی

دروست بکە !

# نەهاتی

## "هزر، ئەو بیرەی نەگەیشتە هیچ"

ژیان/ ئەو شتەی لەمردندا نیە ! نوا/ ئەو سێبەرەی سەربەخۆ نیە ! !

چارە/ ئەو ڕێگەیەی ناگیرێتە بەر! پەیام/ ئەو نامەیەی دەگاو ناگات!

هزر/ ئەو بیرەی نەگەیشتە هیچ! ژینگە/ ئەو درەختانەی نەڕوێندران!

ئارامی/ئەو قاوەیەی نەخورایەوە ! جەنگ/ ئەو ڕەشەبایەی نەبڕایەوە !

مەرگ/ ئەو ئێوارەیەی ئاوا نەبوو! ژن/ ئەو بەفرەی دەبارێ و ناکەوێ!

پیاو/ ئەو بارانەی نابارێ و دەکەوێ! دوکەڵ/ ئەو جگەرەیەی نەکێشرا!

دین/ تۆیت! تۆ/ ئەو ساڵەی داهاتی و نەهاتی!

روبار، ئاوڕ نەدانەوەیە لەهیچ!

هەڵاتن، گەڕانە بەدوای سوڵح کردن لەدەرەوەی بەها!

نەفامی، غابەیە! تۆڵە لەدەرەوەی بەها، تەوێڵگەی

سەرگەردانی و زەلیلییە ! !

# پەنهان

## "حەیات لەناو ئەمجۆرە شتانەدا، بەس بەفیڕۆ دانە"

دژی

هەر جۆرە گشتاندنێکم!

رقم لەهەر شتێکە داخراو بێ!

دوبارە بارینەوە هەر لەبەفرو

زۆر بلێیی هەر لەباران

جوانە!

○

زەرەیەك چیە

خۆشمناوێ مێژوو، لەدوێنێدا نەبێ ناژی!

بەینم لەگەڵ جوگرافیا هەر نییە، سنور

دیاری دەكات!

چارەی

ئەو زانینانەم ناوێ، پەتی و روتن!

حەیات لەناو ئەم شتانەدا، هەر بۆ

بەفیڕۆ دانە !

○

بارانێك

داری فیداکاری

لەوشە ڕازی رەش، ڕواوە لەمێشکمدا!

بەردگەلێك لەکەلامی تاریك، گەورە بوونە لەسینەمدا،

دارەکە تەوتەمە بەردەکە تەمیانە رەشەکەش خوێن،

کەلام گەمژەو گێژ، وەك پێکدادانی

مێشوو مەگەز

لەبۆشایدا!

دوور بڕۆو

رونتر نزیکیەکانت دەبینیت!

باشتر پەی بەپەنهانیەکانت دەبەیت!

وەك گەواڵە هەورێك لەخەیاڵدا دادەکەی، دەباری!!

وەك بادەیەکی ڕون، بەسەر سەری

ئەم زەمینە لێڵەوە مەلەوانی

دەکەیت!!

○

مرۆ کاتێ پێدەکەنێ، مانای ئەوە نییە شادبێ،

ئەوەی مرۆڤە مەزنەکان دەخاتە پێکەنین، نا شادییە!

گریانی مرۆ، گرێیە، خەلەلە لەخودی لەخۆیدا!

○

جاران، زۆر لەدڵمەوە نزیك بوویت!

ئێستا لەکوێی؟ هەر جارێك تۆم بەبیردێتەوە،

گریانم دێ، بۆتۆنا، بۆخۆم کوای!

سەردەمانێ

بەرۆژ تەفسیری تاریکیی و

شەوانیش عەزابی روناکییم دەخوێندەوە !

ئیدی مژوڵی خەتمکردنی

نیگەرانیم !

○

ئێمە،

لەهەر شتێکدا هەین و

هیچ شتێك، نییە لە

ئێمەدا !

○

دەبوو دەست لەحەقیقەت نەدەین،

ئێمە لەدرۆدا نەبێ هەڵناکەین، بەدرۆ نەبێ ناژین

راستبێژی بەکەڵکی بێکەڵکی نایە !

# ڕێگەکان

## " بیری نەماوە ڕۆژێك لەڕۆژان ڕێ بووە"

ڕێگە هەیە،
هێندەی ڕێ "گا" یە، هەرگیز ئەوەندە ڕێگە نیە !
هەشە هەر بەناو "ڕێ"یە، لەداڕشتندا نیوە دێڕێکە لاڕێ!
هەشیانە کەونە ساڵە، ماندوو شەکەت ناگاتە جێ! نیشتمانی
هەناسە سوارو تەنگەبەر کردوە ! هەشە بەئەندازەی دنیا،
ڕقی لەژیانە، هی ئەوەیە بەمیز لەسەری بنووسیت :
بڕوخێ باهۆز!

ڕێگە هـەیە، چرچ و لۆچییەکانی،
چاڵو چۆڵییەکانی ڕەنگ بکەیت، دەبێت بەتەونی جاڵجاڵۆکە !
هەشە، ئەوەندەی بدرێتە بەر نەفرەت، شۆك بووە لەخۆیدا، نازانێ
پیاسەو سەفەر چییە، بیری ئەوەی نەماوە کەی یان ڕۆژێك
لەڕۆژان ڕێی بەنی ئادەم بووە !

ڕێگە هەیە،

دەمێك ساڵە لەڕێ بووە، پڕ بەدڵ حەز دەكا خانەنشینبكرێ و

بسرِێتەوە لەسەر نەخشە، ناهێڵن! هەشە دڵ دەخاتە سەر لەپی دەست!

جێناوی ئەوانە نابێتەوە بنووسرێت لەسەری بوونە قوربانی

لەناویدا!

ڕێگەكان،

هەر بەخاتری ئەوەی

لەكۆڵ خۆیانت بكەنەوە، دەتخە سەر

ڕێگەیەكی دی! كەسییش نایەوێ لەو

نهێنیە وەك خۆی

تێبگات!

ڕێگەكانی نیشتمان، لەهەر پیتێكدا چاڵێكن، لەهەر جوملەیەكدا گرێ و

لەهەر سەروایەكدا تاسەیەكن! گوللەی ویلن، تاك بەتاك و كۆ بەكۆ، دەپێكن!

بوون بەجەللاد پێستی قوربانییەكان بەسەرخۆدا، را دە كێـ ـشن!

# میللەتێك

## "گەر کات کوشتن ستەم بێ، ستەمکار ترینن"

میللەتێك

نیشتەجێی جەرگەی کانییەو

خوێناوەکەی خۆی لەسەری

خۆیداوە !

بەتاوێك ڕەمەلەو

بەپشووە بایە سەرئاو دەکەوێ،

داویەتە دەست زەمەن یەکلای بکاتەوە، گەر

کاتکوژی بەستەم ئەژمار بکرێ،

ستەمکار ترینن!

درەختێکن بەڕێسمانەکانەوە، بەوزەو وەرزی

نەرێتەکانەوە شەتەکدراوو موتوربە کراوووو!

# دەهۆڵ

## "ژیان شەڕ فرۆشە ، خۆت بەدوور بگرە ماڵە باب"

خودا،

سوودی بۆ ئەوانە نابێ

نەیانتوانیوە ئیزافە بخەنە سەر هەبوون،

خودا، لەنەبووندا نییە،

هەبوونە !

○

ژیان،

شەڕ فرۆشە ! خۆت بەدور بگرە ماڵە باب، ئەوەی

لەقوڕگی شێردایە، نان نییە، پرسیارگەلێکە قوڵ،

کراوە !

○

مرۆڤ بەبێ شوناس و بەبێ ناسنامەش دەتوانێ بژی !

وەك دەڵێن"سەگیش دەژی" ژیان هەموو شتێك نییە !

**هیچ چەپ و راستێك لەدنیادا،**

**بەهێندەی شمولیگەرە کوردەکان شێلگیرو فاشیست نەبوون بەرامبەر**

**بەهاوزمان و میللەتەکەیان!**

○

**نووسەری کوێرو خوێنەری نابینا دەهۆڵن، کەچی**

**نزیك و دوور، دەنگیان خۆش نایەتە بەر گوێیان!**

○

**بەنداوەکانی نەرێت، دەریایی ژیان،**

**هەرچییەك بەشەپۆلەکان بکەن ناتوانن رێ**

**لەپەڕینەوەو گەیشتنە کەنار بگرن!**

○

**داهۆڵەکان،**

**بەدەهۆڵی هیچ کەس**

**هەڵناپەڕن!**

# بەدگۆیی

## "وەهمەکانت بێدەنگ بکە بەسە"

من کوڕە لادێیم،

دارستان لەزیهنیەتی مندا، باخچەیە !

لەسەگوەڕو لورە لوری گەلەگورگان

سلّناکەمەوە !

○

حیکمەت

لەگەورەیی کراسی خۆشەویستیدا،

هەر ئەوەیە، بە بەری بچوکەکاندا

ناچێت !

○

بەسوپەر سێڵ بێت

کاتی ئەوە هاتووە غروری لەم زەمەنە

بەدفەرەدا بشکێت !

ئەگەر

گیتار ژەنێك بووام، لەناو دوکەڵی

جەهەننەمی ئەم ئاگرو ئافاتەدا ستارەم نەدەگرت!

مۆسیقییەکان بادەی سەبا پیس

ناکەن!

○

ئەگەر ویستت

دڵت بۆگەن نەکات، وەهمەکانت بێدەنگ

بکە بەسە!!

○

لەبەر بەدگۆیی نەبا،

حەزم دەکرد بڵێم: بەبێ تۆ، هیچ پێویستیەکم

بەخۆم نەماوە!!

○

هەن شوێن نەماوە تیایدا بمرن! هەشن

شك نابەن لـەکوێ بژین! ئەوانەی دەڵێن: ژیان خەونێکەو تەواو،

گەرەکیانە ڕێ لەبێدار بوونەوە بگرن!

# گونجان

## "بیرت دەکەم، پیرم نەکەی"

هێندە نزیك

وەك سەحەرێك لەبادا، دەشنێیتەوە لەڕوانیندا!

چیت لێبکەم، چیم لێدەکەی جێت نابێتەوە لە

چاواندا!

○

دەی کەمێك نیگایەك هەر هێندەی تفێك بەڕوی سەروادا، دور

تر وەرە، نزیك تر تێپەڕە، تا ڕونتر بتبینم، وا بکە تریفەیەك ئەریٚ بکەی

جوانتر بەیانی لەهەڵاتمانەوە بپژیٚ، بیرتدەکەم پیرم نەکەی!

○

ساتیٚ هەر نەڕژا

لەژیان، کەرێك گویٚ لەقە نەکات، سەگێك بیٚ هۆ،

نەوەڕیٚ تیایدا!

ڕۆژ هەیە یەك ساڵەو ساڵیش هەیە یـەك ڕۆژ !

ڕۆژانێکمان بەڕێکرد پێیاننەگەیشتین ساڵانێکمان تێپەڕاند، تێیاننەگەیشتین!

دەزانم لەبێ بارانی ڕۆژیکدا دەمری، دەمرم !

○

ئەو چرایە

خامۆش مەکە مە!

شتێك بکە لەگەڵ هیوای من و

بێ ئومێدی تۆدا

بگونجێ!

○

ئێوارەیەك هەر نەهاتە نەدی، بەد بەختیەکی

تیادا نەکوڵێت! ئاوابوونێ هەر ڕوی نەدا، خۆشبەختیەکی

تیادا نەسوتێ! حەقێك نەفڕێت لەناویەوە!

○

منداڵی نەدەبوو بەلەمێك با،

پێبگەینە پیری، دەبوو سەفەری عیشقێك با، وەك خۆی شرین،

وەك تۆش قسە خۆش!!

خۆری گەورەیی هەڵات!

ڕەشەبای تاریکی تەمەن هەڵیکرد! گوڵەکانی حەوشەی ژیان ژاکان!

چاوەکانی ئومێد کز بوون، باڵەکانی هیوا شکان، هەستایەوەو بەسەر

بەردا بەربۆوە پیری!

○

پیری وەك ڕوناکییەکی هەڵچوو،

بەئومێدی ئەوەی ڕەنگی بەیانی نەبێتە تارمایی، تاریکییەکان ڕونتر دەهێنێتە

سەرزمان! بەزمانی کانی لەباوکم دەپرسم: ماندوێتی ڕێگە بێزاری نەکردویت؟

چاوی پەنجەرەکە دەکاتەوەو بەدەنگێکی هەوراوی لەبەرخۆیەوە دەڵێ: ژیان

بەدرەنگەوە بەمانا ترە کوڕم!

○

رابردوم بوێرانە پرسیاری کرد لەخۆی،

ئێستام بەتەواوەتی خستە ژێر پرسیارەوە، داهاتووم هێنایە پێشچاوی خۆم،

گەواهی دەدەم، سەرکێشی لەسەفەری ژیاندا بەچێژ ترو مەوانی لەئاوی ساردا

بەسود ترە لەخۆ بەعادەت گرتنەوە!

# ڕژان

## "ئەوەی ڕویدا، جێمانی یادەوەرییەك بوو تاڵ"

چەندی

دەویێ بۆ مەرگ، نازانم،

دیار نیە، ئەوەی دیارەو دەیزانم،

لەزۆر، زۆر تری لاداوە

لەژیان!

○

قاوەکە ڕژان، وەك ئەوەی

مانگ لەڕژانی شەودا دەرکەوێ، کراسەکەی داکـــەند،

ئەو ناوەی ڕوناککردەوە، ئەوەی ڕویدا، جێمانە یادێ

بوو تاڵ، لەسەر تەختەکە!

○

لەدڵما، بەفر ئەبارێ، لەچاوەکانتا باران!

ئەی لەمیحرابی تۆدا، کەش چۆنە چۆن!

هەر جارێك، مەستانە خەو دەمباتەوە، خەونان بەتۆوە دەبینم، بۆ؟!

هەر ساتێك بەدیار خۆمەوە لەتۆ دەڕوانم سەبەب چییە گوڵ دەگرنەوە، شوێن پێکانت؟ هەر کاتێك بیرلەخۆم دەکەمەوە بۆ دەبێ تۆم بیربکەوێتەوە بۆ دەبێ بۆنی گوڵان بگرێت هەناسە؟! خۆت ون مەکە سێوەکانت مەشارەوە!

○

ئەم ئێوارەیە،

بەکۆڵانیماڵەکەتاندا تێپەڕیم،

تێنەگەیشتم دارتوی حەوشەکەتان بۆ

لەبری گەڵا چۆلەکەی گرتبوو!

ئەرێ خێرە؟!

○

تارماییەکی درێژ، بەدرێژایی کەناراوەکە دەبینم!

گوێم لەگۆرانی "ئەو کچە لەو ماڵە"ی زیرەك گرتووە، بەلای هەندێکتانەوە ئەم تارماییە، ئەم گۆرانیە تێپەڕە، دنیایی خۆم پشتگوێ ناخەم سەفەری خۆم نادەمە کۆتاییەکان، ڕوانینم تەی دەکەم!

# بەرێگەوە

## "هیچ ڕوینەدا هیچ نەگۆڕا"

گوێم لەسەگێکە دوور، لەوسەری

ڕێگەکانەوە، بۆ شەو دەوەڕێ!

○

قالۆنچکەیەك

دەبینم سوورر، گوی گەورەتر

لەخۆی دەخوا!

○

هەورە درۆزنەکان،

هاتنەوە ئاسمان، هیچ نەباری، هیچ ڕوینەدا،

هیچ نەگۆڕا هیچ!

○

گورگێك لەشەقامی ئازادی دەلورێنێ،

تۆرانیانە ئێسقانەکان دەکرڕڕڕێنێت!

# پیاسە

## "بۆ نایەی لەکۆڵ خۆمانی بکەینەوە، پایز"

هیچ کەیفم

بەقسانێك نایە مـــەتاتی،

گەرنا، دەمگوت: چــــەند مەترێك هەناسە،

بەشی ئەوە دەکات بمانبا بەرەو مەودایەك

لەپیاسە، ئەمجارە وەرە

درۆ مەکـە !

○

حەزم بەشتانێك نایە مەوسمی،

گەر وا نەبا، چاوێکم لەرۆژهەڵات و قاچێکم لەرۆژ ئاواو

دەستێکم لەباکوورو هەرچی ئیمانم هـــەیە لەسەر ئەم

باشورەی لای خۆمانم دا نەدەنا !

جاران، زۆر

لەخۆتو خۆمەوە نزیکبووی،

ونی لەچی؟!

○

دڵم نایە هیچت پێبڵێم!

گەرنا پێمخۆش بوو گوتبام: حـەقە ئیتر عیشق و بازی،

سیاسەت و ڕۆمانسییەت، هاوپیل و پاتری، زانست و قسەی نەستەق،

ئەم دوو دۆشاوە، بەزم و ڕەزمی ئەم بەنداوەی باوە

جیابکەینەوە لەیەکتری!

○

خۆش نیە بڵێم:

چاو لەئافرین هەڵگرە، هەورە تەڕپۆشەکان پتر

روو لەچیاکانن!

○

بۆ نایەی لەکۆڵ خۆمانی بکەینەوە پایز، ئەوەی

ماومانە لەئومێد، ئەویشی بدەینێ و ببڕێتەوە!!

# دایکم

**هات و درەوشایەوە، ئێمەی هێناو پێکەنی،**

**ڕۆیشت و نەگەڕایەوە، ماڵەکەمانی نغرۆکرد لەبێدەنگیدا دایکم!**

دایکم،

لە"٢٠"ساڵیدا، شوی کرد،

لە"٢٢"ساڵیدا، منی هێنایە بوونەوە،

ئێوارەیەك بەر لەوەی لە"٥٥"ساڵیدا دواسەفەرو ژیانئاوایی بکات، لەسەر

سفرەی ئێوارە، بەباوکمی گوتبوو: گەر منداڵەکان داوای بینینەوەی منیان

کرد، پێیانبڵێ: دایکتان بارانی بۆ ئەوسەری ڕوانین بردەوە ! پێیانبڵێ: هەتا

پریاسکەی سەفەریش پڕ نەکات لەنور

لەمیوەجاتی خـۆر نایەتەوە،

ناگەڕێتەوە !

لەو ساوە، هەتا ئێستاش،

بەیانیان باوکم، نیوەڕۆیان باوکم، ئێوارانیش هەر باوکم،

لەسەر سفرەی تەنهایی، لەوپەڕی بەرزایی خەمێکی قوڵەوە، تەسبیحات

بەدنکەکانی ئەسەفەوە دەکات! لەوساوە هەتا ئێستاش، بێئەوەی بیەوێ،

لەخۆیدا دەبێتەوە بەقەرەباڵغ ترین پیاوی دنیا، لەوەساوە هەتا ئێستاش،

تەنهایی دەیخوا تەنهایی دەیخواتەوە، تەنهایی دەیخەوێنێ تەنهایی دەی

نوسێتەوە! لەوساوە هەتا ئێستایش، بۆشایی دنیای ئێمە پڕنابێتەوە

لەنور، نیوە دێڕێکە لاڕێ، تەژی نابێتەوە لەبوون لەواتا،

ڕۆشن نابێتەوە لەژیان!

هیچ شتێك هیچ

ئەوەندەی دوا سەفەری دایــــە، ئێمەی

تەنها نەکرد! ئێستا لەماڵەکەی ئێمەدا، تەنهایی

دەست و دەم و چاوی بابەو چاوەڕوانی

ئێمەش دەشوات!

لەوساوە لەئێمەدا،

خەم گەورە بووەو چاوەکانی ناچێتە خەو، دەچێتە

تەمەنەوەو نابڕ بەڕابردو، لەوساوە لەماڵی ئێمەدا بەهار نایە !

زستان تێناپەڕێ، باران لەئاسمان جیاااا نااااابێتەوە،

ناڕەوێتەوە زریان !

ئەگەر دااااێك نیشتمان و

نیشتیمان دایكبێت، ئێستا لەئێمە بێ دایك و بێ

نیشتیمان تر یونی نیە !

غیابی دایك،

كێشمەكێشی عاقیبەتەكەی دیارە،

سوێراوێكە نەمر، تاڵاوێكە بكوژ، گڕكانێكە لەرۆحدا

دانامركێتەوە، وێرانەیەو ناگاتەوە

ئاوەدانی !

دایە گیان تۆ لەکوێیت؟!

بۆن مێخەکییەکەت بەجلەکانمەوەیەو خۆت نابینم!

پەلکە ڕەیحانەکانت لەناو کتبەکەمەو خۆت دیار نیت! لەناو دڵدایت،

لەسینەدایت، تا چاو بڕ دەکات لەم ئاواییەدا هەر تۆی، سەر بەهەر شوێنێکدا

دەکەم لەم ماڵەدا هەر تۆی بەردەوام دەنگت دێ، دەچکێیتەوە لەگۆێچکەمدا،

ژور بەژور بەدواتدا دەگەڕێم و ناتدۆزمەوە، خۆتم نیشان نادەی؟! پێویستم

بەماچکردنی هەناسەیەکتە دایە لەکوێیت، ئەم ماڵە ونە لەتۆ یان ئەوەی تۆی

لەوار ونیت! سەیرکە ئێستا بێدەنگیەکی قوڵ لەخوار هەتا سەروەی ماڵەوەدا

دەژی، بارانێك دەوەرێ دێرین، بیورتە، بێگەڵاْ! دایە فێرە فڕین بووین بەڵام

سەربخەینەوە سەرشانی کێ! دەژین بەڵام کوا ژیان

دەتوانێ ببێ بەهەموو شتێك!

کەوتوویتە کوێی ئاسمان و ئەستێرەکانەوە؟!

بەم دوو چاوانەی خۆتپێدام هەزارانجار ونبوونی ئاسمانەکان و دەرکەوتنەوەی

ئەستێرەکانم بینی، تۆ لەکوێی دایە؟! کێ دڵی پایز بداتەوە؟! کێ زستان

گەرم بکاتەوە؟! کێ بەهار بڕازێنێتەوە؟!

# ئاوازێك

## "گۆرانییەکم بۆخەونەکانت هەیە"

لۆمەی ژیان مەکە مە، نافامێێت!

ئێمە واین، نە لەخۆمان تێدەگەین،

نەزەمەنیش لەزمانمان دەزانیٚ!

○

گۆرانییەکم

بۆ خەونەکانت هەیە! بهێڵە دەنگە ژێیەکانم ئۆقرە بگرن! لێگەڕیٚ

لەناو ئەم ئاپۆرایەی هیچ نەوتنەدا، لەناو ئەم حەشدی رق و ئەم رەقبوونەوەی

مانایەدا، هەرێزی ئاوازێك، هارمۆنیای ئاوەزێکی نویٚ بەگوێچکەتدا

بچرپێنم!!

○

ئێمە واین! خاکمان بەو کەڕو کوندییەوەو

نەتەوەمان بەو لاڵە پەتیەوە خۆش دەویٚ!

ئێمە واین!

ئاومان بەم ناڕونییەوەو

گوڵە گەنمان بەم تەنگە تاوییەوە لاگرینگن!

لەگەردی بەرە بەیانێکەوە بگرە، تا دەگاتە جوگرافیای پەلکە گیایەك،

لەوەرزینە هزرێکەوە بڕوانە، تا تەماشای وەرزێرێك، تۆوی تاریکاییەکان

دەچێنینەوە، تارماییەکان لەباقەی شین

دەرو دەکەین، وەك ئەوەی

دەردەکەویٚ!

○

ڕوت،

هێندەی وشەکان ڕوت،

دنیا بەدوای خۆیدا دەمانباو ئێمەیش بپپەروا

بەدوایدا ئەودا ڕەوووو

دەکەین!

# ڕێمان

## "جوانی نابێ بەهیچ، ترێ بگاو شەڕاب نەبارێ"

تۆ، وەك من و

منیش ئەوەندەی دنیا كۆن بوم!

بژی، بمری، بەچی دەچێت، هێندەی كۆلارەیەك كەڵكی فڕین و

بەشی بەلەمێك لەپیاسەو بای پێكەنینێك لەسینەدا هەناسەیەك

نەمابێت! ئەمە چجۆرە وجودێكە سەرت هەرەسی بەفرو دڵت

بارانی بەلێزمەو سیات مافوری

پایزە هەوار بێ!

○

خۆشی

هەبێ و نەبێ چییە، باخێك

نەبێ، سەوز سەوز ژیانی تیادا بژەنیت!

وەرزت نەمابێ، سێوی تیادا

بچنی!

جوانی نابێ بەهیچ،

پەنجەی تیادا تەڕ نەبێت بەئاگر!

بەفری تیادا بەتینتر نەبێت لەدڵ، کرێ بدەیت و

سەعات بخەوێت، ترێ بگات و

شەڕابی لێو نەبارێ!

○

با دەست نوێژ، لەزەمەن بشکێنین!!

لەم وەرزە قاقڕو ڕەقانەدا ڕێماننابێتەوە، ئەم ماشێنی وجودە با بدەینە

دەست گێڕی فشە، بوخچەیەك لەهیچی هەڵپێچە، با بڕۆین بەرەو هیچ کوێ!

خەون لێرە تاریکترە لەشەو، ژیان لێرە نامۆترە لەتارمایی، ئەم مەملەکەتە

جێی نابێتەوە لەهیچ کوێ، بەردیش کەرامەتی خۆی هەیە، دەستت بێنە با

بڕۆین بەرەو خۆمان بەرەو هیچ کوێ!

○

سەروا شتێك نییە

جگە لەئاسمانێکی بەرتیل خۆر، جگە لەشەیتانێکی فریودەر!

بۆ ژیان نابێ نااا!

# سیڵفییەك

## "وێنەیەك لەخەزانی خەتاكانت بنێرە، با نەمرم"

لێرە نیت!

وام لەكافێیەك شین!

بێتاقەتییەك دەنۆشم ڕەش، شتێك

لەهیچ، بەگوێی خۆدا

دەچرپێنم!

سیڵفییەك

لەهەڵوەرینی خەیاڵەكانم

دەنێرم با بژیت، وێنەیەك لەخەزانی

خەتاكانت بنێرە، بااااا

نـــەمرم!

لەوێ نیم،

وەك ئەوەی دەردەکەوی لەژوریێکدا،

خەونەکانت سەوز سەوز دەهۆنییەوەو لەخۆ دەچنی!

خەمەکانت ڕەش ڕەش شانە دەکەی و لەخۆم ون دەکەی!

یەدەم چایەکەوە زەرد زەرد، پایزی نـۆش دەکـەی!

بەچرکە چرپە لەبری واقیع دوری

دەگۆڕیت!

ژوانێك ئەرێ دەکەی،

جێژوانێك لەپارچە شکاوەکانی نیشتمان ساز دەکەم!

پێیەکانت لەدلّم گیر دەکەی، باوەش بەخۆشەویستیدا

دەکەم، نغرۆ دەبین!

پەنجەکانم

لەناو پرچتدا چرپە چرپیانەو کەسیش نامانـ

ـبیستێت!

# هەورەکان

## "دژی هەر جۆرە پێکدادانێکم لە بۆشایدا"

خۆشیم
لەگرمەگرمی هـــــەورەکان نایەت،
دژی هەر جۆرە پێکدادانێکم لەبۆشاییەکاندا،
لەدڵی خۆدا دەڵێم: بژی هەر بژی
باران!

چێژ
لەبەریەککەوتنی هەورەکان نابینم،
دۆستی هەر چەشنە بەیەکگەیشتنێکم ڕۆمانسی، لەبەر خۆوە
دەڵێم: سڵاو سڵاو لەنەرم و نیانی
باران!

**تاقەتی**

**مینگە مینگی هەورەکان/م نیە،**

**شەفافیەت ئەوەیە: لەتەمومژیشدا هەبێت!**

**بەخۆم دەڵێم: داکردنت باش**

**بارانی!**

**گـــوێ**

**بەبۆڵە بۆڵی هەورەکان نادەم،**

**قسە ئەوەیە: لەبیانووشدا بیانوو بڕ بێت!**

**بەخۆت بڵێ: ڕوانینت ڕوناك**

**بەیانی!**

**لەماڵەوەم، کۆڵان کۆڵان مەگەڕێ، تنۆکە تنۆکت**

**بەنازانەوە هەرزانفرۆش مەکە، خۆم گرمۆڵە کردوە، لەدەرەوە خۆشخۆش**

**تۆ دەباریت، خێرا خێرا دڵم دەکوتێ ترپەی هاتنت!**

# سەفەر

## "مەفتوونی جگەرەی وەتەنەو سەرگەرمی پێچانەوەیەتی"

برادەرێك

هێندە شەیدای سەفـــەرە،

ڕۆژ تا ئێوارە بەئاسمانەوە فڕۆکەکان دەژمێرێت!

ئەوانەی دێن/نا، ئەوانەی

دەڕۆن!!

ئاڵای سەفـــەری هـەڵکردوە!

هزرو ئومێدو ئنتمای یەکپارچە بووە بەسەفەر،

ئەم خاکە لەژێر پێیدا گڕەی دێت، بەماپ ناوچەوانی دەخوێنێت!

رو لەئاوەکانە تا ئاسمانەکان، سیمای لەشوشە

شکاوەکانی غابات دەچێت!

**چاوی**

**لەباڵای نیشتمان ئەولا ترەو**

**دەستەکانیشی کورت ترن لەسەفەر!**

**مەفتوونی جگەرەی وەتەنەو ڕۆژ تا ئێوارەش**

**بەکاغەزو هەڵپێچی سەفەر، خەریکی**

**پێچانەوە لولکردن و لودانیەتی**

**بەدل!**

**سڵاوەکەی:**

**سەفـــەرت باش، سەفـەرت خێر، بەسەفـەر بچیت،**

**بەسەفەر بێیتەوە، سەفەرێك وەرە، سەفەرێك دێم، سەفەرێك بمبە،**

**سەفەرێك دەتبەم، سەفەرێك دەخۆینەوە، دەخەوین،**

**دەفـــڕین!!**

# زەمەن

## "ڕەنگە دوای تۆ، ببمە شاعیر، دەشێ دوای من ببیە ئیلهام"

زەمەن کـۆنی کردوە !

ئیمانت بەوە هەبێ، تازە فریا نوێکردنەوەی ناکەوین!

دنیا کەمیی کردوە ! باوەڕم بەوە هێناوە ئیدی چووو

ناگەین بەیەك تیایدا !

وەك ئەوەی ڕێیە دێڕێك بیت لاڕێ!

هەر دەڵێی نیوە ڕێیەکم بەرەو هیچ کوێ!

وێڵیمانی گەمارۆداوە زەمەنی نامۆ!

ڕەنگە دوای تۆ،

ببمە شاعیر! دەشێ دوای من ببیە ئیلهام!

ڕەنگە دوای من، ببیە ڕوبار! دەشێ دوای

تـۆ، ببمە غوبار!

# بێهودەیی

## "جامێك تاڵی لەو بێدەنگییەت بنێرە، دەردی بكەم"

لەوێم،

ئەوێی وەك هەناسەی من گەرم و

وەك هەست و نەستی ئێستای تۆ سارد، ئەوێی وەك / با/ بێباك و

وەك / نا/ خۆشتام، هیچم بۆ نایە

هیچ!!

○

دڵم

دەگۆڕێ، خەیاڵم دەفڕێ،

ئەوەی هەبوو بەتەنافی یادەوەرییەوە

جێما، لەدەرەوە ئاگر دە

بارێ!

دەبێ

چیبکەم؟! تۆ لێرە نی و

منیش بەدیار خۆمەوە وەك کۆترێکی

تەریوو بەسەر پەلە سییەکانی دڵمەوە هەڵکورماوم!

ئا/ بیر لەخۆم دەکەمەوە نا/ تۆم بیر دەکەوێتەوە!

جامێك تاڵی لەو بێدەنگییەت بنێرە،

دەردی بکەم و

ببڕێتەوە!

○

لێگەڕێ

هەر خۆڵەمێش دەزانێ سەبەب

چییە ئەم ئاگرە بـــۆ دوکـــەڵ

ناکات!

جگەرەیەك،

دەمباتەوە سەر زمان،

زەمانێك دەهێنمەوە بەر قسان، با/ پایزی چاوەڕوانیم دەباو

دەستم ناگری نا!!!

بەدمدا دێم!

○

ئێوارە وەك هەمیشە

خەریك بەنوسینەوەی ئاوابوونەو

منیش بێهودەیی تەمەن دەخوێنمەوە،

ناوەوەم دەکوڵێ لەدەرد لەئازار،

ئممم!! بەلادادێم!

# وێڵ

## "بە یەك دەمژین و لەیەك نامژین، لەیەك نامژین و بە یەك دەمژین"

بەیەك دەگەین و

لەیەك ناگەین، لەیەك ناگەین و

بەیەك دەگەین!

بەیەك دەکەین و

لەیەك ناکەین، لەیەك ناکەین و

بەیەك دەکەین!

بەیەك دەگرین و

لەیەك ناگرین، لەیەك ناگرین و

بەیەك دەگرین!

بەیەك دەخۆین و

لەیەك ناخۆین، لەیەك ناخۆین و

بەیەك دەخۆین!

بەیەك دەمژین و

لەیەك نامژین، لەیەك نامژین و

بەیەك دەمژین!

بەیەك دەدەین و

لەیەك نادەین، لەیەك نادەین و

بەیەك دەدەین!

بەیەك دەچین و

لەیەك ناچیین، لەیەك ناچیین و

بەیەك دەچین!

بەیەك غەریب و لەیەك ئاشنا،

وێڵ وێڵ، وەك لاشەی سەر ئاو، هەر دەڕۆین و

ئاوڕ لەهیچ نا دەینەوە!

# کۆدەکان

## "دەست بەڕوتانەوە مەگرن، شەق لەبۆشایی هەڵمەدەن"

کێ دەزانێ:

باڵای ئاو درێژترە یا بەژنی با !

کێ پێم دەڵێ: خورە خوڕی کارێز بەناوبانگترە، یا گڤە گڤی با !

سەرکێش تاڤگەیە، یا گێژەن و گەردەلوولی با ! بۆنی کانی تەڕترە،

یان شنە شنی با ! کێ دەزانێ: ئەوەی دەڕوا لەنایە یان لە با !

ڕێی دێرێك چیە نەدەما، لاڕێ

نەبا، تـۆی نەبا !

کوێرستانە !

چاو لەیەکتربڕین بشۆن،

دەست بەڕوتانەوە مەگرن، شەق لـــەبۆشایی هەڵمەدەن،

تف بەڕوی بادا، هەڵمەدەن، دلّم لەم هەموو پەرتبوونـە شکاوە !

جەم نابمەوە نەلەخۆم و نەلەهیچدا، دەنگی بەربوونەوەی باران

کۆنترە، یان کەوتنی بەفر! کێ لە کێ ناگا، نمەنمی باران،

یان تنۆکە تنۆکی ئاو!

خەرابـــایە !

چی

ئـاوڕ لەچی ناداتەوە، ڕێژنە بـاران، یا ورشـەو

بەفر!

چیبەچی ناگات،

چڕی باران، یا شەفافیەتی بەفر!

ئەوەی خۆشیناكاتەوە چیە؟ ئەشكی باران،

یان بارینەوەی وشكە پێكەنینی

پرووشەی بەفر!

هەبوونی ئەخلاق،

چەكەكان ناوەستێنێت، لەنەبوونیەتی

جەنگ بەرپا دەكا!

وەك نەقڵی بەدحاڵیبوونەكان،

لەدڵی دوو تاشە بەرددا، وەك پێكدادانی جیاوازییەكان،

لەغیابی عەقڵدا، ئەرێ كێیە لەكێدا، ژیان لەجیاوازیدایە،

یـــان جیاوازییە لـــەژیان دا!

قسە زۆرەو

بێدەنگیش نازانم بڵێم وەك

چی کەم!

تۆ بڵێ،

ژیان بەتوێکڵەوە خۆشترە یا وەك توتی بەپوتی!

بەهار بەگیاوە رۆمانسی ترە یا وەك پایز بەڕوتی!

بڵێ دەی!

ئاسمان خوێبکەی بەتامترە، یا بێگەرد وەك نان و ئازادی!

گوڕاڵکی ژیان تاڵ ترە، یا ئەتککردنی هەنجیرێکی نارنجی!

گوو بکەیتە

WC ئاسانترە، یا بەناوی نیشتمانەوە،

خواردنی!

# پایز

## تامی "با" دەگۆڕی، بۆنی "با" خۆش دەکەی!

پایز،

نەهەڵوەرینی گەڵاو نەڕوتبوونەوەی ڕەزو باخ و

نەخۆگۆڕینی درەختە، پریشکی ڕۆشنایی تۆیە

دەباری!

○

پایز، بەزمانی خۆی نەبێ نادوێ، جگە لەڕۆشنایی ڕەنگێکی دی ناپۆشێت،

لەبەر تۆیە کاتێك دێیت، خەزان هەترەش دەکاو هەر لەجێدا ناوکی دەکەوێ!

○

پایز،

سەر لەبا دەر ناکات، هەموو شتێك

دەگەیەنێ و بەخۆی ناگات، تۆ بەو نەرمییەی لێوت بەو گەرمییەی هەناسەت،

تامی با دەگۆڕی، بۆنی با خۆش

دەکەی!

بۆ هەڵوەرین،

هیچ کاتێك بەهێندەی ئێستا پایزی نەبووین!

هیچ ساتێك ئەوەندە لەبێدەنگییەکی ئاواهی

ڕوتدا نەژیاوین!

○

پایز،

بۆیە بەتاو دەباریێ،

تا لووتبەرزی نیشانی زەوی بدا!

تۆش خەمی ئەو شتانە دەخۆی

لەرەگی درەختێکدا،

جێمان!

○

پایز،

شۆڕشی نەوەیەك لەگەڵاو تۆش زادەی ئەوینێك لەکەلام!

چەندی دەویێ بۆ سوتان و چەندەی لاداوە لەهەڵوەرین،

نازانم!

# ئێوارە

## "پیاسەیەك ناتەواوییە بەبێ تۆ"

ئێوارە رژانی

تاریکی پەرداخێك ئینکارییە، لەنەهاتێکی تردا ! !

جگە لەکۆنبونی رۆژێکی نوێ، شتێکی تر نەماوە

لەئێستادا !

○

نەخێر ئێوارە،

روتبوونەوەی رۆژێکی ترە لەپۆشاکی رۆژانێکی تردا جێماو!

ئێوارە، ژیلەمۆی ڕۆژێکی ترە لەکوژانەوەی ڕژانی ڕۆژانێکی

تردا سوتاو!

○

بۆی

هەیە ئێوارە سەرئاوکەوتنی رۆژێکی تر بێت لەڕۆژێکی

تردا !

ئێوارە،

ڕژانی هەناری تۆیە ! ! هەڵوەرینی

هەنجیرە عومرێکە کورت لەبەژنی

دنیا !

○

بەڵێ ئێوارە،

خواردنەوەی کەفاوی سەر گڵاسێك شینە بەلێوی رەش !

سکوتێك رۆشنایی تارە لەفانتازو فەلسەفەی نەهاتێکی

تری تۆدا !

○

ئێوارە،

پیاسەیەك ناتەواوییە بەبێ تۆۆ! درەوشانەوەی

ئاگرێکە لەدور، دڵ دەبات و قوت ناچێت بەهیچ

کەس !

○

ئێوارە، دوا نمایشی نوێنترین تابلۆی جولاّوی ڕۆژ!

ئێوارە،

خۆ هەجوو کردنی هەموو ڕۆژێی ڕۆژە بەرەو

تاریکی!

○

ئێوارە،

نێوانی رۆژو شەو نیە، بەدحاڵیبوونە

وەك نێوانی من و تۆ، بەیەکەوە ناگونجێن،

بەیەکەوە نایەن، بەیەکەوە نابن!

ناسازێن!

○

ئێوارە، جوینەوەی قەوانێکە کۆن!

ڕێکردنی ڕۆژێکە بەرەو تاریکی بەشوێن پێیەکانی خۆیدا!

لەخراپترین حاڵەتدا عادەت گرتنە بەزوو خەوتن و زوو لەخەوهەستان!

کوژانەوەی سروشتی ڕوناکییەکە هەڵچوو، باکردنی هزرو

هەناسەی غرورە لەڕەنگدانی زەوی!

# بارگاوی

## "سست بەسەر شانی شکاوی شەقامەوە، پەست لەژەهری ژیان"

قەرە باڵغییەکە،

جگە لەبێدەنگییەکی قوڵ، سامناك،

جگە لەتەنهاییەکی کپ، دڵتەزێن، جگە لەبارانێکی وشك، نابینا!

جگە لەخۆم خۆمێکی ڕوت بەتەنافی نەرێتەوە، گەنجێتی لەهەتاو دەچۆڕێ!

لەتەواڤ دڵتەنگییەوە پیری بەلێزمە دەبارێ لەباخچە، خۆڵبارانە،

مەست بەتاڵاوی فرمێسك، پەست

لـەژەهری ژیان!

جەنجاڵییەکە هیچ دیار نیە! ئەم بێماڵییە چییە؟

ئەم نادیارییە لەچییەوە هات؟ ئەم ڕاڕەوە کەی ئەوەندە تەنگەبەر بوو، ئەم

تەنگ قەوی و ئەم چروك نەفەسانەییەی کەوتوونەتە ئێرەی کتێبەکانەوە کێن

هەڵکشەو داکشەی ئەم بەتاڵییە لەچییەوە دێ؟

ئەم تەیارە بۆ نافڕێ؟

شوفێری ئەم تاکسییە کێیە بۆ نایەوێ بکەوێتە ڕێ؟

بەلەمەوانەکە کامەیە، ئەم هەموو نابینایە کێن؟ گوێم لەهیچ نییە هیچ!

ئەم قەوانە چییە، ئاگری ئەم دوکەڵە کوا لەکوێیە، کێیە جێگۆڕکی بەشتەکان دەکات، ئەم بەندەرە کۆنە چییە بار دەکات بەسەر نوێدا، نوێژی ئەم هەموو بێئیمانییە سەربوردەی چییە؟! وەك سەگ، سەگێکی زیندو، سەگێك لەبری حەپەحەپ لەتەمای لەتە نانێك، میز بەهیچیدا دەکەم! دەست لەچاوەڕوانی دەشۆم، وەك گەڕیدەیەك لەبادا، بەدوای ماناماوە هەر دەڕۆم و ئاوڕ لەهیچ نادەمەوە، لەدڵی خۆدا دەڵێم: هەتا خەیاڵ دەبا ئافاتێك، هەتا چاو بڕ دەکا کەنارێك، گێلانە پاڵ بەشەپۆلەکانی مەرگەوە دەنێم لەناو مەرگدا! لەسەر گۆنای نەسیم بەفۆنتی با دەنووسم: وەك بەفر ناتوێمەوە لەتۆدا، وەك باران ناخنکێیت لەمندا، خاو دەبمەوە لەململانێ و نقوم

دەبینەوە لەناو لەیەکتردا!

بڕژێ لەدڵتەنگیم، با پڕبم لەنیگەرانیت!

ئەم بارگاوییبوونەم بۆ حونجە ناکرێ نا!

چاوانت ڕوو لەئاسۆو

نێوچەوانم لەتارماییدا کڕنوش دەبەن، هەورەو چەترێك چارۆگەیەك نییە !

بارانەو بەردێك پاتەیەك لەگۆڕێ نییە، ئەم دەشتانە لەپە دەستێکن دور بزمار

ڕێژکراو بەڕوی سەفەردا ئەم جەنگەڵە زامدارە زێدی کوژاڵك و لانەی زەردەواڵە

دەگمەنە سەمەرە خولقێنەرەکانە، گوێم بۆڕادێرە لەگۆڕەکاندا مەگەزەکانیش

چاوخۆرن، گەردەنت بێرەگ نییە قامەتت گۆچانێك نییە دودڵییەکانت بگرەوە

دایکم نەزۆك نەبوو، باوکم ئەو کاهینێك نیە شێت، خودای ئەوانت لەپشتتە،

خودای ئێمە لەگەڵتە، هەر چەند دوربیت نزیکتریت لەمنەوە، هەڵامەت

بگری دەیگرمەوە ! !

ناکرێ بەگومانەوە لەخواردنەوەت نەڕوانم نا،

دەزانم حەز ناکەی ئەوەندە هەستیارو هێندە ئاڵۆز بم ! لێ ئاگاداربە متمانە

پاشەکەوت ناکرێ ! سور چاوم لێتە بۆ پشوودانێك، لم کۆ دەکەیتەوەو بەدیار

زەمەنەوە لەخۆت دەڕوانیت، منیش ئەوەتا بەئەندازەی فڕین، خەریکم بەدیار

خۆرەتاویتەوە بیر دەکەمەوەو بۆ تۆ دەڕوانم، بەقریووەی نەورەسان بێت،

هێندەی نەماوە بناری یادەوەری باڵبگرێت !

ڕەنگە لەهەڕاجکردنی

نیشتماندا، حیکمەت هەبێ و

ئێمە نەمانزانیبێت!

ئەوە "تۆ"یت دەملاوێنیتەوە؟!

نەباران هەر بارینەو نەئاویش دەزانێ بۆ ئاوە!

لەکۆکە کانزاییەکانی دنیا تێدەگەم، دەزانم قوربانییەکان جگە لەدەنگێکی کپکراو تەنانەت فەزاشیان نیە، ئەم بەرازانە چۆن بوون بەئاسك و ئەم ئاسکانە بۆ بوونەتە بەراز، مەسەلەکە نەوعییەتی خوداکانە لەکتێبەکاندا! شەقام بۆۆۆ هێندە خۆی بەشۆستەکردنی گەنجەکانیەوە بادەدات، نەتەوەیەك خۆی بۆۆۆۆ ئەوەندە بەعەرشێك لەخەلۆزی کاتی کەڵەکە کراو، بەئێسقانی دڵ شکاوییەوە هەڵدەکێشێ، شانازی دەربارو بەربادەکانی شا لەچییەوە دێن وەهمە لەخۆدا، بەخودا نامۆبوونەوە، لەبەخود نائاشییەوە سەرچاوە دەگرێ، ترسە لەهێرش هێنانەوەی کێچکەکان بەسواری ئەسپەکانەوە! بڕۆ دنیا، ژیان ئەزمون بکە، ڕەگەکان بنکۆڵ بکە،ماڵێك دامەزرێنە لەگومان،

بیکە بەگۆڕەپانی شەیتان!

# سەرگەردانی

## "کانییەك لەڕونی وشەکانی منەوە، دەڕژێت"

**هەورێك**

بەسەر سەری منەوە دەگرمێنێت،

دەگرییەت! خۆشیناکاتەوە، پەشیمانی لێدەبارێت!

دەنگێك لەدورەوە بانگم دەکات، بۆنی ئاوازێکی ونبووی لێ دێت، تامی گۆرانییەکی خامۆش دەدات، چاو تروکانێك ئەولاتر خەیاڵم لەرەی یادەوەری دەیبات، بەخۆم دەڵێم گەر هەروا ڕقمان لەیەکتر بێ، چۆن دەشێت عەشق و خۆشەویستی لەم دنیایەدا، لەم بەرهەیوانەی خوایەدا، بەرقەرار بێت!!

سێبەرێك لەدرەوشانەوەی تەنهایی منەوە دەپژێت،

هەراش دەبێ، دەفرازێ، نیانی

دەڕوێت!

ڕۆشناییەك هەڵدێ،

شنەبایەك هەڵدەكات، چرایەك لەبێتامی خامۆش دەبێت!

هەناسەیەك ئەولاتر ئەوەی نافراژێت، ئەوەی پێنگات، چرۆی ئازادییە لەتۆدا!

پڕانێكی هەناری لەمندا بەبێدەنگیم دەڵێت: گەر هەروا لەهەموو شتێكی مندا

هەبیت، گەر هەروا هەموو شتێكت هەر هی منبێ و بەڵام تۆش هی كەسێكی

تربێت، چۆن دەبێت ئیتر دنیا، ئـەم مەئوایە هەست بەبێ

كەسی خۆی نەكات!

كانییەك لەڕونی وشەكانی منەوە، دەڕژێت!

بەزمانێكی فێنك دەڵێ: حەقیقەت وشكایی نایەت!

تارمایی نادیارێك بەدیارێكەوە دەكشێت، ڕۆشنایی دیارێك بەنادیارێكەوە

ڕەگەكانی دەكەونەوە ڕێ، شەپۆلدانێك لەئاگایی پەنهانێكدا دەخنكێێت!

نەفەسێك ئەولاتر ئەوەی لەناو ناچێ حەشارگەیەكی جەنگەڵییە لەتۆدا،

ئەوەی لەدەست دەچێت گەنجینەیەكی هەتاوییە

لەمندا، وەك بەجێمانی داهاتوو لەدوێنێدا!!

بەفری سەرم

ئەگەر هەروا ڕۆشنایی خۆی لەشەوی سیات نەبڕێت،

چۆن دەکرێت دنیا ئەم گەردونە لەکۆتاییدا غەرقبێت

لەتاریکیدا !

باوەڕناکەم،

هیچ باخێك هەبێت تامی باخێکی دی بدات، دایکم بەتامترین درەخت بوو لەناو هەموو ژنانی دنیا ! باوەڕناکەم هیچ گوڵێك بتوانێ بەهاااى گوڵێکی دی بدات، ئەووو بەهاااادار ترین گوڵ بوو لەناو کچانی دنیا ! ئەوەی هەنگە پیاوێك لەژێر دروشمی سۆرااغکردنی حەقیقەتدا دەیکات، مژینی گەرااااى حەقیقەت نییە، ژاکاندنی گوڵزارە لەحەقیقەتدا، خۆکوشتنەیەتی بەناوی ژیان کردنەوە، تۆۆۆ مەهێڵە وەك ئەو گەڵایەی هەڵوەرین سپاردی بەخامۆشی، کردی بەخۆڵەمیش، ببیت بەئازارێکی ئەبەدی لەخۆدا، بمکەی بەژانێکی ناخۆش لەخۆتدا، ئەگەر هەروا بەردەوام بێت کەڕییەتی ناخت، چۆن دەلوێ دنیا قسەیەکی تر بکات، چیتر ببیستێ !

بێدەنگییەك لەهەڵمی هەناسەی منەوە،

غەڵبەغەڵبی لێ دەتکێت! تۆفانێك هەڵدەستێت، باسەفای سنور دەبڕێت،

دوری لەپەرداخی ئینکاری دەڕژێت! وشەی هۆشمەند بەسەر شان و ملی

کپییەوە دەبارێ! ڕێگەکان دەبنەوە!

ئەی سێوستانەکەی ئومێدم،

ئەی ئەوانەی کاسەی سەرتان، پڕیەتی لەخەونی شکۆدار!

دەست بەترپەکانی دڵتانەوە بگرن، هەر دڵۆپەی ئەوینێکەو دەبێت بەدەریا!

دارخورما تیری نییە، ئەوەی دەمانپێکێت لەکەوانی خۆمانەوەیە ڕەها دەبێ

ئەم بیابانە دۆڵێکە لەبەرد، غاباتێکە لەخڕونك، ئاسمانێکە لەدەرد، زەوییەکە

ڕەش، ڕەق، تورە، لەقوڕگێکی خوساودا بەعادەت، سترانی

هەڵخڕێنەری سیپاڵ دەچڕێ!

موعانات

بەم هات و هاوارە کۆتایی

نایەت!

چەتری چاوتان بتەکێنن!

بەفوارەی تەبیعەت خۆ لەچۆڕاوگەی گۆشەگیری بشۆن، بێدەنگی سەوز دەبێت، غروری سنەوبەر دەشکێت، تەڕبوونی چۆلەکەی ڕۆحتان بەپەڕوداوی عەشق، دڵی تاشە بەردیش نەرم دەکات، دنیاا لەبەر پێتاندا دەکەوێتە سەر گاااااازەرای پشت!

لەعەشقدا شتێك نییە

بەناوی ئاوابوونەوە، نوری بەرەبەیانێکی ئەبەدی هەیە!

لەعەشقدا، فەزایەك نییە بەناوی تاریکییەوە، ئاسمانی میهرەبانییەکی شین هەیە! کۆڵانێك هەیە دەکەوێتە ئەودیوی چینەکانی غافڵگیرییەوە لەئاواییدا، شەقامێك هەیە خاڵییە لەکاڕوش و میوەجاتی بەرخۆر لەبازاڕدا، ئیمان هەیە بەڵام لاڕێکاری نییە، مرواری هەیە بەڵام مەرگ نییە، لەحەوزەی عەشقدا مارو مێروی بەدبەختی نییە، هەر زیندەوەرەو بەنۆرەی خۆی ملوانکەی مانایەك لەخۆشەویستی بەگەردنی ژیاندا دەکا، ئاو دەزانێ دەڵێمچی، زەردەخەنەم بەخشیە هەموان، ڕەنگم دابەگەڵاکان، یادەوەرم بەشکرد،

ناوم لێنان عەشق!

# رۆژێكدێ

## "چیدی لەتەك كەڤەرێكدا، گوزەری رۆژێكی دی دەرناكەوێ"

ڕۆژێك دێ

ئەوەی "ڕۆژە" لە مندا بخنكێت ئەو ڕۆژە!

ڕۆژێك بەڕێگەوەیە بێت، ئەوەی هەبێت بەناوی

منەوە لەخۆیدا دەسوتێنێت

ئەو ڕۆژە!

لەناو هەر دەردو دەردێكی تردا ئەو ڕۆژە،

لەنێوان هەر بەردو بەردێكی تردا ئەو ڕۆژە، بێ ڕۆژیم دەنێژێت ئەو ڕۆژە!

دەمێكسالە بەشوێنمەوەیە ئەو ڕۆژە، لەهەر شوێنێك لەپێشمەوەیە ئەو ڕۆژە،

ئاسمان دەبێ بەهەور، زەوی تاریك، دنیا سارد، زریان دەكەوێتە پژمە،

با دەستی خۆی دەوەشێنی ئەو ڕۆژە!

**تەنهاو**

تەواو تەنها، جیام دەكاتەوە لەهیچكەس، هیچكەس
جیا دەكاتەوە لەخۆم، زوو دێ، درەنگ دەڕوا ئەو
ڕۆژە !

**لەشەونمی**

سەر پەڕەی گوڵێكەوە ئەو ڕۆژە، زەردەخەنەیەك دەخزێ، دەكەوێتە درزێكەوە تەنگەبەرو تاریك ئەو ڕۆژە ! بڕوانن وەها خلیسكانێك چۆن غەرق دەبێت لەجوانی، ببینن وەها غزانێك وەها داچونێك چۆن خامۆش دەبێت لەڕۆناكی چۆن لەناو ڕوبارێكی بەهاژەو هەڵچودا جەستەیەك لەڕیشەوە چۆن بەردەبێتەوە لەژیان و چۆن دەكەوێتە ناوەندی قوڵاییەكانی وجودەوەو دەبێت بەخەزان ئەو ڕۆژە ! ئەمە سایەو سێبەری دواین سەفەری منە بەسەر منارەی چۆلیەوە ئەو ڕۆژە ! لەهەڵاوی نەسیمەوە ئافاتێك فرمێسكە گەڵا هەڵ دەكات، دەرگەیەك دادەخرێ، كاتژمێرێك دەخەوێ، دڵێك دەوەستێ خەتایەك تاڵ، تالأوێك شیرین لەسەر زاران، لەكۆڵ زەوییە دەبێتەوە
ئەو ڕۆژە ! !

دوور دوور دەڕۆم ئەو ڕۆژە،

بەبێ ئەوەی وڵامی تەلەفۆن بدەمەوە،

بەبێ ئەوەی ناونیشانەکەم لەکەس بپرسێت، تەنانەت ئەگەر شەبقەکەشم

نابێ بەدەم و چاومەوە، ملپێچەکەشم بەپانی پێچابێتە سەرو ملم، لەگوند،

لەشار لەکۆڕی یاران لەکۆبووەی دۆستان لەناوجێدا لەسەفەردا لەهەر کوێی

ئەم دنیا بم، دێ و بەتەنیشت ژیانەوە بانگم دەکات، دەمدۆزیتەوە ئەو ڕۆژە،

ئیدی چیدی لەتەك کەڤەرێکدا، ئیتر چیدی لەپشت گابەردێکەوە، گوزەری

ڕۆژێکیدی، کشانی هەناسەیەکی دی،

دەرناکەوێ لەمندا ئەو ڕۆژە !

تارمایی دوا تیرو کەوانی

ئەو دڵە ماندوەی عەشقی منە، بەسەر سینەی گۆیژەوە ئەو ڕۆژە،

دوا تریفەی مانگە شەوی منە لەجوگرافیای دورگەیەکی ون لەخودا

خەسار هەتا ئەو ڕۆژە !

لەو منداڵانە نەبووم، نامۆیی بمگریەنێت !

هەوەڵین ڕۆژی قوتابخانە بەدەنگەوە"ئەی ڕەقیب"م خوێند !

سەرچاككردن ختوكەی دەدام، پڕ بەدڵ دەتریقامەوە لەپێكەنیندا !

بەم جەستە ناشرینەوە جوان دەوەستام بۆ وێنەگرتن شەرمم لەغەوارەو ترسم

لەپرسیارو سڵم لەوڵامدانەوە نەدەكرد ! لێ ئەو نیشتمانەی لەدڵدا گەشەی كرد

خەسار گەورەیی بەبای كرد، منداڵی دەبووفێرە هەڵاتنت بكات لەگڕ لەجەنگ،

لەڕۆمانسیەتی نیشتمانپەروەری، دەبوو لەلوتكەوە بەرەو لوتكەیەكی بەرزتر

هانت بدات، نەك بخاتە سەر لیژنە دارو ترەكەڵەكی بەردو قەدەری كەڵكە

ئاو، نەك ئاگر بەرداتە گەنجێتیت و گەورەیت بگەوجێنێت لەخۆدا،

نەك بتخواتەوەو بخنكێنێ و بتكاتە پەناهەندە لەوانی تردا !

نەك لەخەونیشدا خەریك بەخنكانی خەونت بكا !

ئەفسوس هەتا ئەو ڕۆژە،

هەر دڵم شكاو هیچ شتێك دەنگی لێوە نەهات ! حەیف لەناو ئەم سروشتەدا

هیچمنەدی بناسرێتەوە ! !

كەژو كێوو بەندەنەكان،

شاخەكان، دەشت و دەرو نشێو، دۆڵەكان،

درەختەكان، گوڵەكان، سەوزایی، روبارو بەردەكان هەن!

بەڵام نەسەربەخۆن نەیەكێتییەكی هاوبەش كۆیاندەكاتەوە، نەپەیوەندییەكی حەقیقی لەنێوانیاندا هەیەو نەهێزی تێكلاو بوون بەیەكتریشیان هەیە لەكۆلان و لەشەقامدا، ئەوەی هەیە پرینگانەوەیە لەكتر، ئەوەی دیارە خولانەوەیەكە بەدەوری بێدەنگییەكدا قوڵ، وەك ئەوەی كەس نەیەوێ

بیربكاتەوە وەك ئەوەی خودا خەوتبێ و

جورئەتی بێداری نەمابێ!

ڕۆژێك بەرێگەوەیە بێت،

دەست لەنەشئەی گەڵا گوڵێك دەشۆن ئەو ڕۆژە، درۆ دەكا ئەوەی دەڵێ ئەمە كۆتاییەكانی فرینە، ڕوناكییەك ئاوا دەبێ ئەو ڕۆژە، ڕاست ناكا ئەوەی دەڵێ ئەمە ونبوونی دوا جێپێكانی بوونە، چاڵێك پڕدەبێتەوە لەمەرگ، وەستانی دوا هەناسەی ئاو نییە!!

ڕۆژێك بەڕێوەیە بێت،

فریشتەكانی ڕیایی، ئاپۆرای مەخلوقە هزر درۆینەكانی ئاوایی،

ئەوانەی گیرفانی عەتف و عەقڵیان پڕە لەنوقڵانەی عادەت بەخەتێكی قۆڕۆ

غلیقی لەسەر فلێكس و لافیتە ڕەشەكانی نەریتگەرایی، وەك ئەوەی بەهار

گرێ كوێرەی تێكەوتبێت، دنیا تەژی دەكەن لەگەڵاڕێزان، وەك ئەوەی بەهای

پایز تەنها لەخەزاندا هەبێت، دنیا تەژی دەكەن لەئەفسانەییم، پەنجەرەی

خەونە تەڕەكانی زستان ئەدەنەوە بەیەكدا، بەماڵەغانی مەجاز، بەداسەی

میزاج، بەرزاییەكانی هاوینەیم درەو دەكەن و گەنم ڕەنگیم دەبەنەوە سەر

پایز، خۆر خۆی نازانێ خۆر چییە، دەرەخت خۆی نازانێ چ میتافیزیكێكی

هەیە، كەچی باس هەر باسی ڕەنگ و قسە هەر لەسەر ئاوایی و

هەتاوی منە ئەو ڕۆژە !

ئەی ڕۆژی خۆرنشینم ! كاتێك دەگەی

دەزانم سیەكانی چێژت پڕن لەئۆكسجینە ئاڵەكەی مەرگ ئەوڕۆژە، دەزانم

سەدەڤ لۆژیك بەسەر پەنجەكانی سروشتدا هەر دەڕێژی ئەو ڕۆژە، دەزانم

دنیایەك لەمن هەر دەنێژی ئەو ڕۆژە !

هەر كاتێك دێیت بەخێر بێیت،

بەڵام تەنها یەك جار وەرەو ببڕێتەوە، ئەوەی نیگەرانی كردوم، شەپۆلە شینە شێتە بەرزەكانتە، هەر جارەو لەكەنارێك هەر ساتەو لەلاپاڵێكم فڕێ ئەدات!

دڵم بەهاتنە ئەبەدییەكەت خۆشە تۆش نەبای بەشوێن عەدەمێكی تردا دەگەڕا

ئەو ڕۆحەی سپییەی لەمندایە!

مەرگ قیتارێكە ئەبەدی!

فارگۆنەكانی پڕ پڕن لەسەرنشینەكانی ڕۆناكی بەڕەچەڵەك گوڵەباخی، پڕپڕن لەئیمانداری قیبلە نیان، پڕ پڕن لەدەقە هەڵوەریوەكانی درەخت، لەگوناهی نورانی، لەپاماڵی تەنهایی! لێ هێندەی ئاسمانێك لەهەور دڵتەنگیم هەڵدەچێ ئەو ڕۆژە، كاتێك دەبینم ئەو هەموو حۆرییە بەسەر سەری منێگەوەو لەگیانی شەكەتی منێكدا دەلەوەڕێن! هێندەی دەریایەك دڵپڕ دەبم ئەو ڕۆژە، كاتێك تێدەگەم لەززەت و هەوەسبازی، ئەوەی نەدەهێنا بۆی بمری، بۆی بكوژی!

بەژمارەی ئەستێرەكان خۆشحاڵیم دەفرازێت كاتێك خودا دەفەرموێ: ئێمان بەعەشق ئەمەی نەدەهێنا!

ڕۆژێك دێ، بەیادی جارانی دووووور،

جارانی تەژی لەدوعاو نەعامەو دەعبای ڕەش!

تەژی لەكوڵان و كڵپەی خامۆش، تەژی لەقەرەباڵغی و تەنهایی و پوچگەرایی،

وەك ئەوەی لەكونی ئاریچەیەكەوە ڕوناكی ببینیت، بەئامێزی ژیانەوە شەرابی

فەرهەنگی دەخۆنەوەو دەڵێن: چەند غەمگینە بێتۆیی **ئەرسێ**، چەند دڵنشینە

بەیادیت هاوڕێ، چەند جوانە هەڵدانی كۆلارەی

یادەوەری، چەند خۆشە بیتامیت!!

هێندە جوان دەنوێنم لەبەردەمتاندا،

هێندە پێدەكەنم لەگەڵتاندا، لەناوتاندا ئەو ڕۆژە، پێكەكانی نەوازشتان بڕژێ

و بەیەكەوە بەدەنگێكی گڕ وەك شیرە شیرەكانی خۆم لەنابەدڵیدا، بڕشێنەوە

بەسەر نەسازییەكانداو ددان بەمەرگمدا بهێنن و بڵێن ئیتر تەواو، تەواو، تەواو،

چیتر شایەنی ئەم سەر زەمینە نیت، دەمریت، دەبێ بمریت! ئەو ڕۆژە مەرگی

منە، فڕینێكە عەدەمی بەئاسماندا!!

# پەژارە

## "گەر ویستت شۆفێری ژیانی و دنیا لێبخوڕی، لاسار بژی"

دەرد، لەدڵم دەڕژێ!

سێڵاوەی ڕەش، تەزوە بەشكۆكانی ژیانی بـــردەوە

ژێر پرسیارو تاوە تەرزەی پەژارە، دیسانەوە سەرو

سینەم دەكوتێ !

بۆنی خاك، تامی ئەستێرەیی

زریانێك لەساڵ، فەنابوون لەمنداو بەسێبەری زڕگوێزێكەوە

هەڵوەرین! ئەم هاڵاوی بەهەڵمبوونەوەیەی دەریایەك لەعاتیفەو

خۆڵەمێشێك لەهەمەكی، لیوڕێژ بوونە لەبارینەوەی ژەهرو

بەدی بوونی جوانتر كردوم!!

منداڵیم،

باخچەیەك بوو لەجوانی، دەرد هەڵیپروكاند!

گەورەیم هەر بەڕێوە پەژارە ژەهرخواردوی كرد، تراژیدیا هەموو فەسەلەكانی

لێكردم بەخەزان، مێژوی ڕوت، جوگرافیای گومان ونیكردم لەخۆیداو هەرچی

كردم سەختەوەریم بەماڵ نەبۆوە، لەڕوانیندا. پڕ پڕ بووم لەماندوێتی چەم،

كەچی مەست نەبووم لەدڵدانەوەی ماسیەكان، خۆڕێژ بووم لەترپەی هەلاهەلا،

بەڵام ماندو نەبووم لەبەخودا شكاندنەوەی ڕێگە دورەكان ڕۆژەڤم لێزەوتكراوو

مانگ لەدەلاقە وجودەوە بۆمهاتەوە سەر چیچكان پەرتبوونێكی هەناری هەیە

لەمندا دەبێتەوە بەهەزاران پشكۆی ڕااااااام

نەكراو!

دەبم بەخورەمێك لەخورپەی پەژارەو هەتاویم دەپژێ!

دەبم بەزریانێك لەدەردو هەڵایساوێك دەملاوێنێتەوە، دەبم بەكارێزێك

لەتریفانەوەو ڕووبارێك خۆیم پێخەنی دەكا، دەریاچەیەك لەژەهر پەنگم

پێدەخواتەوە، ئەو دەمانەی دەشبم بەئاگر، دارستانی دەردە داریم

فێدەگرێ، بەچیاكان، بەچیاییەكاندا هەڵدەشاخێم!!

ئەوەی ڕوحی پڕ نەبوبێت لەپێکدادان،

تەفسیرێکی نەدۆزیوەتەوە لەمندا، ئەوەی باڵی زویر نەبوبێت لەهەدادان،

هەرگیز ڕەت نەبووە بەئاسمانی مندا!

بم دەنەوە! ڕوندکێك لەئەشکی چاوانم بدەنەوە،

با سوێراوەی پەژارە نەمخواتەوە! بم دەنەوە لوێچێك لەشیلەی دردم بدەنەوە

با ئەفسانەی دەرد، نەمباتەوە، قەترەیەك لەژەهری ژیانم بدەنەوە بااااا بژیم،

شانەیەك لەتێزابی بەردە چارە ڕەشەکەی عومرم بۆ بکەنەوە زامە قوڵەکانی

پەژارەوە باااااا نەمرم، ماڵە خانە هەوراوییەکەم، بارانی ڕۆژە ڕونەکان، ئەو

دورگەیەم بدەنەوە هەڵچونی بوغزو غەریزەی ڕوتەوە لەژیان، لەبەها باڵاکانی

وجود زەڕڕەیەك چییە نەیانتوانی کاولی بکەن!

دەرد لەدڵم دەڕژێ! تاوێرە بەردینەکانی پەژارە کەوتنەوە لێژی!

ئاسمان لەودیوو پەنجەرەکەمەوە بەکوڵ دەگری، روخسارم لەڕوخساری

ونکردوە، کۆتری سەر پەلەسیەکانی دەرد، نیخەیانە لەبێدەنگی!

بۆی هەیە هەناسەیەك بدزم!!

کات درەنگی کردوە، ڕەنگە چیتر نەتوانم لەگەڵ خۆدا پیاسەیەك بکەم!

زەمەن کۆنیکردوە، وەك ئەوەی برینێك بم لەبرینێکی تردا، نازانم هیچ تێناگەم

نەلەسەرمانەو نەلەترسان، نەلەبرسانەو نەلەحەشمەتان، هەرچییەك بیٚ،

لەکۆتایدا ئازادی هەڵدەبژێرم!

وەرە ئەی نار!

لەکۆتا زەردە پەڕی ئێوارانێکدا، ورشە ورشەی ئاگرێکی سور لەڕوانینمدا،

شەوەهای شەوووو زیکزیکەیەکی وشك لەگوێچکەمدا، نەهاتنی لێوی ڕەشت

بەلێومدا لەخۆمم یاخی دەکا، تاریکیت ڕاهێناوە بەتەنیایم بووەڕیٚ، شەپۆلت

فێرکردوە، لەدورگەیەکی تەژی لەقرژاڵدا جێگیرم بکا! ئێستا چەند بەجێیە

تۆ بێت و تا ئەوپەڕی سێڵاوە لاسارەکانی سەختەوەریم، خاڵیخاڵی دەبنەوە

لەزلزلەی بەختەوەری، تۆ بێت و بەیەکەوە وەك جارانی منداڵی بەرد بگرینەوە

لەقلەقی سەر دار تێلەکان! ئەوەی شکۆی نەبیٚ، دەردی دەردەکەی ئەرە،

جوانی لەکویٚ بوو!

دار عەسای خۆشبەختی

بەنیگای باڵندەیەك بەدوای حەییەوەو گەڵای مارانگەزیش بەشوێن سەماوەن لەگەڵ نەی، منی وێڵیش بەشوێن تۆوە پەلکە زێڕینەی پەژارە سواری خۆی کردوم! تۆ کەی دەگەی؟! بەختەوەری تاو تاوەی بارانێکی بەهارییە، دێت و دەبڕێتەوە، بەفری بەفرانبارێکی زستانییە، دێت و دەچێتەوە! مرۆ تا نغرۆ نەبێ لەتاریکیدا، هیچ لەحیکمەتەکانی ڕۆناکی تێناگات، مرۆ تا ژێکانی گەروی ژاهراوی نەکرێ تا تەماشای پەتیار نەکرێ نرخی لەدەستدانی بزەیەکی ئازاد، تاسەی هەناسەیەکی سارد بەهای ونبوونی لوێچێك لەڕۆشنایی نازانێ و نازانێ و تێناگات چەندە!!

من، هەر لێرەم!

تا ئەو ساتە مەستانەی بەرەبەیانێکی ئەبەدی دەمگەێنێتە مەحاڵ! تا ئەو دەمە لاسارانەی دەم دەمباتە ناو دەمی دنیایەکی تری بەتاڵ! پڕ بەهەموو بەندەرەکانی خەیاڵ، هەتاوی پەژارە لەچاومەوە دەبێ بڕژێ و دەبێ بنێژێ و فیچقە بکات!

لەبەختەوەریدا، جگە لەحیکایەت، شتێکی تر بەجێنامێنێت!

لەبەختەوەریدا، جگە لەخامۆشییەت پشکۆیەکی تر ناگەشێتەوە، تۆ وەرەو لێرەی لاساری مندا، هەرچی هەیە، لەچڕ بوونەوەی دەردو، ئەوپەڕی جوانی لەقوڵبوونەوەی پەژارەدا ببینە! فریشتەکان لەئەزەلەوە فێرە مەرایی و فێرە دوو زمانی و دوو ڕویی بوون! تۆ وەرەو بۆ من لەمەداااااار دەرکەوە دەمەوێ هەوای تۆ لەکەوکەبێکی تر هەڵمژم، دەمەوێ ئاگری ئەوین، لەئاوێکی تردااا، بکەینەوە ئێستا چەند خۆشە تۆبێ و بەیەکەوە وەك جارانی هەرزەیی، گڕڕڕڕ بەردەینە هێلانە هەڵواسراوەکانی نزا، ئەوەی ئاسمانی نەبێ دەردی دەردەکەی ئەرە، سایەو ئەستێرەو نەسیمی لەکوێ بوو!!

تۆ کەی دەگەی؟!

هاڵاوی ژێر دار سنەوبەرە عازەبەکانی ئێرە، تاااااقەت پڕوکێن و ژیانکوژن!

ئەم بناری خەیاڵە پڕ بووە لەچرکەساتی کاتکوژ، پڕ بووە لەماچی ناخۆش، پڕ بووە لەبۆن و بەرامەی نامۆ لێوریژ بووە لەبێهودی بەدمەست بووە لەپوچی

تۆ کەی دەگەی؟!

هاتنی تۆ بەناو پلیکانەکانی دڵی مندا،

قەلەقی فەتح دەکات، قوم قوم دەردو پێك پێك پەژارە،

بەناو ئەم چرە دوکەڵەی زەمەندا پڕ دەکات لەرۆشنایی، وەرەو با لەبەردەم پەرستگەکانی حەسرەت و مێرگە موجەڕەدەکانی خۆشنودیدا مۆزەخانەکانی شەیتان لەمەزادخانەکانی ژێریدا، هەراج بکەین، وەرەو لەبری ئەوەی خۆمان بەژماردنی ماچە سوتاوەکانی پەپولەو شوعلەیەکەوە، خەریك بکەین، وەرەو بالەبری کات بەهەڵدانی خێوەتگەی ڕەشبینییەوە بکوژین ئەرشیفی ئۆینبازی ئەهریمەن باوێینە چاڵە بەفرینەکانی فەلسەفەی وجودەوە! ئەوەی مەعدەنی لەخاك نەبێ پەژارەکەی دەردی ئەرە، مەنجەنیق و دۆزەخ و سوتانی لەکوێ بوو، تۆ وەرەو لەژوانی ئەمجارەدا دوا شەرحی دەردەداری دەبەینە بەردەم دوا ئاهەکانی کازیوەیەکی ئەبەدی و بەر لەوەی دەسنوێژ لەزریاااااانی عەشق بشۆین، زەمبیلەکانی دڵمان، پڕ پڕ دەکەین لەو هەڵوژە ڕەشانەی ڕەشەباااا، ویلاّشی لەپەژار بڕین، تاریکی لەسەری ئافاتە بێمروەتەکانی چیا دەردەکەین وەرە هێشتا فرسەخێکی ماوە بۆهەڵزنان بەباڵای لاساریدا هێشتا گەمارۆدراوە سینەی ئاسمان بەتەموتومان! هێشتا دەمی ئەسترەکان

خەنجەری بنار بڕن! تۆ کەی دەگەی؟!

ئەوە ئاسۆی ڕووووومائی تۆیە تۆ!

تۆ ئەی شنە لاسارەکەی دڵی ئەرە، بووە بەدەسرۆکەی سڕینەوەی ئەشکی

دارستانە قژ روتاوەکانی زەمانەو چاو هەڵێنانەوەی کانیلەکانی زەمینێکی تر،

وجودێکی تر! تۆ کەی دەگەی!؟

بەمەنتیقی چیا،

عەشق گوڵە نامۆیەکی لاسارە!

روتبوونەوەی درەختە لەتوێکڵ و گـەڵا!

ئاوسبوونی تارماییە بەدڵۆپەیەك هەتاو، ئەنفلۆنزای بەردە!

داڕوخانی شەهامەتی چینایەتی و تاوانە!

لۆژیك لەچیادا، حەرس حدودی

تاوانە تاوان!

تۆ کەی دەگەی؟!

وەرەو هەرچی سنور هەیە بیبڕە!!

وەرە هەرچی زەوی و ئاسمان هەیە

لاساری تێدا بچێنە!

وەرە لەمەرکانەکانی ئاودا!

هەتاوی عەشق هەڵێنجە، وابکە دڵی تاشە بەردەکان بەوپەڕی یەقینەوە نەرمبکەی، وابکە ڕێ ڕێ گوناهە جوانەکان، جێ جێ نیلۆفەریت شتڵبکەی، تفبکە ناوچەوانی هەر چەشنە دوستایەتیەکی نێوان مەرگ و ژیان، وەرەو لەو مەخلوقانەبە تراژیدیا پەروەردەو گەورەی کردن، لەریزی ئەو جواننا سەر سەختانەبە پەژارە نەشونمای پێکردن، تۆ وەرەو پێنج فەرزە لێرە دەرد دەرتباوێتەوە لەمردن، وەرەو ئەو چیرۆکە ئەفسانەییەی نەرێت، ئەووو بستۆکەیەی زمان کەڵدە!!

گەر ویستت

شۆفێری ژیانبی و دنیا لێبخوڕی!

لاسار بژی!

لاساااااری، خۆنەبەستنەوەیە بەکوشنی هیچ زەمان و زەمینەیەکەوە نەرێتی نەوەستانە لەهیچ ترافیکێکی سوننەتیدا، مۆڵەتی چەرخاندن ئەم ماشێنەی بوون، لەئەستێرەو ئاسمانی هیچ دیارو نادیارێك وەرمەگرە!

مەگەڕێووە بۆ هیچ ڕێسایەکی مێگەلی!

لاسار بەو جاددە حەڵاڵەکان بکە بەژێرەوە، بەربەستە حەرامەکان هەڵتەکێنە،
پستۆنەکانی دەنگت پێکدادە لەبۆشایدا، گوێچکەی حەپە حۆلەکان بتاسێنە،
لاسار بەو با گوڵەباغی عومرت بەروتی سەما بکات لەگەڵ دڕکدا، لاسار بەووو
بخەوە لەباوەشی پشیلەیەکدا لاساری ئەوەیە ئەنگوستەچاو دڵی شەوەزەنگ
بەهەموو یەقینتەوە بکەیتە بێژنگ!

وەرە، ئەوەی وابەستەیە بێهودەیە.

وەك وابەستەیی ئاسمان و ئەستێرەکان، وەك بەیەکەوە بەندی ئاریچەو
قفڵەکان وەك پەیوەندی جەگەرەو تەپڵەك وەك بەیەکەوە سامناکی جەنگەڵو
دڕندەکان وەك بەیەکەوە بەستنەوەی مەرگ و ژیان، لاساری ئاوەزی باراناوی
بەرەبەیانێکە تاریك، ئاوازی گۆرانییەکی سەحەرییە لەناوماڵێکی بێدەنگ،
فڕیووەی چۆلەکەیە لەبەفردا دەرکەوتنی تریفەیەکە لەتەوێڵتەوە بپژێ
ڕێنەدانە بەئێوارە، سادە لەچاو ئاوابێ!

وەرەو باااااااااااا نەهێڵن وەسوەسەو ئەفسوس

لەدڵدا هێلانێ بکەن، وەرەو با ڕێ نەدەین ترس لەچاودا جۆلانێ بکات، ژیان تێپەڕە وەك ڕاپسکانی خشۆکێك بەبێ ئەوەی پەلکە گیایەك بجولێنێت، وەك نەیزەکێك لەفەزادا بەبێ ئەوەی بدا لەهیچ وەك وێڵە گوللەیەك بەبێ بەرکەوتن بەهیچ، وەرەو باا ئەوسەری سنور مینرێژ بکەین لەپەژارەو دەرد هەڵگرینەوە، لاساری ژیانە گەیشتنەوەیە بەخۆت، کامڵبونی هەنارە بەخەتمی لیمۆی پڕ لەشیر مۆزی باسەفای سەر سینەی تۆ تێزی ئەزەلی شەڕابی دڕووە بەچنگی دڕکاوییەوە، بەرسیلەی ئومێدە بەلێوی موستەحیلەوە، سێوێکی سنگ سورە بەدەمی مەحاڵەوە، لاساری هەمیشە ڕونی و هەمیشە حەقیقەت و هەمیشە ئاونگی گوناهی بەرەبەیانێکی ئەبەدی لێ دەتکێ!

لاساری بەرد بەردێنە

لەگەڵ با، خەت خەتێنە لەسەر دەریا، هەڵماقۆ

کردنە بەدڵۆپەکانی باران، ڕەنگرێژ کردنەوەی

سروشە بەئەزەل!

تۆ وەرەو لەبری گۆڕ،

گوێ بگرە لەباخ، لەبێتهۆڤن، لەچایکۆڤسکی، بەردێکت نیشان ئەدا، بتوانی نەرم و نیانییەکەی لێکبدەیتەوە، وەرەو ڕوبکەرە سیمون دی بوڤوار، ڕەهاتر لەحەقیقەتێکت دەرەقەتی وەلانانی بێیت! وەرەو کەڤەر بەکەڤەری دڵرەقی بنکۆڵ بکە، وەرەو نغرۆبە لەلاساریدا، تۆش دەتوانی خلیسکانێ بەگالیسکەی وجود بکەی، تۆش دەتوانی جگە لەزەوی، ئاسمانیش بۆ فڕین، بکەیت بەهی خۆت، وەرەو ئەگەر ناشتوانی ئەمە بکەی، خەمێکم پێبدە هێندە قوڵ، هیچ بیرکردنەوەیەك نەیگاتێ، ئەوەیە ئەی یار هەر ئەوەیە دوا خەڵاتەکانی تاریکی ئەوەیە دوا سزااااکانی لاساری، هەر ئەوەیە حیکمەتی قوڵبوونەوە! وەرەو لەمندا، تامزرۆییەکی عاشقانە بۆ لاسارییەکی بەردەوام دەژی! لەمندا منێکی دەردە دار، دیارو نا دیارێکی بریندار، شادو ناشادێکی شێت، وێڵە بەدوااااااای بینینێکی تری تۆوە!

وەرەو بارانی دەرد ببارێنە سەر زامە بەشکۆکانی پەژارە!

وەرەو لەبەلەمە لاسارەکەی دڵی مندا، سەمایەکی شێتانە لەگەڵ کەفوکۆڵە سەر شینەکانی پەژارەدا بکەو بەسەر ئافاتەکانی دڵیمنەوە،

تۆ ببە دوا کاپتن!

دەریایەك لەپەژارە کەڵەکێك لەتارمایی،

چیایەك لەخەونی نابیناو تەختە ڕەشێك لەڕەشکردنەوەی لاساری شایلۆغانی

چڕانێکی بێژیانە ئەی یار! تۆ بڵێی خەمی ئێمە لەپەژارەی چیاکان بیّ، یان

چیاکان لەمەعدەنی پەژارەی ئێمە چیاکانن قەڵغانی ڕەش هەڵگەڕاوی بەردەم

لەخەم نەڕەخسانی خەمی ئێمەن یان ئەوە باخەکانی پەژارەی ئێمەن لەچیادا

بونەتە لانەی باڵندە کەنەفتەکااانی ژێر

تاوە تەرزەو باران!؟

تۆۆۆۆۆۆۆ، چیتداوە لەخوێندنەوەی دیرۆکی بەلاّلوك!

چیتداوە لەشرۆڤەی دار بەڕو، بەرد بەبەردی چیاکان لەدەرد بەدەردی

پەژارەی خەونەکانی ئێمە هەڵچنراون، وەرە لێرەی بێشوێنی مندا، گویّ بۆ

تریپەکانی دڵی با هەڵخە، ئەوسا دەزانی سەرچاوەی ئەم هەموو حەسرەت و

قەهرە، لەسەری چداهۆڵێکی درۆینەیەکەوەو لەبەری چڕەزێکی بێوەنەوزەوە

ڕژاونەتە وجودمانەوە، سەری ئادەم پڕیبوو لەشتڵکردنی گوناهی جوان،

پڕیبوو لەلاساری، بۆخەم و خەونی چیایی مەگەڕیّ!

# بروسکەکان

## "چیا ڕەش ڕەش فرمێسك دەبارێنی"

هەوەڵین زەنگی کاتژمێرە ئێشکچیەکانی

دوا مەودای ڕۆژگارە کاتکوژەوکانی نیشتیمان، بەدیواری بازنە داخراوەکانی

کولتورو لەتەماشای بروسکە تورەکانی مردنەوە، چاوەڕێ چاوەڕێ لەسەڵای

گرمەگرمی هەورە تەڕپۆشەکان و لەتەمای فەنابوونی ئێوارە ڕەنگپەڕیوەکانی

پیاسەی شەپۆڕ ژنە کاوێژکارەکانی خێڵی زیندە خەون و لەدیار پریکە پریکی

تاسەخوازی چاوگی ڕۆشنایی، لەچۆڕگەی پەنجە چڕنوکاویەکانی چەمەرەوە،

لەو سەر بۆ هەتا ئەو سەری ژێرەوژور کردنەوەی کانیلە چاوکزەکانی بەهار،

لەکاتژمێر ٢١ـی وەرچەرخان و ساڵوەگەڕی تروکە تروکەی ئەستێرەکانەوە،

تازە تازە یاری بەبێچارەیی چناری چارەنوسی سینەکوتراومان دەکا زەمەن!

یارییەك لەنێو کەوتن و هەستانەوەو خلیسکانی کاتدا، کاسەی سەرمانی پڕ

کردوین لە تاسەو چاومان دەگوشین لەترسان!

تارماییەك،

دەنگی لەدەنگی کوندەپەپۆو سامناکی

چاوی لەچاوی زریان و دەستی لەدەستەکانی قەعقاع دەچێ!

رەنگی لەڕەنگی خەزان و دڵی وەك دڵە تەوقیتکراوەکانی یەکی شوبات و

ڕەشەبای قوتابخانە مەرگ چێنەکـانی قەندەهارو تۆڕا بۆڕا،

وەك گورگەکانی تاران و ئانکاراو بەغدا

لێدەدات!

وای لەخۆمان

چ تونێلێکی داخراون کاتژمێری ناواخنی کاسەی سەرمان! دەستکوژی

دەسخەرۆی چ وەختێکە کـاروان سەرای ڕێی نـەجاتمان، چەلای پانۆرامایەك

لەکەرنەڤاڵی بێپەروایی چنەهاتێك ڕادەکێشین، خۆشیخۆشی چۆن گرەومان

لەساویلکەیی بردەوەو خۆکارخۆکار جیّ دەستمان چۆن لەهەراجکردنی

کـاتدا دۆڕاند!

سەیرکە چۆن میلەدۆزەخیەکانی

جەهەنەمێك لەئاگرو توانەوەی گالیسکە بەفرینەکانی کات لەسوتانی تەمەنێك پاڵدەنێین، گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ماچ و بڕینەوەی درەخت، لەکۆڵان و شەقامە شوشەییەکانی وەسوەسەو ئەفسوسدا بژمێرێت، لێوی ماچە فڕیوەکانی چۆن دڕدۆنگییەك لەنێو یاداشتە هەڵقرچاوەکانی چاولێکنان و کڵاوڕۆژنەی زەمەنێك دەکرۆژین لەسەرخوانی خیانەت لەژێر باڵی هەورەبروسکە درۆزنەکانی خەبات مێژوێکمان بێوەپیاوو بێوەژن کـرد !

تەماشاکەن ! لەئینجانەی مەخلوقە هزر ڕزیوەکاندا،

ڕەنگی تۆران و بۆنی تەپۆتۆزە خنکێنەرەکانی گرتووە ڕەونەقی تازە شکۆفە کردوی گوڵ ئەو گوڵەچرکانەی لەدیزەوگۆزەکانی دوێنێوە حەسرەتی هەزاران ساڵە دەخۆنەوە لەتینوان ! تینوی تێنەگەیشتن لەحیکمەتەکانی کات، تینوی نەزانین لەقورمیش کردنەوەی بناوانی هەستەوەرەکان !

تەماشاکەن! نیوەمان ئافریدەیەکی ئاژەڵی و

نیوەیەکیش سەرگەرمی نوسینەوەو تۆماری نیگەرانی زەمەنێك لەوڕێنەو

تەبلیغاتی مەعبەدو بێ خەیاڵی مەیخانەکان!

منداڵـــــــدانی نـــەرێت،

ژانی لەباربردنی کات، وشکی کردوینەوە لەخۆمان لەژیان لەبەردێك دەگەڕێین

سەری کاتژمێری پەی بردن، بەنهێنیەکان و قوڵنجی مەچەکمانی پێ لەباداری

و خۆخۆریدا بشکێنین!

ئەوەی بەخۆیەوە خەریکی نەکردوین کاتە،

ئـەوەی دەرفەتی بردین و دەرفەتمان لێی نەسەند هـەر کاتە، سەیرکـە چۆن

ئەشکە خوێنی چاوە کزەکانی خۆی دەڕێژێت تەمەن، جەستە کەنەفتەکەی

خەڵوەتگەکانی زیکرو تەویلگەکانی ژیریش، چۆن دەم لەبەرزە گەڵا دەکوتن!

سەیرکە چۆن هۆشمان لەسفرەی کاتە خوراوەکان فڕیوەو سوژەی دەستەمۆ

سەریان پێنەوی کردوین لەترسااااااان!

بێدەنگ بێدەنگ، وەك مەرگ لەناو گۆڕەكاندا

وەك مەخلوقە خەسێندراوەكانی كۆڵان، دەخولێینەوە لەكات كوشتن، بێباك بێباك وەك سەگە بێنەواكانی سەرەلۆین دەسوڕێینەوە لەمردن! هەزارانجار لەدواااااخالّی گڕوگاڵ و هەنگاوەڕێ و هەلّزنانەوە، چونكە بەر لەپەیدابوونی كاتژمێرەكان لەدایكبووین هەردەبێ لەناو بێسەروبەریەكانی كاتدا بتلێینەوە، چونكە بەر لەپەیدابونی ڕەنگەكان هاتینە بوون هەردەبێ دەستگەمە بەكاڵ كردنەوەی ماناكانیانەوە بكەین، ئولّفەتمان بەسوڕە سوتانێكەوە گرتووە، ئازار لەدوكەڵ بچنێ و گژەبای گەمژەیش گرەو لەژیان بەرێتەوە، پێماندەڵێت: هەرچی كاتی دنیا هەیە تەرخانی بكەن، هەرچی ڕەنگی دنیا هەیە تەخشانی بكەن، فریا جوانكردنەوەی گوڵێكتان ناخات! بنۆڕە چۆن، ببینە چۆن، لەناو كاتە گەردونیەكان و لەناو دەنگە بەربەریەكاندا، چەند بۆ چركە ساتی داڕێژراو چەند بۆبارینە ڕەنگی جاوید بگەڕێین لەمەملەكەتی كاتڕشتن و كات كوشتندا، ئەستێرەش بیت لەجریوەو چریسكەت دەخەن!

وای لەخۆمان!

نەجارێ جێدەستمان سوێی لەتراویلكەیی خۆی دەبێتەوەو نە نەخشیشمان،

شەرم لەهەموو بێ ئارمانیەی خۆی دەكات، هەر دیرۆكی دەوەنێكەو لەسەر

شەرەڤی مەركانەكانی ئاو، لەژێرسایەیی كاتژمێرە خەو قورسەكانی قەدەر،

لەگەڵ دەستڕێژی بروسكەكانی نائومێدی و زرنگە زەنگە تۆقێنەرەكاااانی

قاتوقڕی، لەموكەبەرە كۆنەكانی دوێنێی پڕ لەژەنگ و خاڵی لەنۆتەو دەنگی

جۆبار، مشت مشت خۆڵ لەچاومان دەكاو پشتاو پشتیش خەونەكاانمان

بەگواو دەشوات!

وەك پروشەی نەبڕانەوەی بەفر،

لەسەر باڵی لوتكە لوتكەی راچەنین و لەپێدەشتی داوەشانی ویژدانەوە،

سەیركە چۆن، وەكو مێگەل ئاوەزمان خوێ دەداو كات لەدوای كات هۆگریمان

دەسڕێتەوەو خێرا خێرا دەست نێـژمان لەكۆلیتە كۆن و كورت و كوێرەكانی

خوڕافیاتدا قانگ دەدات! تەماشاكەن، رابێژ ڕابێژی كەویكردنی ئەم

كەوانەیە تا دوێنێ كەوی نەكران!

کات کاتی ئەو شەمشەمەکوێرانەیە

تائێرە چاویان بەڕووناکی هەڵنەهات، چەپ و ڕاست وەختی ئێمە، بۆ کوشتنی خەندەو بۆ فڕێدانی چرکەیە، باهۆزێکە درەختەکانی میزاجی گڕ پێگرتووین، لەتەماشاو ئازاری وەستان، چ سەیرێکە گەلۆ، دڵت بۆ هەڵوەرینی گەڵاو گوڵە کات و گەڵاڕێزانی دارستانێك لێ بدا شاو گەدا لەسایەیدا بوونەتە مۆرانەو دیل و گرێگرتەی قۆژبنە ڕوخاوەکان!

هەموومانین، چرکە وەریوەکانی مێژوو،

دوا ساتەکانی قڕبوون، غافڵگیری ئەوەندەی بارستایی خەزان، پڕ بەباڵای پاساوە حازر بەدەستە پوچەکان!!

لەناو دڵی چوار گوڵدانی

پارچە پارچەی شوناسێکی بێناونیشان! بیابانە بایەکی نوساوو، نەسیمە دڵێکی خوساووو، ئاپارتمانێك لەکاتی کەڵەکە کراو، دوا دەرفەتی شێلانی گیرفان، غروری و جێگۆڕکێ لەگەڵ شەیتان، وای لەخۆ چیماننەکرد بەخۆمان!

**تەماشاکەن**

**هەمووشتێکمان لەخۆمان ستاند!**

**سەرمان لەزمانی پرسیاربڕی و کاسەی بێ وەڵامیمان لەمێشکدا تاساند،**

**لەکاوێژو جوینەوەی بانگەوازە بەسەرچوەکان، لەپژاندنی گوللەی وێڵ و**

**چاوشارکێ لەگەڵ نەمان، جاچی ماوە نەمانکوشتبێت لەکاااات، چیماوە**

**نەمان سوتاندبێ لەخەرمەنی نەجات! ئەی هاواااار شەکەتە جەستەو**

**بریندارە سبەی، نادیاااااااارە**

**چارەنوسمان!**

**نەدەستێك هەیە**

**لەخنکانی ئەم کاتانەدا رزگارمان بکاو نەباڵێکیش بۆ پەڕینەوە لەدوییێنێ**

**شك دەبەین!!**

**لەهەورە بروسکەی ئێوارانێك دەچین،**

**ون و تێپەڕ، ئەم هەموو ڕۆژو مانگ و**

**ساڵەمان بێ هەڵوێستە بەڕێکردن!**

بارانی ئەم هەمووو خوێنە ڕژاوە،

مانۆڕی ئەم هەموو كاتە خوراوە، نەیگەیاندینەوە بەخۆ، بەخودا، بەدەریا،

پۆخەی دارێكی بەرداری گوڵ بۆ پێنە كردین، بەرەو نادیارێك دەڕۆین سەعات

سفری ترسناكە ! ئاگاداربن! ئاگاداربن! ئاگاداربن! نابێ گیانمان هەناسەبدا،

نابێ خۆرەتاو لەهزرمانەوە بپژێ، گەلۆ هاواااااااااار، شەو شەوی كاتەو

ئێمە ڕۆژی خۆمان دۆڕاند ! !

دەبێ ئیتر...

لەگەڵ پەڕەگوڵی هەڵوەریودا سێرە لەكەوتن بگرین و نەوەستین، دەبێ

ئیتر بەجورئەتەوە بەسوتاااااانی تراویلكەدا هەڵشاخێین و بەدبین بین

لەدوربینین!

ئەی كاتژمێرە وەستاوەكەی مەملەكەتێك لەهیچی كات،

ئەی ئەو زەنگانەی بەرەو دوا كەنارەكانی نائارامی لم و غوباری بیابانمان

دەبەنەوە، ئەی ئەوپەنجانەی تەپڵی تەنەكەدڕاوەكانی راوە ژوشكمان پێ

لێدەدەن، گەر ئەوەیە دواحیكمەتی ئێوە، پێمان بڵێن:

کـوا لەکوێیە زبڵدانی!

گەر هەروا زریان و گێژنە هۆشداری ئێوە، کوا لەکوێیە دوا وەستانی!

ئەگەر ئەم ساتانە، دواهەمین بروسکەی بەر لەکۆتایی ئەم گەمەیەن،

ئەی دادوەری ڕاچەنین، زەحمەت نەبێ پێمانبڵێن بەکوێی مڕاوەغەی

شعورەوەن دۆڕاندن!

دەترسێین:

بروسکە بریسکەی ئەم کاتژمێرانە، کرۆو بەماڵی شوشەیمان

هەڵبێنێت! جیلە جیلە ئاونگی ڕۆحمان لەجامی تەمەنمان

بـــڕێژێت!

ئەی ئەوانەی دەبوو لەبیرمان نەچنەوە!

خۆ کەهاتن ئێوە عاشق بوون! عاشقی کات، عاشقی کێوو تەلان و دارو

بەرد! عاشقی ڕەزو باخ و چەم و هەرد!

بەڵام ئەمڕۆ:

لوتکەی هەور، لەحەسرەتتان لەجێی باران خۆڵ دەڕێژێ، !

چیاش ڕەش ڕەش لەشوێن شکۆ لەداخا فرمێسك دەبارێنێ! درەخت سور

سور ئەشکە سایە دەسڕێ، بەڵام ئەمڕۆ، لەڕەقیتان شەقی بردووە دڵی بەردو

دەقی گرتووە نەهامەتی و شکاوەتەوە بەژنی ڕووباااار!

ئاخر ئێوە !

چی چرکەی جوانی هەیە بردتان!

ئیدی ئێوە چی کات و ژمارەی جوت هەیە کوشتتان!

بۆ نازانن لەئاسمانی بێ هەڵوو لەدارستانی بێجریوەدا، کات لەبەفیڕۆ چوونی

خۆی ناپرسێت؟! بۆ نازانن لەجەنگەڵی بێ یاساو لەدەورانی فرە ڕێساااادا،

ئەگەر جریوە نەچێتەوە گەروی چۆلەکە خۆڵەمێشیەکاااانی سەرسوێبان و

ئەگەر بەرزی نەدرایەوە لەقلەقی سەر دارتێلەکان

مەرگ لەباشترین دۆخدا لەکەس

ناپرسێت؟!

وەرن یاران جەمبینەوە، وەرن لەودیو

پەرستگاکانی بەرد، لەودیو ئیمپراتۆریەتەکانی لمەوە بەرماڵێ

لەشەماڵ ڕاخەین، درەنگ نەبووە ! !

وەرن !

پێنج فەرزە شاهێدی مردنێکین،

دیوی ئەو دیومان نەدیوە، وەرن ئێمە لەوەچە گەنم ڕەنگەکانی کاتین چەندی

ماوە بۆ مەرگ نازانم ئەوەی دیارە چرکەساتی چاندن و  هەر لێرەوە دەستی

پێکرد، وەرن ئێمە لەپەیامە ئاسمانیەکانی گوڵەباخین، ئەها زەردەشت هەر

لێرە ژیاااااو هەرررررر لێرەش

مرد ! !

ئیدی چۆن دەبێت، لەپەڕەکانی گوڵەباخ،

شتێکی دی بڕێسرێ و لەخەرمەنەکانی گوڵە گەنم، مارووو مێرووو شا

گەشکەبن، ئیدی بۆ دەبێت لەنهێنیەکانی ئاوابوونی کات و لەسیحری

وشك بوونەوەی باران تێنەگەین بۆۆۆۆ!

# شنەی شاد

## "با لەناو ئەم وشە پەرشانەی زمانی مندا نەخنکێیت"

تاااااااا تۆ دابكەی

پرووووووووشەی وشەیش بلّند تر دەفڕێ!

تا تۆ ببارى لەوحەی یادەوەرییەكانیش رونتر دەبنەوە!

تۆ، ئەی بوونێك لەشنەی شاد، ئەی بۆنێك لەباخچەی تەڕو تامێك

لەمیوەجاتی خۆر، تا دەتوانی بلّندتر ببارە، ڕونتر دابكە،

دەزانی لەبێ بارانیدا دەمرم، دەزانم لەبێ

ئاسمانیدا دەخنكێی!

زمان لەچاوەكانم دەرمەهێنە، لەدنیایەكی تردا دەژین!

دنیایەك كەوتووەتە دەرەوەی هەر شتێك جگە لەتۆ، پەنجەكانتم بەرێ، چیتر

یاری بەدەقی كەزییەكانت مەكە، پەرتبوون نەئەستێرەی هەیەو نەئاسمان،

بۆئەوەی گوێت لەترپە گەرمەكانی دلّم بێت، بازدان لەهەوادا شلّەژانە،

وەهمەكانت بێدەنگ بكەی بەسە! تاواو نابین ئێمە!

# ڕەنگ

## "هەناریت دەچنێتەوە یادەوەریم"

تۆ ببینە،

وەك مامزە سورەیەك

بەهەردو لەندی ئەم ناوەدا،

چ بازبازێنێك دەكات،

ڕۆشنایت !

○

تا تۆهەبی،

شەو ناتوانێ ڕەشپۆشی خۆی بنووسێتەوە،

ناتوانی بگاتەوە ئاریچەو نـــاتوانێ ڕۆناكی

دابخات ! !

○

لەمندا، ئەوەی هەیە ون دەبێت،

تەنها مندالّی و تەنها تۆ نەبێت !

ئەووو

روندکانەی سینەت پەنای دان،

بیاندەوە بەخۆم و بەقوڵی بڵێ:

ژیان!

○

دەبێت بۆ لەخود نووسینەوەی

مندا، ئەودیوی وشەیش ببێت بەتۆ؟! دەبێت

بۆ، بۆنی گوڵ بگرێت، هەناسە!

○

رۆژێکدی

بەتۆزی عەشق، دەست

نوێژ لەبەیەکەوە بوون،

بشۆین!!

○

وەك ئەو پەرتوکەی

ئەنفالی نوسییەوە دەتبەمەوەماڵەوە، بۆ جێکردنەوەت چەند وشەیەك

پێویستەو بەس!!

لەنیگات، ڕەنگ

دەبارێ، هەناریت دەچنێتەوە یادەوەریم!

دڵ دادەچکێت، بەم پۆلە پەیڤە بێدەنگانەت!

بۆ هەڵوەرین دەدوام، گوڵیان گـرتەوە،

شوێن پێکانت!!

○

تا دەتگەمێ

گەرماوەکەی دڵت خۆشکە،

خۆشۆرێکت بۆ دەهێنم لەوشەی نیان

چارەی تۆو چامەی منیش

بشوات!!

# خاڵدامەنێ

## "شتێك بكە لەگەڵ هیوای من و بێئومێدی خۆتا بگونجێت"

خاڵدامەنێ،

خاڵدانان كۆتایی ڕێگەو

دوبارە گەڕانەوەیە بۆ سەر دێڕ. وازبێنە

لەهەڵگرتنەوەی وێنە خەیاڵییەكانی وجود، تۆ چیتداوە

لەگەرمكردنەوەی ئەم هەموو وشەساردو

سڕانەی نەیگەیاندینەوە

بەهیچ!!

هیچایەتی، ئەو ژانرو ژمارە هیچەیە،

چەند جارەی هەر شتێك بكەی هەر هیچ دەمێنێتەوە لەهیچدا،

هیچەكان تەنها لەنێوانی هیچ و هیچدا دەكەونە سەبەتەیەكەوەو

دەموچاو لەپەنجەكاندا هەڵدەگرن!!

خاڵدامەنیٚ،

شتێك بكە لەگەڵ هیواى

من و بێئومێدى خۆتدا

بگونجێت!

مەسەلەی

بەساڵدا چوونی وشەکان،

حیکایەتی تازەی پیر بوونی دێڕەکان،

دابێژو وێژەی کاڵبوونەوەی ماناکــان،

دەلیلی بێمەیلی زەمەنە،

خاڵدامەنیٚ!

ئەها ئەو ساتانەی دەچیتە ناو قوڵاییە بێسنورەکانی هزرینەوەو

لەپڕێك سەر هەڵدەبڕی خاڵدانان ئەوەندەی بازنە شینەکەی ژووور سەرت،

بەدرێژایی پەتیارە پەتییەکەی ئاڵاوە گەردەنت، وەك ئەو کۆترەی بەپاژنە

پێیەکانی خەریك بەخۆ خورتکردن و خۆ خوراندنی باڵەکانیەتی

ڕوانینت پڕ دەکا

لەغلۆر بوونەوە بەناو بۆشاییە سەروبەر نەگیراوەکانی

هەڵکورماندا!!

هەڵکورماوەکان

بەم هەموو بێ دەنگییەی خۆیشیانەوە،

لەگردێکەوە غلۆربکرێنەوە، لانەو لادێ و شارو کێڵگەو

ژینگەی هەموو ئەو بوونەوەرانەیش قوت ئەدەن بەدەم

دەمەوە لەپەڕەگرافەکاندا خەریك بەخۆ

ونکردنن!!

خاڵدانان، ژانری فۆتۆگەرافەرە ڕوتەکان و

دوا مەتاڤ ئەو مەخلوقە هزر ڕزیوانەیە لەململانێکردندان لەگەڵ مەرگ و بەدەم

هاواری خۆ کوشتنەوە تەنها بۆ لەبار بردنی مانا تەنها لەپێناو گەڕانەوە بەرەو

سەردێڕو سەرەتادا تەنها بۆدرێژکردنەوەی پەتینەرێت لەدوا نهۆمی بێدادیەوە

خۆیان فرێدەدەنە خوارەوە، خاڵدامەنێ!

# گەنجێتی

## "دەردە دەرد ، لەدڵێکی ڕەنگاو ڕەنگدا"

گەنجێتی،

پێگرتنی کلوە باریوەکانی بەفرە، لەگەرمەسێردا!

ورووژاندنی پرسیارە لەبەماناکردنەوەی وڵامە موجەڕەدەکاندا!

پڕبوونی مەرکانەکانی غەریزەیە، لەخاڵیکردنەوەی

بەتاڵیدا!!

○

گەنجێتی، هەڵکشانی جیاوازییەکان و

پژانی پرسیارە هەنارییەکانە، سەردەمی گومانە،

بێگوماندا، لەگومانکردن و بردندا!!

○

گەنجێتی، ڕەتکردنەوەی بەنداوەکانی

نەرێت و دەست نەگرتنی ئاوە بەچاوی

خۆڵاوییەوە، لەناو دەریـا نابیناکاندا!

**هەڵبەستنەوەی**

**سەرچاوەکانی هیواو ئومێدە لەکانیلە خۆش گونجاوەکاندا!**

**ئاوایە گەنجێتی، دەردە دەرد، لەدڵێکی ڕەنگاو ڕەنگی تەژی لەهەڵچون و**

**داچوون و بەرپا کردنی جەنگ، لەپێناو خود سەپاندنی**

**خود ئیرادەییدا!**

○

**ژیان کورتە!**

**دەشێ زۆریش تراژیك و بۆی هەیە تەواو کۆمیدیش بێ،**

**ئەو کاتانەی گەنجێتی وەك ڕۆح ناتوانێ ئۆقرە بگرێت**

**لەناو خۆتدا!**

○

**گەنجێتی،**

**نەپەیوەست بوونە بەسەقفەکان، نەپابەند بوونیشە بەدیوارەکانەوە!**

**نوایەك، ماڵێك، خاکێك، نیشتمانێکە هەموو ڕۆژی بونیاد دەنرێتەوە،**

**لەدڵـدا!**

# باران

## "سەلیقەی ئەوەت نەماوە پێکدا بچین و نەچینەوە"

باران، زۆر بڵێیەکانی منداڵی و

حیکایەتخوانی حیکایەتە تەرەکانی گەنجێتییە!

شیکردنەوەی دەردە، پاراوکردنەوەی پەژارەیە!

سوجدەبردنی بەکۆمەڵی ماچ و پڕ کردنەوەی

بۆشاییەکانی تاك و تەنهاییە!

جوانترین بارین، ئەو تنۆکانەن نازانن هەڵگری

چ بارستاییەکی مەزنن لەشۆڕش! لەوەش جوانتر خودی باران

خۆیەتی، ڕون بێت یا ڕەش لەچاوی شەودا!

باراااااان، نەباکورییەو نەباشوری، نەڕۆژئاواییەو

نەڕۆژهەڵاتی! لەکوێوە دێ، بۆ کوێ دەچێت، بەهەر لایەکدا دێ، بەهەر

جێگەیەدا دەڕوات، گرینگ نییە، خۆشم دەوێ!

ئەوەی لەدۆخێكدا دەمرێت،

مرۆڤێكە باراناوی، ئەوەی لەقەرەباڵغییەكاندا نغرۆ بوو، شارێكە لەناویدا دەژییەت و لەناوتدا ناژییەت، شەقام تكتك و دڵۆپدڵۆپ بەسەفەرو پیاسە لەگەڵ باران دەبوژێتەوە !

لەبارانەوە ئاشنای فــەلسەفــەی

هەمووان بۆ هەمووان بووم، لەبارانەوە شەیدای ئازادی و هزری ئازادگەرایی بووم، لەبارانەوە عەشقی پەلكە زێڕینەو فێرە ڕەتكردنەوەی یەك ڕەنگی و دوركەوتنەوە لەئایدیای چەماوە داخراوەكان بووم، وەك باران كەوتمە ئێرو ئەوێ لەكەوتن و هەڵسانەوە تێگەیشتم!

باراااان، ئەو دنیا ئاوەڵەو ئەم فەزا وروژێنەرەیە، دەژییەت لەناومداو دەژیەم و لەناویدا، ژیان بەدوای خۆیدا دەهێنێ و مردن بەپێش خۆیەوە پاماڵ دەكات !

لەتۆ دەکات بارین لەکپیدا، لەخۆم دەچێ باران

لەبیڕەنگیدا، خودایە چەند لەیەك دەچین من و تۆ، باران و بارین، تۆ هێندەی

باوەڕت بەڕێسمانەکانە، ئەوەندە بەئاسمانەکان نا، منیش ئەوەندەی بەباران

بەبەردەکان نا، چەند جوان پێکدا دەبارین، هەزار ئەوەندەش خۆش، پێکدا

دەچین و پێکدا دەچنینەوەو پێکدا دەچینەوە !

باران دیارەو برین نا،

هەندێجار ئەوەی یارمەتیم دەدا بیر نەکەمەوە، لەیاد کردنی بارانە !

تۆ نازانی کێشەیەکی چەند گەورەیە لەیادی، بیرکردنەوەکە برینەو

شەویش بێ بارانی !

دنیا، باڕوتە !

ئەوەی مرۆ دەلاوێنێتەوە بارینە، ئەوەی ژیان دەنووسێتەوە بارانە !

ئەو نیشتمانەی نەکەوتە سەرپێ، ئەو خۆشەویستییەی باڵی نەگرت،

ئاسمانی نیە ! !

# هەژان

## "دڵ دەبێتە بەرد ، نا نا وێرانەیەك بۆ مەمەکانی تۆ"

گەر

لەهەر وشەیەکدا،

ئەوسەری جوانیت باڵبگریٚ، گەر لەهەر تێکستێکداو

لەودیوی خەزانیش، سەوزایت بڕوێت، لەهەر کتێبێکدا ئەوپەڕی بێگەردیش

بخوێنیتەوە، سەدان کاتژمێر لەناو هەزاران نەغمەی بولبول و قریوەی قومریدا

بەسەر بەریت، هەژانێك داگیرت نەکات، ڕاژانێك نەتلاوێنێتەوە، دەسپێکت

هەمان کۆتایی و ئەڤینت فێرە درۆو دەسەڵات فێرە

لەناو بردنی ئاوەزت

دەکا !

بهەژێ!

جۆلانێ بەدرەختەکانی ژیان بکە،

درەختەکانیش بەراژانێك لەڕوان، راژانیش بەهەڵوەرینی گەڵاو

گەڵاکانیش بەڕوتاندنەوەی بوون، هەبوونیش بەنەبوون، نەبوونیش بەرۆح،

ڕۆحیش بەئاسمان، ئاسمانیش بەئەستێرەو ئەستێرەیش

بەچاوی تۆ، چاوەکانی تۆیش،

بەمن!!

هیچ لەجیاوازییەکانی نێوان ئەویندارى و

شەیدای فەلسەفەو ئیقاعی تاوتاوەی سیاسیەکان نازانم!

چش لەهەژان و چش لەشکانی تینوێتیم بەڕاژان، لەهەواد

بێ پاسپۆرت ئەم سنورانە تەی دەکەم!

لەهەر کۆڵان و شەقامێکدا خۆشنود،

تاوە تەرزەی هەژانێك هەیە بۆ ڕژانی تۆ، لەهەر شەقااااامێکی بەختەوەریدا

هەتاوی ڕێژنە بارانی یادێ هەیە بمهێنێتەوە لای تۆ، بەخەیاااڵی بەربوونەوە

بەرەو سەرێ وەرە باوەش لەیەکتر بدەین و بکەوینە پەلەقاژێ لەهەواااااادا،

وەرە با برێك پێبکەنین بەو نائومێدیانەی دەستیان ناوەتە بینە بینە قاقامان،

وەرە تا دڵدەبات بهەژێن و بەو کەرە کورتانکراوە تۆرانیانە ڕابوێرین داکی

خۆگێن و بانگی ڕۆمانسیانەی سەربەخۆیش بەگوێی خەڵکیدا ئەدەن، وەرە

ئەو خەونە بکوژین فیزایان دەوێ! !

وەرە بهەژێین! لەهەر ڕۆژێکدا، هەزاران

سەر لەزمانی پرسیار دەپەڕێندرێ، هەزاران خەونی شکۆدار لەشرینەی خەودا

دەخنکێندرێ بەستە بەستە نەفامی بێدار دەکرێتەوەو دەکەنەوە بەدواهەمین

داڵدەگەری نیشانەکانی سەرسوڕمان، بۆشاااییەك لەشەوو ڕۆژ پڕ دەکەنەوە

لەهیچ، وێرانەیەك بۆ مەمکەکانی تۆ!

## ژەنیار

## "گوێگرتن لەئیقاعەکانی دەریا بەسە "

گۆمە مەنگەکەی

دڵت بشلەقێنە کچەکە گیان!

بێخەیاڵی مەعبەدەکانی ئەم خەرابستانەیەی وجودت

بەوەتەری نەرێتەوە جێبهێڵەو

بۆ خۆت بفڕە !

ئەوسا دەزانی

هەروا زایەڵەی زەنگ و هەروا سەمفۆنیاو دەنگی مۆسیقایە بەخوڕ دەبارێ،

ئەوسا دەزانی، هەروا قریوەی قومری و هەروا سەمای ئەستێرەکانە بەشلْتوو

شۆی ئەوینەوە دەڕژێ! ئەوسا دەبینیت تارماییەکان چۆن بۆ دۆزینەوەی

پەنجە دزراوەکان لەباخەڵی تەرمەکانی یەکتردا دەگەڕێن، هەڵسە لەخەوووو

ڕابە کچەکە!

ئەو ژینگەیە جێبهێڵە کۆلآنێکی نییە نەتباتەوە سەر یەئس!

شەقامێکی نییە بتباتەوە سەر خۆت! جێگەی سەگێکی بەرەڵلآو بونەوەرە

بێزمان و باڵندەیەکی کێوی تیادا نابێتەوە! ئەم ناوە جێبهێڵەو بۆ خۆت بفڕە

ئەوسا دەزانی مرۆ باڵیشی نەبیٚ، دەتوانی پەڕەی ئیقاعەکان بگریٚ و بڕوااات

سەما بکات لەگەڵ بەرددا، ئەوسا تێدەگەی مرۆڤ زمانیشی نەبێت دەتواااانیٚ

پەنجەکانی ئاماژە بگریٚ، ببێتە مایسترۆی بەردەم ژەنیارە نەشازەکان ئەوسا

تێدەگەی مرۆ نابیناش بێت، دەتوانیٚ وابکا ئەبوو جەهلێك لەحیکمەتەکانی

روناکی تێبگا، دلێکی تەڕ بەسە بۆ ئەوەی بتوانیٚ تامی عەشق بکات، گوێگرتن

لەئیقاعەکانی دەریا بەسە، تا بتوانیٚ مەلەوانی بکا لەدەریادا!

ئەگەر نەتتوانی واقیعێك بەواقیعێکی تر بگۆڕیت،

هەوڵبدە مەودای نێوانیان بگۆڕیت، گۆڕانکاری ڕیشەیی لەگۆڕینی

تۆن و دەنگی وەتەرەکانەوە دەست پێدەکات!

# خۆت بەدور بگرە

## "قەڵەم ئەفیونە"

وەك گەڵا

هەڵوەرین لەژیان !

وەك کانی بەجێماین لەڕوبار، تێپەڕی

ژیان، لێرەوە ڕەتبوو ئاو، بەربووینەوە

لەبا، خۆت بەدور

بگرە لەداد !

ئەمە نیشتمان نییە، هۆڵی سینەمایە !

یەك مرۆڤ و هەزار مێش پرسیارێك و هەزار بەرد دەنگێك و هەزار ئۆپەراسیۆن !

بێدەنگییەك و هەزار ئۆپۆزسیۆن ! !

لەتێك نان و هەزاران قازی قاتوقڕی،

هەرمێیەك و قیرەقیڕی ناوەختی هەزاران بۆق، ئەزمونکردن شتێکە پەیوەندی

بەئێستاو بەیانی کەسەوە نەماوە !

قەڵەمێك كەوتە بەر هەڕەشە!

قەڵەمێك حەسیر مەیدان كرا، قەڵەمێكی دی زیندانی، قەڵەم ڕفێندرا، قەڵەم شكێندرا، قەڵەم دێگەڵە بەدەر كرا، قەڵەم بەنیشتمانەوە نەما، قەڵەم كوژرا! سەر بەئێستاو بەیانی نەمان!

دادگا، دەمی قەڵەمی یەكەمی بەست!!

زمانی دووەمی بڕی!! سێیەمی خەساند!! چاڵێكی بەچوارەم پڕ كردەوە! جەنازەی پێنجەمی خستە گۆڕی دێڕێكەوە تاریك! ببینە چیارانێك لەخوێنی قەڵەمەكانەوە دەباری، قەڵەم ئەفیونە!

دادگا، بەم چڕنوكە درێژو ڕیشە سپیەیەوە حەوسەلەی ئەوەی نییە خۆی بەقەڵەمەكانەوە مەشغوڵ بكات، قەڵەم چییە زمان درێژێكی بستە باڵا، بەرگەی خوێنبەربوونیٚ ناگرێت! دادگا خۆی بەشتە بچوكەكانەوە خەریك ناكا، خەڵكی لەواقیع مارە دەكاو واقیع لەخەڵكی تەڵاق دەدا، لەبارەی ئەتەكێتەوە دەدوێ و وەك چەخماخە لەسەر ملە بێڕیباتەكان سێرەو ستارە دەگرێ، دەلەوەڕێ، پشوو دەدات! قەڵەمەكان بچوكن!

دادگاااااا، کەشتییەکە،

زۆرینە بەکونێکدا دەباو فێریان دەکات، ناچاریان دەکات خوووو

بەدەسەلأتەوە بگرن!

سەیرکە!

ئەم خەڵکە چ تەماشەکەرێکی موزەییەفن!!

ببینە هیچ شتێك دیار نییە هیچ، نەئاسمان و

نەزەمین!

قەڵەم،

وەك یونس لەزگی نەهەنگدا، مەگەر خوداااااااا،

هیچ دەسەلأتێك نییە لەدنیای داخراودا ڕزگاری

بکات!

قەڵەم،

ئەفیوونە!

# خەونی گەرم

## "گۆرانیت بۆ دەچڕم، تا بەدوامەوە لاڕێ نەبی تۆ"

پەنجەكانم

بۆنی تۆیان گرتووە، لێوەكانم تامی تۆ!

دڵم خۆی دەخواتەوە، خۆی لێبووە بەتۆ!

هێندەی پارویێك ماوم ئەها هێندەی ببمە

قوربانی تۆ!

○

ئێوارەیەك دەبمە هەڵم بەهەتاوی ئەوینی تۆ!

دەزانم ناوادە دەمرم، مردنێك زۆر ڕۆمانسی لەحەسرەتی تۆ!

با بمبەن بمنێژن، لەناو مێرگ و سێوانی تۆ!

○

ئەم ئێوارەیە جوانی ماهم لەسەر ئەژنۆ دانا!

هەڵاتی بەدوای خۆیدا هێنا، تاریكی خۆیدا بەدەستەوە!

هاوارم كرد، شێتبووم لەدیار ڕوماهی تۆۆ!!

منت درەختی وشەو

منت ئاونگی سەر گەڵاکانی ڕستەو

منت باخەوانی خەم بێت، هەر غەرقدەبی لەڕۆشنایی!

گۆرانیت بۆ دەچڕم، تا بەدوامەوە،

لاڕێ نەبیت تۆ !!

○

تۆ، لەڕۆژئاواو

منیش لەرۆژهەڵاتی خۆمدا دەژیم! تۆ باکورو

لێگەڕێ دەی منیش با لەم بستۆکە باشورەی

خۆمدا بمرم!!

○

تۆ، ئێوارەیەکی فێنك و منیش خەونی گەرم!!

تۆ پاپۆڕی گەڕانەوە بەرەو خودو منیش پردی پەڕینەوە لەخودم! تۆ

بەندەری باڵندەو منیش دەربەندی سەراب، تۆ ژێر دارسنەوبەری عازەب و

منیش حەشامەتێك بەربەری سەر درەختە ڕوتەکان، تۆ خەڵکی دووور

ئەودییوو سنورو منیش نشینگەی ئەوسەری گۆڕ!

# هەیهات

## "هەنارەكانتان بیر نەچێت"

لەدیوارە بەردینەكانەوە،

بۆ/ ستارە ماندوەكانی ئەو سەری باڵەخانەكانی ئافات لەڕوانین!

هەیهاتە هەیهات! دڕكە شەپۆلەكان ئەو دیوی كەنارو ئەوبەری

بەرزاییەكان دەسمێت!

دوعاكان،

بێچارەیی دەیانپێچەوەو جەنگ بەكۆتایی ناگات!

دروشمەكان زیاتر بوون، دیلەكان هەروەتر شەهیدەكان بەدەم ئیعتیرافەوە

وەك خەرمانێك لەخەلۆزی كەوتوو بەڕێوەن ڕۆناكی لەبەرپێیاندا دەمرخێنێت،

دور لەهەواڵ و دەنگوباس و مانشێتی میدیاكان، هەر هەر نەوتەو بەبۆڕی

هەناسەداندا ئاودیوو دەكرێت!! هەنارەكانتان

بیرنەچێ!

# قەوان

## "دنیای ئێمە، سیحرێکە بەتاڵ"

چش تارکی!

شەوێکی بێکۆتا بەدڵ ترە

لەنا بەدڵی خۆ دوپاتکردنەوەی هەموو ئەو ڕۆژانەی

مرۆ دەکەنەوە سەرداری

بێدەنگی!

○

خراپترین

دەرد ئەوەیە، لەناو باخچەدا،

بەدوای دۆزینەوەی درەختەوە

بیت!!

○

هەر مرۆڤێك جەسارەت بەلەگۆڕنانی یادەوەرییەکانی بکات،

زمینەو بەیەکەوە هەڵکردنی جەللادو قوربانی لەناویدا هەیە!

دنیای

ئێمە، سیحرێکە بەتاااااڵ،

بەرجەستە ناکرێ بە زمان،

فریا ڕەسمکردنی ناکەوێ،

هیچ شتێك!

○

ئەو کۆترانەی

بەبەرچاویانەوە هێلانەکەیان تێکدراااااا،

تا ئەم دنیایە هەبێ دەبنە پەناهەندەی

دنیایەکی تر!

○

شەختەو ڕەهێڵەو زریان دایپۆشیوون!

حکومەت لەسەر زمانی وتەبێژەکەیەوە ڕایگەیاند:

لەسەرتان پێویستە خۆتان بپارێزن!!

○

نازانێ باشتر کامەیە تا بتوانێ باشتر بکات،

بەڵام واخۆی دەردەخات لێزانەو تێدەگات!

# كۆتاكان

## "مەهێڵە نەفرەت گەورەت بكات"

لەكۆتایی

هەر ڕێگەیەكدا، سەرەتایەكی

تر هەیە بۆ ڕێكردن بەناو ئەم سەرابستانەی بووندا،

لەدوا ئاوابونی هەر ڕۆناكییەك، هەڵاتێكی تر هەیە بۆ هەڵزنان

بەباڵای تریفەیەكدا، لەهەر ڕیتمێكدا، ئیقاعێكی تر،

لەهەر باهۆزێكدا ئاوازێكی تر

هەیە !!

تۆ، مەهێڵە وەك شەپۆلەكانی دەریا،

شنەبایەك گرفتار بەخۆ وێنا كردنەوەو خۆ دوبارە كردنەوەت بكات. مەهێڵە سۆزە نەسازەكان لەتۆدا بفرازێن، مەهێڵە نەفرەت گەورەت بكاو جەنگ بەرپابێ لەم دەربەندە بەدەردەدا!!

**هەرگیز فریوی**

**ئەو ماچە خەونانە مەخۆ، لێوی تریان ماچ کردوە، قەت متمانە بەو ڕوبارانە مەکە، کانیان بەجێهێشتووە، ئەوانەی بەرگەی خۆیان دەگرن نابنە پاشماوە، خراپترین دەرد ڕاهاتنە خۆ دەستکاری نەکردن لەسەرخۆ مردنە، گوێ بەواعیز دەرەکان مەدە، ئەمڕۆ بژی، سبەی سەرچڵییەك بکە، خۆت لەهەژان لەوروژان بەدور مەگرە ! !**

**ئەوەی گومانی نەکرد،**

**نەیتوانی ملی ڕێگەی خەونەکانی بگرێ و بڕواااا**

**بەرەو کەرنەڤاڵی تێکشکاندنی ڕۆتین و نەریتەکان، مەهێڵە بژاکێیت، مەهێڵە ونبیت، سپاس بۆ ئەو کەسەی گوتی" ئەوەی دەڕوانێتە پەنجەرەیەکی کراوە، هەرگیز بەڕادەی ئەو کەسە نابینێت دەڕوانێتە پەنجەرەیەکی داخراو" ببینە، باشتر تێدەگەی، هیچ ڕۆژێك وەك ئەوەی دەبێ هاوسەنگ بێ هاوسەنگ نییە دەبێ هاوسەنگی بگەیت، هیچ شەوێك وەك ئەوەی شیاوە شەو بێ شەو نییە، دەبێ شەنی بکەیت، تۆ مەهێڵە بتکەن بەگلۆپ**

**لەسوچێکی تاریکدا !**

# گەڵا كەلام!

## "نەهیچ ڕێگەو نەهیچ دەنگێك نایگاتیێ، ئەم تەمیان و بەرسیلەكچە"

گەر چیتر

نەتوانم شنەی شەنگەبی ڕوت بۆن

بكەم، چوونەوە سەر وەیسی بۆ چییە؟!

دنیا دەزانێ ئیتر، ڕەنگ زەردی خەزان،

خەتای چییە!

○

تۆۆ خۆتت بینیووە لەخۆت بچێ و باسی

خۆتت بۆ بكات! جوانییەكت بینیووە، ئەبەدی بێ و

تۆی تیدا نەبی! ماچی تەڕت بۆ چییە؟!

○

حەزم لەساردییە بەڵام هی دڵت نا،

هی مەجازت! خۆشیم لەبارانە دێ، بەڵام هی چاوت نا، هی دڵت! ئەم

لەدین و ئیمان بوونەی بۆ چییە!!

جۆرە وجودێك هەیە

تەنها بۆ بەفیڕۆدانە ! باران بووام تەنها

بەسەر تۆدا دەباریم ! ! ئاسمانم بۆ پڕ

دەکردی لەچۆلەکە !

○

چش لەدەوران !

گەڵا بوام هەموو وەرزەکانم دەکرد بەپاییز !

حەز دەکەم چاوم پڕبکەم لەوێنەت، تۆیش

پەلەی ڕۆیشتننتە !

○

پرسیارەکانی

لەدنکە هەنارو وڵامەکانی چوارر

جاران لەپایز دەچێ ئەم هەورە

نارنجە کیژە !

○

منی تا شوێنك بردوە ڕەگی لەخاکی هیچ ڕەنگێکدا نیە، نەهیچ ڕێگەووووو

نەهیچ دەنگ و نەهیچ شەبەنگێك، نایگاتێ لەجوانی ئەم گەڵا کەلامە کچە !

# دابڕان

## "خودا چۆن بووین بەغوبارو بڕاینەوە"

لـەسەر

ئەستێرەیەك دەژین،

نابینا، تەنگەبەر، تاریك، کەچی خۆش خۆش،

وەك جەنگاوەری ڕۆشنایی، وەك گەنجێکی خەیاڵ پڵاو،

وەك باڵندەیەکی جیٚماو خەریك بەوەم لەگەڵ

تارماییەکان، بچمەوە

ژوان!!

○

دیقەتم دااااااوە

هیچ شتێك لەژیان دڵکراوەتر نیە،

دڵی من نەبێ!

○

ئەم بنمیـچە، ئاسمان نیـە، ئەوەی دیارە سەرابێکە

قەشەنگ، خوداااا چۆن بوین بەغوبارو بڕای نەوە!

کەس

خەیاڵی لای خۆی نەماوە !

هەمووان دەیانەوێ لەخۆیان و لەواقیع دور بکەونەوە ! ئەمە

عەشق نیە، ئایدیۆلۆژیایە، عەشق پرسیار کردنە لەتاریکی،

لەروناکی، دابڕانە لەڕوو

کەشی !

○

جوگرافیا بەلوعەی ئاوە !

هەوەسبازە گەورەکان کەی بیانەوێ دەیگرنەوە !

مێژوو، ئەڕفێدەی تەندوری تەرەسیاتی سوڵتانەکانە لەسوتاندنی حەقیقەت !

ئاین باوکە، باوك وەك گان، پەروەردە دایکە، دایك وەك دان ! کشتوکاڵ نیرو

ئامورە، جوتیارەکە مرد، لەڕابردودا بەجێمان ! بیرکاری، خودا یەکەو نابێ

بەدوو ! زمان، فلچەی بۆیاغکردنی پیلاو ! نیشتمان، دڵێکی کۆنکرێت کراو !

ئابوری، خەڵوزی خێزان ! هونەر، ئەمازۆنی حەشەڕات ! فەلسەفە، هەموو

شتێك ناتەواوە، خۆی ناتەواوتر لەهەموو شتەکان !

ژیان، زۆر تازەی نیە ! !

# ئاینده

## "هەر ئێمە هەین لەم چیایەدا، هەر ئەم چیایە هەیە لەئێمەدا"

کچێك

لەخەیاڵی چۆلەکەیەك هاتە دەرێ و خەوت!

بەر خەبەر بوونەوەی لەخەونی قاوەیەکدا کوژرا!

قاوە، یانی پێ دەرهێنان لەفەرهەنگی

کۆڵان!

○

گڕەیەك گیانی داگرتوم،

روخساریشم گڕکان، تۆ دەزانی بەبێدەنگی ڕەش دەبم!

بێدەنگی یانی مردن!

○

لەیادگەی باراندا، هیچ شتێك نییە ڕێ لەداهاتوو بگرێ،

وێستگەی کۆتایی مردن نییە، مردن یەعنی موعانات!

بەد مەستە ئەم زەوییە ! بەر بادە ئەم خەڵکە !

بفەرموون بۆ دروستکردنی گەردونێکی دی، بەم هات و هاوارە

موعانات کۆتایی نایە موعانات مەعنای ژیان !

○

جانتایەکی گەورەی پڕ یادەوەریم هەیە،

رون وەك باران ! وەك بەفر لەسپیکردنەوەی ژیان، ژیان یانی حەقیقەت ! ئەو دەڵێ هەر ئێمە هەین لەم چیایەدا، من دەڵێم: هەر ئەم چیایە هەیە لەئێمەدا، حەقیقەت یانی خەڵوز، یانی دە فلس ! !

○

هەمیشە

خاکەڕابە ! ئەمە ئیدیۆم نیە، سایکۆی

بەیەکەوە هەڵکردنە لەگەڵ باران، دژی با !

ئەم هەڵکردن و دژە هیچییە، یانی

ئاوڕدانەوە !

**هەوا قورسە،**

**دار گوێز مەکەن بەبیانوو!**

**ئەم ڕوناکییە تاڵە، سووچەکەی ئاسمان نییە!**

**غەرقبوون لەتریکیدا بووە بەعادەت، خەتای شەو چییە!**

**بمچێنە ئەی با، بمڕوێنە ئەی باران، خودایە**

**لوتفێك ئەرێبکە، دایکە**

**مەرهەمێك!**

○

**وەك من!**

**عادەت بەسەرزەنشتکردنی**

**هەموو شتە نێگەتیڤەکانەوە مەگرن لەفەزا گشتییەکەدا، فشەتان**

**بە ئایندەو تەندروستی خۆتان نەیەت! ! ئەمە گرینگترین شتێکە**

**بیزانن، بیپارێزن، لەژیان**

**تاندا!!**

# نامۆیی

## "وەك گوڵێك لەناو دڕكدا"

وەك ئەو پەیامەی دەگاو ناگا !

وەك ئەو دەسەڵاتەی بەدەست بێدەسەڵاتێكەوە لەترساندا دەفیشكێنێت !

وەك ئەو بڕوانامەیەی لەباخەڵی نەخوێندەوارێكدا زمانی شكاوە لەحەسرەتان

وەك بانگەوازێك لەقوڕگی زار قەرەباڵغیكی بێزماندا ! وەك گوڵێكی بێچار لەناو

دڕكدا، وەك میللەتێك پەست لەبێسالیدا، وەك سەركەوتنی با بەسەر باراندا،

هەست بەنامۆیی دەكەم لەئێوەدا !

○

چۆن پۆلە چۆلەكەیەك لەپرێكدا خۆیان بەدارتوویێكدا دەكەن،

ئاوا بەپڕتاو هاواری ئازادی شەپۆلەكان خۆی بەمێشكمدا دەكات، كەچی وەك

ئەو كراسەی بەتەنافێكەوە با بیەوێ شڕو دڕی بكاو كەس نەبێ ڕزگاری بكات،

ئەوەی هەیە دەخنكێ، ئەوەی هەیە با دەیبا، نەخوێن دیارەو نەدەریا، نامۆم

نامۆ، تەویلم مشتێك بایە، دلم دەریایەك بارانە لەخەوندا !

# پۆزش

## "ئەو نائومێدیانەی نیشتمان بەداخیانەوە دەفەوتێ"

لەمنداڵیمەوە،

پێچەوانەی "سیزیف" حەز بەغلۆر کرنەوەی

زەمەن دەکەم!

○

تەنهایی،

مرۆڤ دەکا بەزۆر شت،

لەوانە: روح خۆری خۆی، ئەو

درمەی هەمووان قوت

دەدا!

○

باتیڵەکان

لەسەر کەوڵی بەتاڵ نەبێ، نەبوونە

بەتەڵ!!

ئەو نائومێدیانەی

نیشتمان بەداخیانەوە دەفەوتیٚ، پۆزشی

سیاسیەكانە ناگات! ئاكارو رەفتاریانە

ئابوڕی دەبات!

○

ئەم ئاوەزە،

ئاوەدانی نەهێشت! ئەم سیاسەتەیش متمانە!!

ئەم خاكە گەڕە، ئەوەی دیٚ دەیبا، ئەوەی هات

سواریبوو!

○

كات كۆنیكردوە! حەزم لەخواردنەوەی قاوەیەكە، هەتاوی!

دلّم خراپ خۆشە، پیس لیٚدەدا! هەست دەكەم تالّی دنیا بەم درەنگیەوە

خۆش تامتر بێت! خودایە ئەم خەیالّە، ئەم خەونە وابێت!

○

روبارەكااان پیاسە دەكەن، چیاااكانیش جیٚگۆڕكیٚ!

سینەی ڕۆژنامەكان دلّی سایتەكان پڕ بووە لەدرۆ!

# سیاسیەکان

## "بای بەرژەوەندی بەهەموو لایەکدا دەیانبا میللەت نەبێ"

لەبەر با،

سیاسیەکان تاقەتی بیرکردنەوەیان

نەماوە !

○

یەکێك لەخەسڵەتە قۆڕەکانی سیاسیە

خۆرهەڵاتییەکان با کردن و با بردنە، خراپترین

نەوعیەتیش مێشك بەرییەکەیەتی !

○

دڵی سیاسیە کوردەکان،

خراااااپ ڕەش بووە لەیەکتری،

بای بەرژەوەندی بەهەر لایەکدا

دەیانبا میللەت نەبێ !

# هەتاوی

## "پشت لەفانتازییا زایەڵەی دێ، ڕەنگ ڕەنگ ئەدا"

چیت دەوێ؟! چەند بەربەستی ئەویندارو

چەند عەرشی عەشق ماوە بی لەرزێنین بی بەزێنین؟!

بڵێ دەی تا بیتوێنێتەوە هەتاویمان!!

○

پەنجەرەیەك هەبێ بەسمە!

ئەمە نە لەبەر ئەوەی دنیا ئەوەندە بچوکە، بەخاتری ئەوەی پەیوەندی نێوان

من و هەتاو تێك نەچێت!

○

بەگارسۆنەکەی وت:

بەئەرك نەبێ دەتوانی ئاوێکم بۆ بێنیت؟ وتم: تۆ بۆ بەم

هەموو لوتفە هەتاویەتەوە، داوا لەخۆم ناکەی پیاڵـەیەك

ژەهر بخـۆمەوە!!

هەتاویت نەسەرەتای هەیەو نەکۆتایی!

نەتێدەگاو نەپێدەگا، نەبیرکارییەو نەمێژو کرد! کەوتووەتە دەرەوەی

جوگرافیای زمان و کیمیای وشەوە، پشت لەفیزیای شیکارو فانتازییای

فەلسەفی، زایەڵەی دیَ رەنگرەنگ ئەدا!

○

نێوانی سێبەرو هەتاو،

تاڵە موویێکە لەزەمەن! زەلیلەکان لێی تێناگەن،

شەکەتەکان پشوون!

○

لەو ڕۆژەوەی

"هاوڕیَ کاوە" ژیانئاوایی کردوە،

قاقای هەتاوی سەرشەقامەکان نابیستم!!

نازانم چۆن دڵی باران بدەمەوە،

بێهۆۆۆۆشم!

# خەڵۆز

## "فوو بەڕژییەی ئەم نەرێتەدا مەکە"

حەزدەکەم بەر لەوەی

سەری خۆم هەڵگرم و بڕۆم، خەونەکەی

دویێ شەوم بۆ ئەو بگێڕمەوە، بەڵام کوا،

لەکوێیە دیار نیە ئەو!

○

لەخەونێکدا، خنکێنەر بەعاتیفەی بەفر!

ماچێك بەتامی ئێستا وەك باران، نامەیەکی بەتاڵ،

پێتنەوتم چیت دەوێ لەچاوەکانمدا!!

○

وەك خەڵۆز! هەر بگەشێتەوە شتێك دەبرژێنێ، شتێك بەقوربانی

شتەکی دی دەکات، یەك دەکاتە خۆراکی یەکێکی تر! هێندە فوو بەڕژییەی

ئەم نەرێتەدا مەکە، ئەوەندە باوەشێنی ئەم باسە شاشە مەکە!

گوێم لەکچەکەمانە، "وارێ"

بەدایکی دەڵێ: بابم بۆ نایەتە لای ئێمە؟! بۆ نامانبات بۆ پیاسە؟! چیداوە

لەو هەموو خوێندنەوەو نووسینە؟! دەڵێی منی لێ ونبووەو نامدۆزێتەوە!!

چۆن بگەمەوە ئێستا، نازانم!

○

لەهەر شوێنێك،

ئێستا زاڵ بێت، ئێستا وەك ئەزمونکردنی ئێستات،

ئێستا وەك ئەزبەرکردنی ئێستات، خوێندنەوەی دوێنێ، تێگەیشتن لەبەیانی

بەهایەکی ئەو تۆی نابێت، حەز دەکەم وەك کچەکەمان، وەك کوڕەکەمان،

وەك نەوەی ئەم سەردەمە دیجیتاڵی و بێماڵییە لەبری تەفسیراااتی دوێنێ

لەبری گەڕان بەدوای بەیانییدا، منیش بەشوێن

ئێستاوە ویڵبم!

○

خودایە! لەم تەنهاییەدا، باوەشێك،

لەغەوغای هیچ نەوتنەدا، بارانێك!

# دەزانی

## "مانگ نابینا نەبا، بەدەوری زەویدا نەدە خولایەوە"

دەزانی

حەزم لەچییە؟

بارانێکی خۆش، بەڵام بەلێوی تۆ

دەنوك لەچاوم

بدا!!

○

دەزانی ڕۆناااااکی چییە؟! ئەوەی گوڵە

بەبیوونێك دەیپۆشیٚ، لەرۆشنایی تۆ!

○

دەزانی میهرەبانی چییە؟

گوڵێك هەڵوەری، پەپولەیەك بردیەوە شوێنی

خۆی بەدەستی تۆۆۆ!!

دەزانی چی؟

مانگ نابینا نەبا، چرکەیەك چییە

بەدەوری زەویدا نەدە خولایەوە،

لەبەر تۆ!!

○

کێ دیویەتی گوڵ، گوڵان ئاوبداو گوڵ بچێنێت؟!

دەستیان لێمەدە، هەموو دنیام لێمەکە بەخۆت!

○

بۆت دەنووسم،

دنیا لەپشتی تۆوە تاریکە، بەمە دەگوترێ شەو!

بەداخەوەم ئاسماااان باراناوییەو تۆ لەوێ نیت!

بیرت دەکەم!

○

دۆزینەوەی تۆ، دۆزینەوەی

دنیایەکی تر بوو بەلای منەوە! ئازادی لەم دنیا نوێیەی تۆدا، داهێنانە،

پێشتر دەیانگوت بیدعەیە!

# کوردایەتی

## "با ی وادە هەڵێکرد ، با یەکی دی بردی"

خۆر هەڵات، خۆر خەوی لێکەوت !

سێبەر هات، لەهۆشخۆی چوو هەڵنەستایەوە !

شەو مایەوە، تاریکی ڕۆیشت ڕۆژ نەگەڕایەوە،

کەوتینەوە ڕێ ڕێگەیەکی دی !

○

با"ی وادە هەڵێکرد،

با"یەکی دی بردی ! با"نابێ بەدۆست،

ئاوڕی نەدایەوە !

○

مەڕێك،

مەڕەکانی دی کردە قوربانی !

کەنار، کەنارێکی تری خنکاند،

نەبڕایەوە !

کێ یەکلای بکاتەوە؟!

ژیان، کەوتەوە ژێر دەستەی زەمەن! گۆماوەکان

پڕ بوونەوە لەگومان!

○

ناڵەیەك،

هەزار ساڵە دەنگی دێ ناگاتە دڵنیایی!

کوردایەتی کەتافەیەك مەی بوو ڕژاااااا،

خورایەوە!

○

دەنگی گوللەیەك هاااااات،

بەختەوەری فڕی، شەهیدەکان فریا گۆڕینی حەرەسیات

نەکەوتن، نەحەسانەوە!

○

هەموو ئەوانەی ڕۆیشتن،

جوانیەکانیان برد لەگەڵ خۆیان! ئەوانەی هەموو جوانییەکانیان بەجێهێشت،

تەنها شەهیدەکان بوون!

# گۆرانی

## "وەرینیش سنوری خۆی هەیە"

ئەم پایزە، سواری هەورە ڕونەکان دەبینەوە ! !

سەفەرێك دەکەین پێکدا، ئەبەدی، چپەی گەڵا بەگەڵای باران دەهۆنینەوە !

ئاخر خۆ وەرینیش سنوری خۆی هەیە، دڵتەنگییەکان بەتەنیشت خۆمانەوە دەنێژین، ناگەڕێنەوە زەوی دەکەین بەگۆرانی !

○

خۆڕاگربە، بێگوناهی لەشەرم دەردەکەین!

بەرائەت لەدەست بێباکی با ڕەها دەکەین، هێلانەیەك لەپوشکە بەپوشکەی بەفر بەدەنوکی کۆتر چێدەکەین، ئاخر خۆ زەمەنیش نهێنی تایبەت بەخۆی هەیە، مەحاڵییەکان بەپێشخۆمانەوە کەوی دەکەین، دەچینەوە باغی سێوان، ناااالچینەوە لەزەوی، دەکەین بەگۆرانی !

# گۆڕ

## "با وەك گەڵا یا نازانم بڵێم وەك چ دەمان با"

وڵات وەك شەو

یا نازانم بڵێم وەك گۆڕ یا وەك چ تاریکە !

با وەك گەڵا یا نازانم بڵێم وەك چ دەمان با بەدوای خۆیدا !

با بەیەکەوە، چاوەڕوانی ڕژانی ڕۆشنایی، تەماشای داکردنی

باران بکەین، تاااازە دڵدانەوەی بۆ نیە

ئەو دڵەی من !

حاڵم هیچ باش نیە،

خودا خۆشی ناکاتەوە ! کێ باشی بکات هیچ دیار نیە !

بۆ هەناسە، پێویستمان بەهەوای کەس نیە ! بۆ پیاسە،

کەسمان گەرەك نیە !

# باك

## "درەخت و گەڵاو گوڵ و بەفرو باران، با بردنی"

خۆت ئاسمان و
خۆت باران و خۆت بەیان و هەر خۆیشت خۆرنشین بویت تۆ!
چەترو پەنجەرەو ماچ، درەخت و گەڵاو گوڵ، بەفرو باران، با
بردی نەمای تۆ!

○

هەن بەگرینگی نازانن،
رۆناكی هەبێ یان نەبێ لەڕوانیندا! باكیان بەئاوڕدانەوەی
باران نیە لەدەمی باریندا، گوێ بەوە نادەن، لەدەرەوەی
خۆیان دنیا چ باسە!

# گۆڕکێ

## "ئەوەی خۆی لەباران پەنا بدا ، دەوەرێ، با دەیبا"

ڕۆژی جارێك

بەبارانەوە دەیگرن!

لەبەر باااا نا، لەبەر

جێ گۆڕکێ!

○

هەرچی بەدەنگی

باران خەتم کرا، بوژایەوە !

هەرچی لەڕەنگی باران کەوت، هەستایەوە !

ئەوەی هەڵوەری بابردی! !

بژی باران برمێ با !

خودی باران،

بە "با" وە جوانتر دادەکات،

باشتر دەتوانیٚ ناز بکات، بژی با،

نەڕمیٚ داکردن، بڕووووخیٚ

هەڵاڵڵاڵڵاٚ!

○

ئەوەی خۆی

لەباران پەنا بدات دەوەریٚ، با دەیبات!

شێرەی باگریتان بگرنەوە، لەبەر باراان

نا، لەبەربا!

○

مەرج نیە،

ئەوەی لەئاسمانەکانەوە دابکات،

وەك باران تەڕبێت، باا نەیباو با

گۆڕکیٚ بکا!

# شەوگار

## "تۆ، هەموو شتێك ڕۆشن دەكەی"

تۆ لەبەر من،

ڕۆژی سەد جار دەبی بەئاسمان! من لەبەر تۆ، وەك هەمیشە باران!

تۆ لەبەر من، چوار وەرزەی ساڵ دەبیت بەگوڵ، من لەبەر تۆ، وەك هەمیشە

گوڵدان! خەم لەغیابی مانگ و هەتاو نا خۆم! تۆۆۆۆ هەموو شتێك

ڕۆشن دەكەی!

○

شەوگارێكی درێژو ڕۆژگارێكی تاریك، تاڵ!

ئاسمانێكی تەنگەبەرو زەوییەكی بەتاڵ چەرخێكی قەرەباڵغ و دەورانی چۆڵ!

نادیارێكی دیارو دیارێكی وێڵ تۆ لەكوێی!

# دەنگدێ

## "دەنگی گڕ، دەنگی لورە لوری گورگەکان"

دەنگ دێ!

دەنگی لەرزۆك و نەزۆکی ئاسمانەکان!

دەنگی بۆڵە بۆڵی هەورە درۆزنەکان دێ!

دەنگی خەزان، دەنگی هەڵوەرین، دەنگی کشانی گەڵاکان!

دەنگی شکانی دەنگەکان، دەنگی خاڵیبوونەوەی باڵۆنەکان!

دەنگی با بردەو با کردەکان، دەنگی غەوغای جەنگەڵەکان!

دەنگی گڕڕ، دەنگی لورە لوری گورگان!

دەنگی هەراو نوزانەوەی پشیلەکان!

دەنگ دێ!

# هاوڕێ

## "پێکی شین، پێکی تەماشا، پێکی بەر لەڕژانی تاریکی"

سەرما بردنی و نەیدانەوە ! !

دەریا قوتیدان و نەیگەڕاندینەوە، کەس لەتاوان و بێتاوانیمانی نەپرسینەوە !

پرسیار لەبێوڵامیدا خنکان، گومان لەبێگومانیدا سوتان، ئەم هەموو هاوارە

نەیگەیاندینەوە بەهیچ ئەم هەموو بێدەنگییە بوون بەشتێکی چەند بێغەوش

لەخۆبەدەستەوەدان هاوڕێ!

○

قوڵپی دڵێك لەگریان، ڕژانی پێکێك لەپێکەنین،

پریشکی لوێچێك لەڕۆشنایی سەدای مەشتێك لەڕاستگۆیی چناکات نا هاوڕێ!

ئێمە لەبیرمانکرد بژین، ژیان ئێمەی لەبیرکرد !

○

پاکبوونەوە لەگوناهـ، لەسزادان و بێبەهاکردنی جەستەدا نیە هاوڕێ،

ئازادکردنی جەستەیە ! ژیان ئیتر پیری کردین، ئیدی لەبیری کردین !

سبەی ئێوارە،

نیو گڵاس شەرابی شین، بەنیو دنك لەمەزەی گێلاس!

نیو بتڵ ئاو لەوێستگەی دەربەند، لەسەر نیو سفرە ڕیز دەکەین هاوڕێ!

بەنیو خەیاڵ، بیر لەنیو پاشەکەوت، فەلسەفەی نیوە

ڕێ دەکەینەوە!

○

ناونیشانێك

هەر دەبێ بپووکێننەوە، تا بێناوێك شکۆفە بکا،

سەدایەك هەر دەبێ بخنکێنن تا نەشازێك ببێ

بەجێگرەوە!

○

ئەوەی

لەژیان بترسێت، لەمردنیش دەترسێت هاوڕێ،

وەك خۆم نە دەزانم ژیان چیەو نە لەمردنیش

دەترسێم!

پێکی شین !

پێکی تەماشا، پێکی بەر لەشکانی شوشەی تەنهایی، پێکی دەی کۆتا پێکی بەر لەڕژانی تاریکی نۆشبکە هاوڕێ، خودا باشیبکات!

○

شین دەبارێ!

ئەوەی ڕێژنە دەکات بێتامییە،

ئەوەی دەکەوێ سور دیاااارە

ناچارییە !!

○

ببینە هاوڕێ!

ئەها زیرەیان لەسێبەری خۆشیاااااان چووە ئەم سەگەلە پیرە ! بیرەیەکی ترم بەرێ، جگەرەیەك داگیرسێنە !

# باوەش

## "پێش ئەوەی بگەی، خۆر هەڵات، مانگ لەم ناوە نەما"

بەیانی

باشت بۆۆۆۆ چییە؟!

ناچار نیت ئەوەندە ناچارم بکەیت،

هەبوونمان هەموو بەیانییەك باش و

هەموو ڕۆژێك خۆش

دەكات!

○

بۆچی هەرکاتێ دەتبینم

دەستەکانت دەهێنی و باوەشم پێدادەکەی! بیرتکردوم یان

دەتەوێ داگیرم بکەی!

هێندە بەدوای بندێڕی تێکستەکانمەوە مەبە !

چۆلەکەکانیش ئەوەندەی دی ماندو مەکە ! جوانترین دەق

چاوەکانتن، کەسیش نیە لەم نهێنییە تێباگا !

○

دەست بەدەق درێژی

کەزییەکانتەوە بگرە ! شێت بووم ئەوەندەی بەدیاریانەوە

بنووسم و بدڕێنم ! !

○

سێوەکانت تامی هەلاوێژەو بۆنی مێرگان ئەدەن !

نا نەخێر، نەنەتامی ئەمیان و نەبۆنی ئەویان، وەك ئەوەی بۆرخیس دەڵێت:

تام و بۆ، بەیەککگەیشتنی هەردوکیانە لەدەمدا ! !

○

پێش ئەوەی بگەی،

خۆر، هەڵات، مانگ

لەم ناوە نەماااااا !

# ون

## "بە پارێزەوە دەست ەەقوڕگ و گیرفانی یەكتردا دەكەین "

شەوێك هەر نەڕژا،

كەرێك نەزەڕیٚ و گویٚ لەقەی تیادا نەكا، سەگێك نەوەڕیٚ

تیایدا، گویٚ لەهەردوكیان بگرە كاتێك دەزەڕن، دەوەڕن،

لەبیركردنەوەیان نا !

○

ڕۆژێك هەر نەهاتە دی

سنەوبەرێك سنەوبەرێكی دی نەشكێنێت،

خەیاڵێك خەیاڵێكی دی ون نەكات تیایدا،

بەنەرمی پێدا بنیٚ!

○

هەر وەرزەو دەرگەیەك دەكرێتەوە، هەر جارەو زیاتر یەكتری

ون دەكەین، هەر ساڵەو پەنجەرەیەك دادەخریٚ هەر ساتەو بەپارێزەوە

زۆر تر دەست بەقوڕگ و گیرفانەكانی یەكتریدا دەكەین!!

# بەیانی

## "شپرزە وەك ئەو چۆلەكە تەڕەی بەدوای پەڕوباڵدا دەگەڕێت"

نازانم لەگەڵ بێدەنگی هەڵبكەم!

هەر بۆیەش ناتوانم بەبێدەنگی و لەبێنگیدا خۆشمبوێیت!

خۆشەویستیت دەمهێنێتەوە سەر زمان، دەمباتەوە بەر قسان،

زمان وەك ئاو ڕون، وەك باران پێپەتی، قسە وەك كۆترە

سپییە قەرار ژەنەكان، بەگمە!

○

ئەی بێقەرار، ئەی بێئۆقرە تر لەڕوبار!!

بێهەداتر لەبا، شپرزە وەك ئەو چۆلەكە تەڕەی بەدوای پەڕوباڵدا دەگەڕێ!

چی بڵێم گەنج وەك بەیانی بەسەبەتەیەك موعاناتەوە، پیر وەك چیا بەدنیایەك

خۆڕاگرییەوە، تەمەن هەورەو تێدەپەڕێ!

وەرە ئەم جەنگە بگوازینەوە ناو حەقیقەت،

دەی باااا، دەنگ بداتەوە لەواقیعدا، وەرە وەك ئەو عەترەی نایەوێ بەندی

ناو ئومێدو نائومێدو ئەوین بێ، با پێکی دڵمان بدەین لەیەك تااااا بچکێتەوە

لەڕومان، تا بشنێتەوە لەپێشمان، بەیانی!!

○

دڵتەنگم ڕێك وەك ئەو نیشتمانەی

ڕۆشنایی تیادا نەماوەو دەبێت باری ئەو هەموو تاریکییەش

هەڵبگرێ گوناهی ئەویش نییە!

○

هەموو منت بەتاڵان برد!

وەك ئاو، وەك با، وەك زەمانە، ئاوڕت لەهیچم نەدایەوە!

وەختە شێت بم، گوناهم چییە، نەڵێی کوڕە دەی هەر وایە،

جەوهەرەکەی هەر تێپەڕو هەر شێت بونە ئەم سەمایە!

لەم دنیایە بێ سەفایە!!

# ئایدیای منداڵی

## "باران تەڕ ترو بەفر سپیترە"

هەورەکان شکۆمەند ترو

دورییەکان نزیکتر دەبینێت، منداڵی!

ئایدیای جیا کردنەوەی ڕەنگەکان و ڕوانگەی ڕەنگاو ڕەنگتر بینینی

ڕەنگەکانە منداڵی، هزری هەڵزنان سادە ترە بەڵای سەختەوەری چیاکاندا،

ئاوەزی قوڵتر تەماشای نشێوەکان و هەرێزی بەرزتر ڕاونینە لەنزماییەکان!

نازانیٚ بۆ، بەڵام شتەکان لەچاویدا جوانتر دەنوێنن، کۆڵانەکان کراوە

ڕوناك ترو شەقامەکان نیان ترن، شار

گەورەتر دەبینیٚ منداڵی!

نافامێت! نە مەرگ دەناسێت، نە ژیان!!

نەبا دەجۆێتەوەو نەقوتیان ئەدا تفتیەکان، نەکۆن ئیملا دەکاو نەلەئەزبەری

تازە دەبێتەوە، ئێستا دەخوێنیٚ و بەیانی دەخوێنێتەوە ئێستا دەنووسیٚ و

سبەی دەنووسێتەوە، ئێستا دەبینیٚ و نوێتر دەبینێتەوە، ئایدیای منداڵی

ئایدیای شتە تازەکانە، نابیٚ بەڕا بردوو!

دنیا لەسەر بڕگەی "گا"و

گاال چۆن لەماسییەکە گیریکردوە قاچی، بچوکی کێشەی گەورە بوونە!

منداڵی گوێ نەدانە بەخولانەوەی زمان، بەخۆ دوبارە کردنەوەی زەمەن!

تێنەگەیشتنە لەدەرگەو پەنجەرە، ئاوڕدانەوەی ئاوە، پێکەنینە پشیلەو

مشکێنەی رۆژو شەو، یاریکردنە بەدارو بەرد، بەئاگرو ئافات، پرسیارە

لەتاری، گەڕانە لەڕوناهی!

دایکە! مامۆستااااکانم

بۆچی هەر بەناوی باوکمەوە ناوم دەخوێننەوە؟!

باوکە! بۆ من کچم و براکەم کوڕە؟! دەی خۆ جلەکان قسە ناکەن

بۆ ئەوەیان تۆ دەیکەیتە بەرو ئەمەیان دایکم؟!

پاڵەوان بۆ هەر تۆی؟!

لەئایدیای منداڵیدا،

باران تەڕ ترو بەفر سپیترە !

باڵای درەختەکان بڵێندترو عەموودەکانیش هەروەتر!

لوتکەی چیاکان لەئاسمان و سەقفەکانیش هەروەتر! !

باڵندەکان دۆست و بۆقەکان بەم هەموو قیڕەی زاااار

قەرەباڵغییەیانەوە قسە

خۆش ترێکن! !

گــــــەورەیی،

ناشتایە ! لەباشترین دۆخدا گەوهەری منداڵییەکە ونبووو!

کەشتییەکە کەنار گرتوو، خەبەربوونەوەیەکی درەنگ وەختە !

ئاوابوونی بەرەبەیانێکە ناشاد، هیچ ناهێڵێتەوە نا ساڵیش

دەکا بەسات!